# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18 – 28ی بەفرانبار 2715 (750) دینار


جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

## با بەتەنیا یوسف محەممەد باجەکە نەدات

**رووداو– هەولێر**

وەک رێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی پەرلەمانی کوردستان تێیکەوتووە کە زیاتر لە سێ مانگە هیچ کۆبوونەوەیەکی تێدا نەکراوە، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکات "سەرۆکی پەرلەمان بە تەنیا باجەکە نەدات، بەڵکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان باجەکە بدەن"، گوتیشی "ئێمە حازرین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا بکرێ".

جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "بڕیاری کۆتایی پارتی ئەوەیە یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمان دەست لەکارکێشانەوەکەی بنووسێ و پێش خۆی رەوانەی هەولێری بکات".

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشتر لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاندبوو "هەوڵ دەدەین لەگەڵ یەکێتی بگەینە رێککەوتن بۆ لادانی یوسف محەممەد و دانانی سەرۆکێکی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە ناکرێ پەرلەمان هەروا بڕوات".

4 »

عەلی باپیر، بۆ (رووداو):

پارتی پێیگوتین با فەخرەددین قادریش نەگەڕێتەوە هەولێر

5

ساڵی رابردوو دوو هەزار ئافرەت لە کوردستان سووتاون

14




عادل باخەوان

ئیسلامیەکانی کوردستان دیموکراتخوازن؟

23

لە کۆبوونەوە 10 کاژێرییەکەی حکومەتدا بڕیاری لێدراوە

# مووچەی فەرمانبەران بەگوێرەی داهاتی نەوت مانگانە دەدرێت



3 »

ئەگەر نرخی نەوت گەیشتە 14 دۆلار کوردستان هەناردەکردنی نەوت رادەگرێ




ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18



### گەشتی عومرە دەستپێدەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەم مانگەدا گەشتی عومرە دەستپێدەکاتەوە، بەڵام گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەمساڵ وەکو ساڵی ڕابردوو نابێت و ڕەنگە گەشتی عەمرە بە ڕێژەی 60% کەمبکاتەوە، ئەگەر ساڵی ڕابردوو 30 هەزار کەس چووبن، باوەڕ ناکەم ئەمساڵ بگاتە 10 هەزار"، بەبۆچوونی نەقشبەندی هەرچەندە تائێستا نرخی گەشتەکەش جێگیر نەکراوە، بەڵام وەکو ئەو گوتی "پێدەچێت ئەمساڵیش وەکو ساڵی ڕابردوو نرخی گەشت بۆ کەسێک 900 دۆلار بێ".

# دوو گەنج شۆفێرێکی تاکسی دەڕفێنن

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

پێشمەرگەیەک کە شۆفێری تاکسیشە، لەلایەن دوو گەنجەوە لەسەر ڕێگای نێوان سێمێل – خانکێ دەدرێتە بەر چەقۆ و نیوەی جەستەی ئیفلیج دەبێت. ئەو گەنجانە داوای 20 هەزار دۆلار لە کەسوکاری ئەو پێشمەرگەیە دەکەن، بەڵام پلانەکەیان سەرناگرێ و هەڵدێن.

ئێوارەی ڕۆژی 2016/1/14 دوو گەنج داوا لە محەممەد موسا دەکەن بیانبات بۆ کەمپی خانکێ، ئەویش دەیانبات، بەڵام دواتر دوو گەنجەکە شۆفێری تاکسییەکە دەڕفێنن.

باوکی محەممەد چیرۆکی ڕفاندنی کوڕەکەی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "دوای نوێژی خەوتنان کوڕەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی باوکە دوو گەنج منیان ڕفاندووە و داوای 20 هەزار دۆلار دەکەن، دەبێ هەر ئەمشەو پارەکەیان بۆ ئامادە بکەی و بیهێنیتە ئەو شوێنەی ئەوان داوای دەکەن، منیش گوتم بەسەرچاو بۆیان دەهێنم".

هەر دوای تەلەفۆنەکەی محەممەد، موسا دەچێتە بنکەی ئاسایشی گەڕەکەکەیان لە گەڕەکی سەرهلدان لە ڕۆژهەڵاتی سەنتەری شاری دهۆک و ئاسایش زانیارییەکانی لێ وەردەگرن.

موسا گوتی "کە لە ئاسایش بووم، محەممەد دووبارە تەلەفۆنی کردەوە و گوتی پارەکە زوو پەیدا بکە وەزعم زۆر باش نییە، منیش پێمگوت ئەوە پارەکەم ئامادە کردووە و ئێستا بۆت دێنم".

هەر لە ئاسایش پلان دادەنرێ کە چۆن بچنە شوێنی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی محەممەد ڕزگار بکەن. مووسا دەڵێت "ئەو شوێنەی ڕفێنەرەکان بۆیان دیاری کردبووین چووین بۆ ئەوێ، تاکسییەکەی محەممەدمان بینی، بەڵام ژمارەیەک کارمەندی ئاسایشیش لەوێ بوون، لە یەکێکیانم پرسی ئێوە چی دەکەن لێرە؟ گوتیان: هەستمان کرد ئەو تاکسییە کێشەیەکی هەیە، بۆیە هاتینە ئێرە، بەڵام کە هاتین کەسێک دەستڕێژی گوللەی لێکردین و گوتی بێنە پێشەوە خۆم دەکوژم، دواتر هەڵات".

باوکی محەممەد گلەیی لە ئاسایشی ناوچەکە هەیە و دەڵێت "پلانەکەی ئێمەیان تێکدا، ئێمە ویستمان بە هاوکاریی ئاسایش کوڕەکەمان بە سەلامەتی بگەڕێنینەوە و هەردوو گەنجەکەش دەستگیر بکەین، بەڵام نازانم بۆچی ئاسایشی ئەوێ پێش ئێمە چووبوونە شوێنەکە".

بەڵام سەرچاوەیەک لە ئاسایشی سێمێل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، مەفرەزەیەکی ئاسایش تەکسییەکەی بینیوە و ڕایانگرتووە، بزانن چییە، تەقە کراوە و زۆر شتی دیکەش هەن، بەڵام جارێ لەبەر ئەوەی بابەتەکە لەژێر لێکوڵینەوەدایە هیچ قسەیەک ناکەین".

باوکی محەممەد دەڵێت "کوڕەکەم پێشمەرگەیە، ڕۆژێک بوو لە دەوام هاتبووەوە، کلاشینکۆفەکەشی لە نێو سندووقی ئۆتۆمبێلەکەیدا بوو".

گلەییەکی دیکەی باوکی محەممەد لە ئاسایش ئەوەیە کە کوڕەکەیان نەدۆزیوەتەوە و یەکسەر گەڕاونەتەوە بارەگاکانیان، بەبیانووی ئەوەی فەرمانیان پێکراوە بگەڕێنەوە.

دوای ماوەیەک گەڕان، باوکی محەممەد بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو شەوە خەو ناچێتە چاوی و بەیانی زوو دەچێتەوە شوێنی ڕووداوەکە.


باوکی محەممەد گوتی "دەستمان بە گەڕان کرد، دوو قەوانی فیشەکمان دۆزییەوە، دواتر کەمێک ڕۆیشتین نزیکەی دوو سەعات گەڕاین، لەناکاو گوێم لە دەنگێک بوو هاواری دەکرد باوکە فریام بکەوە. بینیم کوڕەکەم لە نێو چاڵێکدایە

دەست و پێی بە وایەری کارەبا بەستراوەتەوە و هەموو جەستەی خوێنە".

بە گوتەی باوکی محەممەد، شوێنی 14 چەقۆ بەسەر جەستەی کوڕەکەیەوە بووە و گوتی "هەندێک لە چەقۆکان بەر سەر و بڕبڕەی پشتی کەوتوون و بەو هۆیەوە نیوەی جەستەی ئیفلیج بووە".

هەرچەندە باوکی محەممەد سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام دەڵێت "بەڕاستی نەدەبووایە ئێمەیان ئەوها بەجێهێشتبا، کوڕەکەم 14 کاژێر لەبەر سەرما و باران مایەوە، کەچی بە ئێمەیان گوت ئەوە فیلمە".

سەرچاوەکەی ئاسایشی سێمێل دەڵێت "لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە، ڕووداوەکە تەمومژاوییە و هێشتا هیچ شتێک لەبارەی تاوانبارەکانەوە ئاشکرا نەبووە".



14 چەقۆیان لێداوە و نیوەی جەستەی ئیفلیج بووە

# خێزانی ئەو پۆلیسەی پارێزگای هەولێری پاراست خێری پێدەکەن



**ئیڤان عەبدولڕەحمان**
**ڕووداو- هەولێر**

خێزانی ئەو شەهیدەی بووە بەربەرستێک لەوەی خۆکوژێک خۆی بگەیەنێتە نێو باڵەخانەی پارێزگای هەولێر گلەیی لە ڕەوشی ژیانیان هەیە و دەڵێت چەندین بەڵێنیان پێدراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراون.

ڕۆژی 2014/11/19 خۆکوژێک کە دەیویست ئۆتۆمبێلەکەی بگەیەنێتە نێو باڵەخانەی پارێزگای هەولێر و بیتەقێنێتەوە لەلایەن پاسەوانێکی پارێزگا بەنێوی کاوە فەیسەل ڕێگری لێکرا و هەر لەبەردەم پرسگەی دەرەوەی پارێزگا خۆی تەقاندەوە بەو هۆیەوە کاوە و پێنج کەسی دیکە شەهید بوون و 28 کەسیش برینداربوون. کاوە کە ئەوکات بە سەختی بریندار بوو، دوای سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

کاوە ئەوکات وەکو پاڵەوانێک لە ڕاگەیاندنەکان نیشاندرا، بەڵام خێزانەکەی دەڵێت ئێستا جگە لە خۆیان لە بیری کەسدا نەماوە.

کوردستان کە خێزانی شەهید کاوەیە باسی گوزەرانی خۆیان دوای شەهیدبوونی مێردەکەی دەکات و دەڵێت "پێش شەهیدبوونی کاوە سەرچاوەی داهاتمان تەنیا مووچەی کاوە بوو، بەڵام دوای شەهیدبوونی کاوە هەموو شتێک گۆڕا، ئێستا بێکەسین و کەس نییە هاوکاریمان بکات، چاومان لە خێری خێرخوازانە. کچەکانم ناتوانن کار بکەن، کوڕەکەشم تەمەنی 12 ساڵانە و نەخۆشی درێژخایەنی هەیە".

کاوە خاوەنی هەشت کچ و یەک کوڕە، ئێستا سێ کچ و کوڕەکەی و خێزانەکەی و دایکی شەهید کاوە بەیەکەوە دەژین. دایکی شەهید کاوە لە بازاری پیرەژنان لە تەیراوا لەشاری هەولێر کەلوپەلی کۆنە دەفرۆشێ.

دایکی شەهید کاوە دەڵێ "لەبەر خاتری منداڵەکان و ژنەکەی کاوە ئیش دەکەن، ڕۆژانە پێنج هەزار دینارێکم دەست دەکەوێت، هەر چۆنێک بێت بەشی ژەمێک خواردنیان دەکات".

خێزانی شەهید کاوە دەڵێت دوای شەهید بوونی کاوە، چەندین لایەن و بەرپرس بەڵێنیان پێداون هاوکاریان بکەن، بەڵام ساڵێک پتر بەسەر شەهیدبوونی کاوەدا تێپەڕیوە، هیچ بەڵێنێکیان بۆ جێبەجێ نەکردووە.

کوردستان دەڵێت "ئێمە کرێچین، مووچەی خانەنشینی شەهید کاوە تەنیا 500 هەزار دینارە، ئەویش بە چەند مانگێک وەری دەگرین، بەشمان ناکات، خزم و کەس و خێرخواز هەندێکجار خێرم پێدەکەن و کرێی خانووەکەم بۆ دەدەن". گوتیشی "دوای شەهیدبوونی کاوە، پارێزگاری هەولێر بڕیاری دا خانووی کۆرییەکانمان بداتێ، بەڵام تاوەکو ئێستا دیار نییە دەماندەنێ یان نا، پارێزگار تەنیا یەکجار سەردانی کردووین، بەڵام هیچ هاوکاری نەکردووین".

دوو منداڵی کاوە قوتابین، دایکیان ترسی ئەوەی هەیە لەبەر هەژاری ئەوانیش لەقوتابخانە بێنێتەدەر. کوردستان دەڵێت "منداڵەکان گەورە بوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێداویستیان زیاتر دەبێت، بەڵام من بەم وەزعەوە ناتوانم پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەم، بۆیە ڕەنگە ناچاربم لە قوتابخانە دەریانبهێنم".

ئەوەی زیاتر باری ئەو خێزانەی قورس کردووە، کوڕە نەخۆشەکەی شەهید کاوەیە. کوردستان دەڵێت "هەتا باوکی لە زیندبوو، ئەگەر قەرزیشی بکردبا هەموو شتێکی بۆ دەکرد و نەیدەهێشت لە هیچی کەم بێت، بەڵام ئێستا من ناتوانم وەکوو باوکی بم، بەتایبەتی ئەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نەخۆشییەکەی خراپتر دەبێت".

خێزانی شەهید کاوە لە خانوویەکی سەد مەتری دەژین کە بۆ سێ مانگ دەچێت کرێیەکەیان نەداوە، ئێستا تەنیا داواکاری ئەو خێزانە دابینکردنی شوێنێکە بۆ ئەوەی لە کرێچێتی ڕزگاریان بێت.

## پێوەریان بۆ دادەنرێ

# 10 هەزار شوێن لە سلێمانی بە زێدەڕۆیی کارەبایان ڕاکێشاوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بڕیاری کۆتایی دەدات لە بارەی چارەنووسی ئەو کەسانەی کارەبایان بەشێوەی زێدەڕۆیی بۆ خانوو یان باخەکانیان ڕاکێشاوە کە ژمارەیان بە 10 هەزار باخ و خانوو مەزەندە دەکرێ.

وا بڕیارە سبەی سێشەممە 2016/1/18 ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی خۆیدا دەنگ لەسەر ئەو پێشنیارە بدات کە لەلایەن لیژنەی پیشەسازی و وزەی ئەنجوومەنەوە پێشکەش کراوە بۆ چاکسازیکردن لە هێڵ و وێستگەکانی کارەبا و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ماڵانەشی کە ساڵانی ڕابردوو بەشێوەی زێدەڕۆیی کارەبایان ڕاکێشاوە.

مەهدی مەحموود، سکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەی سبەینێدا دەنگ لەسەر ئەو پێشنیازەی لیژنەی پیشەسازی دەدرێت و پاڵپشت بەو بڕیارانەی وەزیری پێشتری کارەباش کۆمەڵێک ڕێنمایی ئامادە کراون و گوتی "لەبەرئەوەی خانوو یاخود باخ لەو شوێنانە دروستکراون و کارەباشیان بردووە، باشتر وایە پێوەریان بۆ دابنرێت و داهاتیش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر بەپێی ڕێنماییەکانمان لەمەودوا هەر کەسێکی دیکە بەزێدەڕۆیی کارەبا ڕابکێشێت سزا دەدرێت".

پێشتریش یاسین ئەبوبەکر ماوەتی، وەزیری پێشووی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 14400 لە 2013/10/9 کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ناردووە و تایبەت بووە بە پێدانی هاوبەشی کارەبا، داوای کردووە هاوبەشی بۆ ئەو کەسانە بکرێتەوە کە بەشێوەی زێدەڕۆ کارەبایان ڕاکێشاوە.

لەو نووسراوەدا کە وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، هاتووە "سەبارەت بە پێدانی کارەبا بەو هاوبەشانەی کە مۆڵەتی دروستکردنی خانوویان نییە یان ئەوانەی بەشێوەی زێدەڕۆ دروستکراون، لە کاتی خۆی وەزارەت ڕەزامەندیی نیشانداوە بە مەرج کارەبایان پێبدات و هاوبەشیان بۆ بکاتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە وەک ڕاستییەک بوونی هەیە و بەلەبەرچاوگرتنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، خەڵکێکی زۆر لە کاتێکدا خانوویان دروستکردووە کە باری هەرێم جێگیر نەبووە".

لە درێژەی نووسراوەکەی وەزیردا هاتووە "بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە پارەی کارەبا بدەن و بەفیڕۆ نەچێ، باشتر وایە هاوبەشیان هەبێت، چونکە بەشی زۆری ئەو زێدەڕۆییانە لە شارۆچکەکان بووە و بەگشتیش خەڵک کارەبای پێویست دەبێت و دابینیشی دەکات و دەبێتە هۆی تێکدانی تۆڕەکان و تێکچوونی کارەبای ناوچەکانی نزیک بەم شوێنانە".

هەرچەندە هیچ ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە سەبارەت بەو کەسانەی بە زێدەڕۆیی کارەبایان ڕاکێشاوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، بەڵام غالیب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گوتی "پێدەچێت زیاتر لە 10 هەزار شوێن بەو شێوەیە کارەبایان ڕاکێشابێت، بەڵام لە سلێمانی 100 هەزار هاوبەشمان لە هەولێر و دهۆک زیاترن، کەواتە لە زێدەڕۆیی کارەبادا ئێمە لە ئەوان کەمترین".

بەرپرسانی کارەباش لە شاری سلێمانی پێشتر بە نووسراوی فەرمی داوایان کردووە ئەو کەسانەی بەو شێوەیە کارەبایان ڕاکێشاوە پێوەریان بۆ دابنرێ. هیوا شێخ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای سلێمانی پشتگیری خۆی بۆ ئەو بڕیارە نیشاندا و گوتی "پێشتریش بە نووسراو داوامان کردووە ئەو ماڵ و باخانەی بەزێدەڕۆیی کارەبایان ڕاکێشاوە پێوەریان بۆ دابنرێت، چونکە تازە ئەو شوێنانە بوونەتە ئەمری واقیع و تێکنادرێن و خاوەنەکانیشیان ئامادەن پێوەریان بۆ دابنرێت".



ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18


## ئاشتی هەورامی دەبێتە وەزیری کارەبا

**ڕووداو– هەولێر**

به بڕیاری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئاشتی هەورامی، به وەکالەت کرایە وەزیری کارەبا، تاوەکو ئێستاش دیارنییە وەزیری پێشووی کارەبا پۆستی دیکە لە حکومەت وەردەگرێت یان نا. قەهار حاجی مستەفا، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی کارەبا به (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "به فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیری سامانە سرووشتییەکان به وەکالەت بووەتە وەزیری کارەبا".

بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی کارەبا گوتیشی "ڕۆژی 2016/1/14 فەرمانەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، بەڵام ڕۆژی 2016/1/17 بەدەستی وەزارەتی کارەبا گەیشتووە".



### لە کۆبوونەوە 10 کاژێرییەکەی حکومەتدا چ بڕیارێک درا؟

# مووچەی فەرمانبەران بەگوێرەی داهاتی نەوت مانگانە دەدرێت

**کارەبای ماڵان دەبێتە کارت**

**ئەگەر نرخی نەوت گەیشتە 14 دۆلار هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی نەوت ڕادەگرێ**


هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو– هەولێر


کۆبوونەوە 10 کاژێرییەکەی لێژنەی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستان لەسەر قەیرانی دارایی کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، بەو ئەنجامە گەیشت کە حکومەت مانگانە مووچەی فەرمانبەران بدات. بەشداربوویەکی کۆبوونەوەکەش دەڵێت "ئەمە بڕیارێکی حەتمییە و جێبەجێ دەکرێ".

ڕۆژی 2016/1/16 درێژترین کۆبوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر قەیرانی دارایی بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکەش بۆ چۆنیەتی زیادکردنی داهات و دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران بوو.

### مووچە دەبێتەوە بە مانگانە

هەر زوو دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی دەکرد، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، دۆخی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە "سەخت" ناوبرد و ڕایگەیاند "هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە لەم دۆخە سەختەدا هەموو توانایەکمان دەخەینەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئابوورییەکی سەقامگیر".

قوباد تاڵەبانی، فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کە ژمارەیان زیاتر لە 700 هەزار کەس دەبێ، دڵنیا کردەوە و گوتی "شەو و ڕۆژ کار دەکەین تاوەکو لەم دۆخەی کە نرخی نەوت لە بازاڕی جیهان بەردەوام دادەبەزێت، بتوانین مووچەکانیان دابین بکەین".

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2015 چوار مووچەی فەرمانبەران و سێ مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش قەرزدارە کە نزیکەی سێ ملیار دۆلار دەبێ.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لەنێو کۆبوونەوەکەی لێژنەی باڵای ئابووری چەند بڕیارێک دراون بۆ ئەوەی چۆن مووچەی مانگانەی فەرمانبەران دابین بکرێ.

ئەندامێکی لێژنەی باڵای ئابووری کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردووە، به (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گفتوگۆ لەسەر ئەوە کراوە کە چۆن مانگانە مووچەی فەرمانبەران بدرێ و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێگەچارە دۆزرایەوە".

دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران لەم کاتەدا سەختترین کاری حکومەتە، بەڵام ئەو ئەندامەی لێژنەکە ئاشکرای کرد کە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە کۆبوونەوەکەدا ڕاپۆرتێکی لەسەر فرۆشتنی نەوت و داهاتەکەی پێشکەش کردووە.

هەرێمی کوردستان ئێستا ڕۆژانە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیا 600 هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێ.

نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا گەیشتووەتە 28 دۆلار، بەڵام بەرمیلی نەوتی کوردستان بە نزیکەی 10 دۆلار کەمتر دەفرۆشرێ.

لێژنەی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستان وەک ئەندامەکەی دەڵێت بڕیاری دا بەگوێرەی داهاتی مانگانەی نەوت، حکومەت مووچەی فەرمانبەران دابەش بکات، بەشێوەیەک کە داهاتەکە چەند بێ، ئەوەندە دابەش بکرێ.

ئەو ڕوونیکردەوە کە "10 پلەی مووچەمان هەیە لەگەڵ دوو پلەی تایبەت، پلەی دەیەم مووچە بنەڕەتییەکەی 190 هەزار دینارە، بەڵام بەرزترین مووچەی بنەڕەتی دوو ملیۆن و 200 هەزار دینارە، بۆ ئەمەش چارەسەرێک دۆزراوەتەوە کە ئەوانەی پلە دەیەمن و ئەوانەی مووچەیان کەمە، لەگەڵ بەشێک لە دەرماڵەکەیان بۆ خەرج بکرێ، ئەوانەی مووچەیان بەرزە، تەنیا مووچەی بنەڕەتییان بدرێتێ".

گوتیشی "مەرج نییە مووچەکە هەمووی بدرێ، بەڵام ئەوەی گرنگە هەموو مانگێک بەگوێرەی داهاتی نەوت بێت، ئینجا چەند بەرزتربێ ئەوا باشتر دەبێ بۆ دابەشکردنی مووچە و هەموو فەرمانبەرێک ئیدی بەرچاوی ڕوون دەبێ کە مانگانە مووچەکەی وەردەگرێ".

### کەی فرۆشتنی نەوت ڕادەگیرێ؟

بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەو کۆمپانیایەی نەوتی کوردستان دەفرۆشێ، بۆ هەر بەرمیلێک سێ دۆلار و 75 سەنت وەردەگرێ. هەروەها دۆلارێک و 25 سەنت کرێی گواستنەوەی نەوتەکەیە. نەوتی کوردستان بەراورد بە نەوتی برێنت 5 دۆلار هەرزانترە، ئەویش بەهۆی نزمیی کواڵیتی لەچاو کواڵیتی نەوتی برێنت. بەو پێیە ئێستا بەرمیلێک نەوتی کوردستان بە 17 تاوەکو 18 دۆلار دەفرۆشرێ.

بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان حیسابی دابەزینی زیاتری داهاتی نەوتیشی کردووە. لێژنەی باڵای ئابووریی کوردستان بڕیاری داوە ئەگەر نرخی بەرمیلێکی نەوت گەیشتە 14 دۆلار، ئەوا هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی نەوتی خۆی بۆ دەرەوە ڕابگرێ. چونکە داهاتەکەی بەشی خەرجیی دەرهێنانەکەی ناکات.

### هەوڵەکەی زێباری سەری نەگرت

پێشتر هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی مووچەی پێشمەرگە ڕایگەیاندبوو کە "عەبادی پێیگوتم لایەنێکی کوردی بەمنی گوتووە مووچەی پێشمەرگە تەنیا بۆ لایەنێک دەچێت". گوتیشی "عەبادی بەبیانووی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان پارەی پێشمەرگە نانێرێ".

هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق به (ڕووداو)ی گوت "دەبوایە کاک هۆشیار زێباری ناوی ئەو لایەنەی ئاشکرا کردبا".

گوتیشی "لەسەر ئەوە داوای کۆبوونەوە لەگەڵ حەیدەر عەبادی دەکەین و دەبێ ئەوە ڕوونبکاتەوە کە ئەو لایەنە کێیە".

بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی عێراق پێیوایە مەسەلەی پێدانی مووچەی پێشمەرگە زیاتر بووەتە بابەتێکی سیاسی.

فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "بە یاسا پێدانی مووچەی پێشمەرگە، ئەرکی حکومەتی عێراقە و هیچ پەیوەندی بە مەسەلەی نەوت لە نێوان هەولێر و بەغدا نییە".

فازڵ نەبی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "هۆشیار زێباری هەوڵێکی زۆری دا هەر هیچ نەبێ مووچەی پێشمەرگە لەلایەن عێراقەوە خەرج بکرێ، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون".

### کارەبا دەبێتە کارت

بۆ زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، تاوەکو بتوانرێ مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەران بدات، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ گرنگییەکی زیاتر بە کەرتی کارەبا بدات.

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستاندا باسی ئەوە کراوە کە کۆمپانیایەکی بیانی ئامادەیە بەشێکی ئەو کەرتە بگرێتە ئەستۆ تاوەکو داهاتی حکومەت زیاد ببێ.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی باڵای ئابووری لەوبارەیەوە زانیاری زیاتر دەخاتەڕوو و دەڵێت "ڕاستە بەرهەمهێنانی کارەبا لە دەست کەرتی تایبەتدایە، بەڵام گواستنەوە و ژێرخانی کارەبا و وەرگرتنی داهاتی کارەبا لە دەست حکومەتدایە، کەچی وەرگرتنی داهاتی کارەبا بە باشی بەڕێوەناچێ". گوتیشی "ئێستا کۆمپانیایەک هاتووەتە پێش و پلانی خۆی ئاشکرا کردووە کە لە ماوەی شەش مانگدا کارەکانی تەواو دەکات، بەشێوەیەک هەرچی هاوبەشی کارەبا هەیە لە هەرێمی کوردستان دەبەسترێتەوە بە ناوەندێک کە بەرپرسە لە دابەشکردنی کارەبا و دابەشکردنەکەش وەکو کارتی تەلەفۆنی لێدێت، بەپێی ئەو بڕەی کارەبا خەرج دەکەی پارەت لێ وەردەگیرێ، کۆمپانیاکە ئیدی ناهێڵێ یەک دیناری کارەبا لەلای خەڵک بمێنێتەوە".

بڕیارە لەسەر مەسەلەی چاکسازی و دەرکردنی هەندێ بڕیاری نوێ، ڕۆژی سێشەممە 2016/1/19 ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی کۆببێتەوە.

لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و نەبوونی مووچە و قەیرانی دارایی، بەڵام هێشتا بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی نرخەوە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە ڕۆژی پێنج شەممەی داهاتوو 2016/1/21 سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگارەکان و قایمقامەکان و لێژنەی چاودێریی بازاڕ کۆببێتەوە بۆ ئەوەی نرخی بازاڕەکان ڕێکبخرێ و هیچ بازرگانێک بە کەیفی خۆی نرخ لەسەر شتومەک دانەنێ.



ئەوانەی مووچەیان بەرزە حکومەت تەنیا مووچەی بنەڕەتیان دەداتێ

(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

**پەرلەمانتارێکی کورد لەبەغدا:**

# عێراق ئەمساڵ بەبێ کێشە مووچەی فەرمانبەرانی دەدات


ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو– هەولێر


ئەندامێکی لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، ئەمساڵ بەغدا گرفتی لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران نابێت، چونکە جگە لە داهاتی نەوت سەرچاوەی دیکەشی هەیە پشتی پێ ببەستێ بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران.

بودجەی گشتیی عێراق کە پێش سەری ساڵ لە پەرلەمان پەسەند کرا، بڕەکەی بە 105 تریلیۆن و 895 ملیۆن دینار خەمڵێنراوە، پشکی کورد لەو بودجەیە بە 13 تریلیۆن و 76 ملیار دینار خەمڵێنراوە، بە مەرجێک هەرێمی کوردستان پابەند بێت بەهەناردەکردنی بڕی 550 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "عێراق بۆ دابینکردنی زیاتر لە 90%ی بودجەکەی پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێ، ئەو بودجەیەش لەسەر بنەمای فرۆشتنی بەرمیلێک نەوت بە 45 دۆلار دانراوە، داهاتەکەشی بە 83 تریلیۆن دینار خەمڵێنراوە و داهاتی مانگانەی گومرگەکانیش بە 3 بۆ 5 تریلیۆن دینار خەمڵێنراوە، بەڵام ئێستا بەرمیلێک نەوت بە کەمتر لە 30 دۆلار دەفرۆشێ. ئەمەش جیاوازییەکی زۆر لەسەر داهاتەکە جێدەهێڵێ، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکانی ئێمە حکومەتی عێراق لە ساڵی 2016 بەبێ گرفت دەتوانێ مووچەی فەرمانبەران دابین بکات".

بە گوتەی نەجیبە نەجیب، ساڵی ڕابردوو لە بودجەی عێراق 38 تریلیۆن و 550 ملیار و 630 ملیۆن دینار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە تەرخان کرابوو، بەڵام 32 تریلیۆن و 445 ملیار و 889 ملیۆن دینار دراوەتە فەرمانبەران.

نەجیبە دەڵێت "بۆ ئەمساڵیش 39 تریلیۆن و 146 ملیار دینار تەرخان کراوە، بەهۆی بەردەوامی ئەو ساردییەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، پێشبینی ناکەین بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدات، بۆیە لەوانەیە هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو پێویستی بە نزیکەی 32 تریلیۆن دینار و 500 ملیار دینار بێت".

ئێستا هەناردەی نەوتی عێراق ڕۆژانە بۆ سێ ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل بەرز بووەتەوە. نەجیبە نەجیب دەڵێت "ئەگەر وا دابنێین نرخی نەوت ببێتە 25 دۆلار، عێراق مانگانە بایی دوو ملیار و 400 ملیۆن دۆلار داهاتی نەوت وەردەگرێ، تێکڕای داهاتی ساڵانەشی دەکاتە 28 ملیار و 800 ملیۆن دۆلار، بۆ ئەو بەشەی کە دەمێنێتەوە، عێراق دەتوانێ لە ڕێگەی فرۆشتنی سەنەداتی بانکی، کورتهێنانی مووچەی فەرمانبەرانی پڕ بکاتەوە".

هەروەها گوتی "عێراق سەرچاوەی دیکەشی هەیە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، ئەویش ئەوەیە کە 59 ملیار دۆلار یەدەگ و 90 تۆن زێڕی لە بانکی ناوەندی هەیە، بەڕێگەی قەرزکردن لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و سیاسەتی خستنەڕووی دۆلار بەرامبەر بە دیناری عێراقی لە بانکی ناوەندی، دەتوانێ گرفتە داراییەکانی بەئاسانی چارەسەر بکات، بۆیە دەتوانین بڵێین لەساڵی 2016دا هیچ مەترسییەک لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی عێراق نابێت".

بەڵام پێشتر وشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندبوو ئەگەر نرخی نەوت بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت لە دابەزین، ئەوە عێراق دەتوانێ تەنیا تاوەکو مانگی نیسانی ئەمساڵ مووچەی فەرمانبەرانی بدات.

هەرچەندە بە هەوڵی پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لەیاسای بودجەی عێراقدا پشکی 17% بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراوە، بەڵام نەجیبە نەجیب، پێیوایە بەهۆی ئەو کۆت و بەندانەی لەیاسای بودجە دانراون، هەرێمی کوردستان سەربەخۆیانە نەوت بفرۆشێت باشترە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا.

نەجیبە نەجیب گوتی "ئەو بڕەی دیاری کراوە بڕێکی خەمڵێنراوە، بۆیە لە ئەگەری کەم هەناردەکردن و دابەزینی نرخی نەوت بەشی هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە. لەبڕگەیەکی دیکەی یاسای بودجەدا هەرێمی کوردستان ناچار کراوە کە ئەگەر ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت زیاتریش هەناردە بکات، دەبێت داهاتەکەی بچێتە خەزێنەی گشتیی عێراقەوە. بەپێی ڕاپۆرتی چاودێریی داراییش، هەرێمی کوردستان قەرزداری بەغدایە و دەبێت قەرزەکە بگەڕێنێتەوە، بۆیە بەهۆی ئەو کۆت و بەندانە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ نەوت بفرۆشێت باشترە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا".



رووداو

ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18

وزارة الخارجية
جمهورية العراق

## باڵیۆزەکانی عێراق ساختە دەرچوون

**رووداو- بەغدا**

ئیبراهیم جەعفەری وەزیری عێراق ژمارەیەک باڵیۆز و بەرپرسی نێو باڵیۆزخانەکانی عێراق بەهۆی "بڕوانامەی ساختە"وە لەسەر کارەکانیان لادەدات. موسەننا ئەمین ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "نزیکەی 8 تاوەکو 10 باڵیۆز و بەرپرســی دیکەی نێو باڵیۆزخانەکان بەهۆی ئەوەی بڕوانامەکانیان ساختەیە لە پۆستەکانیان دووردەخرێنەوە کە باڵیۆزی کوردیشی تێدایە، بەڵام نامەوێ ناوەکانیان ئاشکرا بکەم". بە گوتەی موسەننا ئەمین، لادانی ئەو کەسانە پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نییە و دەبێت بدرێنە دادگاش.

# جەعفەر ئیبراهیم داوا دەکات یوسف محەممەد بە تەنیا باجەکە نەدات

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

وەک ڕێگەچارەیـەک بـۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی پەرلەمانی کوردستان تێیکەوتووە کە زیاتر لە سێ مانگە هیچ کۆبوونەوەیەکی تێدا نەکراوە، جێگری سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان کـە پارتییە، ڕایگەیانـد "با بە تەنیـا سـەرۆکی پەرلەمـان باجەکە نەدات، بەڵکـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان باجەکە بدەن"، گوتیشـی "ئێمە حازرین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا بکرێ".

جەعفـەر ئیبراهیـم، جێگـری سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان کـە ئێسـتا ڕۆڵـی سەرۆکی پەرلەمان دەبینێ، باسی گۆڕانکاری لە دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات و پێیوایـە ئـەوەی حیزبەکـەی بەرامبەر بە د.یوسـف محەممـەد، سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کردی "نەرمی نواندن بووە".

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە 2015/10/12 ڕێگـەی لـە د.یوسـف محەممەد، سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان گـرت بگەڕێتـەوە هەولێـر. ئـەوەش دوای سووتاندنی بارەگاکانی لە دەڤەری سلێمانی و کوشـتنی چەنـد کادیرێکی ئـەو حیزبە. بـەڵام هـەرزوو بزووتنەوەی گـۆڕان ئەمەی بە کودەتا بۆ سـەر پەرلەمانی کوردسـتان وەسف کرد.

جەعفـەر ئیبراهیـم، جێگـری سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان بـە (رووداو)ی گوت "بڕیـاری کۆتایـی پارتـی ئەوەیـە یوسـف محەممـەد، سـەرۆکی پەرلەمـان دەسـت لەکارکێشـانەوەکەی بنووسێ و پێش خۆی ڕەوانەی هەولێری بکات".

جەعفـەر ئیبراهیـم باسـی ڕێکارەکانـی لادانـی سـەرۆکی پەرلەمان لە پۆسـتەکەی دەکات و دەڵێـت "دوای پێشکەشـکردنی نامـەی دەسـت لەکارکێشـانەوەکەی و گەیشـتنی بە دەسـتی پارتـی و پەرلەمان، لە یەکەم دانیشـتنی پەرلەمانی کوردستاندا نامەکـەی دەخوێندرێتەوە و دەنگی لەسـەر دەدرێ".

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان زیاتر لە جارێـک ڕایگەیانـدووە کـە چیدی یوسـف محەممـەد بـۆی نییـە وەکـو سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان بگەڕێتەوە هەولێر و دەوام بـکات، تا ئەوکاتەی واز لە پۆسـتی سەرۆکی پەرلەمان دەهێنێ.

جەعفـەر ئیبراهیـم کـە لەهەمانکاتـدا ئەنـدام و گوتەبێـژی مەکتەبـی سیاسـی پارتی دیموکراتی کوردستانە، پێیوایە "ئەو هەڵوێسـتەی پارتی نەرمی نواندنە بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمان و ئەمە چارەسەرێکی واقعیانەیە بۆ کێشەکە".

کێشـەکانی پارتـی لەگـەڵ سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان لە دوای کۆبوونەوەی 2015/8/19 سـەری هەڵـدا کە سـەرەڕای کۆبوونـەوەی پێنـج حیزبەکـە (پارتـی، گـۆڕان، یەکێتـی، یەکگرتـوو و کۆمەڵ) بە ئامادەبوونـی نوێنـەری ئەمریـکا و نەتەوە یەکگرتـووەکان بۆئـەوەی کۆبوونـەوەی ڕۆژی 19ی ئابـی پەرلەمـان بـۆ دوو ڕۆژ دوابخرێ، بەڵام یوسـف محەممەد پێداگریی کرد لەسـەرئەوەی کۆبوونەوەکـە لە وادەی خۆیـدا بکرێ، ئەگەرچی ئامانجەکەشـی کە لادانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لە پۆسـتەکەی، بەهۆی تەواونەبوونی نیسابی یاسایی، شکستی هێنا.

جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان ڕەخنە لە یوسف محەممەد دەگرێ و دەڵێت "سەرۆکی پەرلەمان بەشـێک بوو لە دروستکردنی ئەو قەیرانە سیاسـیانەی لە هەرێمی کوردستان سەریانهەڵدا، ئەمەش وایکرد باری پەرلەمان قورس ببێ و لە ژێری دەرنەچێ".

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، پێشـتر لەو بارەیەوە بـە (رووداو)ی ڕاگەیاندبوو "هەوڵ دەدەین لەگەڵ یەکێتی بگەینە ڕێککەوتن بۆ لادانی یوسف محەممەد و دانانی سەرۆکێکی نـوێ بـۆ پەرلەمانـی کوردسـتان، چونکە ناکرێ پەرلەمان هەروا بڕوات".

جەعفەر ئیبراهیم لەسـەر دوورخستنەوە و لادانـی یوسـف محەممـەد، پێشـنیارێک دەخاتـەڕوو و دەڵێـت "کارەکانـی یوسـف محەممـەد باجی خـۆی هەیە، بـەڵام با بە تەنیـا باجەکە نەدات، بەڵکو سـەرۆکایەتی پەرلەمان بیدات، ئێمەش حازرین گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا بکرێ".

سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمـان پێکدێ کـە لەگـەڵ پێکهێنانی کابینەی هەشـتەم بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان پارتـی و گۆڕان پۆسـتەکانی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بـە شـێوەیەک دابەشـکران، سـەرۆکی پەرلەمان بۆ گـۆڕان، جێگرەکەی بـۆ پارتـی و سـکرتێرەکەی بـۆ یەکێتـی نیشتیمانی کوردسـتان، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێتی بـەو ڕێککەوتنە قایل نەبوو، پارتی دەڵێت "فەخرەدین قادر کە سەر بە کۆمەڵـی ئیسـلامییە بـە کاتی لەو پۆسـتە دانراوە و تاوەکو ئێستاش لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە".



# یەکێتی بۆ ڕێککەوتن چاوەڕێی وەڵامی گۆڕانە

**فەرید ئەسەسەرد: ڕێککەوتننامەی سیاسی لەگەڵ گۆڕان زیاتر بۆ سلێمانی و هەڵەبجە دەکەین**

**بەرپرسێکی گۆڕان: ئەوەی یەکێتی نووسیویەتی سەروتاری ڕۆژنامەیە نەک پرۆژە**

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان، پرۆژەیەکـی داوەتـە بزووتنـەوەی گۆڕان بۆ ئـەوەی بکرێتـە بنەمـای ئـەو ڕێککەوتنـە سیاسـییەی کە دەیانـەوێ پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنەی لەسـەر بونیاد بنێن، بـەڵام بەرپرسـێکی بزووتنەوەی گـۆڕان کە پرۆژەکـەی بینیـوە، لەبایەخـی پرۆژەکەی یەکێتی کەم دەکاتەوە و دەڵێت لە سەروتاری ڕۆژنامە دەچێت.

ئێسـتا یەکێتـی چاوەڕێـی وەڵامی گۆڕان دەکات لەبارەی پرۆژەکەی، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانـەی (رووداو) دەسـتی کەوتـوون، بەهـۆی ئەوەی لەیەک کاتدا یەکێتی دەیەوێ لـە پارتـی و گۆڕانیـش نزیـک ببێتـەوە، بزووتنـەوەی گـۆڕان جارێ وەڵامـی یەکێتی نەداوەتەوە.

ڕۆژی 2014/12/9 بەرپرسـانی بـاڵای بزووتنـەوەی گـۆڕان و یەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان، لـە بارەگای مەکتەبی سیاسـی یەکێتـی ڕێککەوتننامەیەکیـان واژۆ کـرد. بەپێـی ڕێککەوتنەکە پۆسـتە ئیدارییەکانی پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە لـە نێوان یەکێتـی و گۆڕان و دابەشـکران. لەوکاتەوە کۆبوونـەوەی زۆرتر لەنێـوان ئەو دوو حیزبە دەکرێـن بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەی سیاسـی دیکـە واژۆ بکـەن لەپێنـاو پەیوەندییەکـی باشـتر و هەماهەنگی فراوانتری سیاسـی کە زۆرجار دەگاتە ئەوەی باس لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنە بکرێ.

ئەندامێکـی سـەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ هەرچەنـدە هاوڕێکانیـان بـە پـرۆژە نـاوی دەبـەن، بـەڵام کاغەزێکـی چەنـد خاڵییان نـاردووە بـۆ گـۆڕان و چاوەڕێـی وەڵامـی ئـەوان دەکـەن "بۆچوونی خۆمـان لەبارەی ئـەوەی پەیوەندییەکانمان چۆن بێت و چۆن ڕێکبخرێـت و چـی بگرێتـەوە، نووسـیوە و چاوەڕێ دەکەین وەڵاممان بدەنەوە".

فەرید ئەسەسـەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کـە زۆرجار بە خاوەنـی پرۆژەکانی یەکێتی هەژمار دەکـرێ، دەڵێ "پار و پێرار پەیوەندییەکانمان لەگەڵ گۆڕان ڕێکخستەوە، بەڵام بەشـێوەی ڕێککەوتنی نووسراو نەبوو، ئێسـتا دەمانـەوێ بیکەینـە ڕێککەوتنـی نووسراو".

دوای جیابوونـەوەی بزووتنـەوەی گۆڕان لـە یەکێتی و دروسـتکردنی فراکسـیۆنێکی پەرلەمانی لە سـاڵی 2009دا، ئەو دوولایەنە نەیانتوانـی هیـچ هەڵبژاردنێک لە سـلێمانی بکـەن بەبـێ ئـەوەی پەیوەندییەکانیـان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا گرژی تێنەکەوێت.

پێشـتر بزووتنـەوەی گـۆڕان یەکێتـی بـە پاشـکۆی پارتـی تۆمەتبـار دەکـرد، بەڵام پۆسـتە ئیدارییەکانـی سـلێمانی و هەڵەبجە کـە چەند مانگێکـی دیکە دەبـێ خۆیان بۆ ئاڵوگـۆڕی پارێـزگارەکان ئامـادە بکەنەوە، ناچاری کردن بگەڕێنەوە بۆ لای یەک.

هێشـتا گرفتـی گەورەتـر هـەن، حاڵـی نێوخـۆی یەکێتـی و تێڕوانینـی جیـاوازی باڵەکانیش، کێشـەیەکی گـەورەن لەبەردەم ڕێککەوتننامەکانی یەکێتیـدا. ئەو حیزبە لە دۆخێکی ئـاوادا ناتوانـێ ڕێککەوتننامەیەک بنووسـێتەوە کـە هەموو سـەرکردە باڵاکان واژۆی لەسەر بکەن.

ئەندامێکـی سـەرکردایەتی یەکێتـی کـە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتەوە، نەیشـاردەوە تاوەکـو ئـەو کاتـەی لەنێوخـۆی یەکێتـی ڕێککەوتـن لەسـەر چۆنێتـی بەڕێوەبردنـی یەکێتـی و دارایی یەکێتـی و ڕاگەیاندنەکانی و ڕێکخسـتنەکانی نەکـرێ "ئاسـان نییـە بتوانرێ ڕێککەوتنەکانی یەکێتی سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەست بهێنن".

فەریـد ئەسەسـەرد دەڵـێ ڕاسـتە ئەوان ڕێککەوتننامەی سیاسـی زیاتر بۆ سـلێمانی و هەڵەبجـە دەکەن، بـەڵام هەندێک لە بڕگە و خاڵەکانی نێو پرۆژەکەیان باس دەکات کە داویانـە بـە گۆڕان و دەڵێ "ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییەکانمان لەسـەر ئاستی کوردستان و عێـراق و پارچەکانی دیکەی کوردسـتان، هەڵبژاردنەکان، هەڵوێسـتەکان سەبارەت بە بەغـدا لەخۆ دەگرێ لەگەڵ چەند پرسـێکی دیکە". گوتیشـی "بزانین ئەوان ڕایان چییە؟ چـی زیـاد دەکـەن و چـی لادەبـەن و چی دەگـۆڕن و چیمان وەڵام دەدەنەوە؟ پاشـان هـەردوولا کۆدەبینـەوە، یان شـتێکی دیکە دەنووسـرێتەوە و وەک بنەمـای ڕێککەوتـن دیاری دەکرێ".

ئـەو ئەندامـەی سـەرکردایەتی یەکێتـی هەروەها دەڵێ، لە هەولێر لەگەڵ گۆڕان هیچ کێشـەیەکیان نییە و لەو ڕێککەوتنەدا زۆرتر باسی سـلێمانی و هەڵەبجە دەکرێ "تاوەکو ئێسـتا گۆڕان وەڵامی ئێمـەی نەداوەتەوە و ئێمەش کاتمان بۆ گۆڕان دیاری نەکردووە کە لەماوەی چەند وەڵاممان بدەنەوە".


بـەڵام ئەندامێکـی جڤاتـی نیشـتمانی بزووتنـەوەی گـۆڕان کـە دەڵێ لە دەسـتی دووەمەوە پرۆژەکەی یەکێتی بینیوە، ڕایەکی دیکەی هەیە "بەڕاستی ئەوە ناونانێم پرۆژە، ئەگـەر ئەو پرۆژەیـە ڕای گشـتی مەکتەبی سیاسـی و قیادەی یەکێتی لەسەر بێت، هیچ ئومێدێکـی تێـدا نابینم بۆ چارەسـەرکردنی دۆخـی سیاسـی هەرێمی کوردسـتان و ئەو قەیرانـە گەورەیـەی ڕووی لـەم هەرێمـە کردووە".

عەبدولـڕەزاق شـەریف، ئەندامـی جڤاتی نیشـتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "هەر شتێک لەم ڕۆژگارەدا ناوی پرۆژە بێت، دەبێ بـۆ دەرچـوون بێت لـەو دۆخە سیاسـییەی ئێسـتا. بزووتنـەوەی گۆڕان تاوەکو ئێسـتا وەڵامێکـی فەرمی نییە بۆ ئەو پرۆژەیە و من تەنیا وەک سـەروتاری ڕۆژنامەیەک سـەیری دەکـەم، ئەوە ئەسـڵەن پـرۆژەی ڕێککەوتن نییە".

لـە میانـەی کۆبوونـەوەی لەگـەڵ چەند کادرێکـی حیزبەکـەی ، قـادر حەمـە جان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەندامی دانوستاندنکاری یەکێتی لەگەڵ گۆڕان گوتی، لەسەر حیسابی هیچ لایەنێک لەگەڵ لایەنێکی دیکـە ڕێککەوتن ناکەین. گوتیشـی "تاوەکو ئێسـتا نەگەیشـتووین بە هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ گۆڕان، بـەڵام گفتوگۆی بەردەواممان هەیە".

بەپێی ئـەو زانیارییانەی لە بەرپرسـێکی نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەسـت (رووداو) کەوتـووە، بـەو نزیکانە بزووتنـەوەی گۆڕان وەڵامـی یەکێتـی ناداتەوە، چونکـە یەکێتی دەیەوێ بە هەردوو ئاراستەی پارتی و گۆڕان یـاری بـکات "وەک چۆن پـرۆژەی هەیە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان، هەر ئاواش پرۆژەی هەیە بۆ ڕێککەوتـن لەگەڵ پارتی، بۆیە لای ئێمەوە یەکێتی ئازادە چی دەکات".

کۆسـرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی سـەبارەت بە پەیوەندییەکان و ڕێککەوتنیان لەگەڵ گۆڕان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی شـارپرێس دەڵێـت "ئێمـە و گۆڕان خـاوەن مێژوویەکی هاوبەشین، سەنگەری خەباتمان یەک بووە و هاوڕێباز بووین و شەهیدەکانیشمان هەر یەک بووە، بۆیە من لایەنگری ئەوەم کێشەکانمان چارەسـەر بکەین و بگەینە ڕێککەوتنێک کە هەردوولامان بە باشی دەزانین، پێموایە تاکە ڕێگەش هـەر ئەوەیە ئێمە بگەینە ڕێککەوتن یان تێگەیشتنێک...ڕێککەوتنیشـمان لەگەڵ هەر لایەک لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە نابێت"



عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ (رووداو):

# بە شێخ فەخرەدینم گوتووە نە لای د.یوسف دەوام بکات نە لای جەعفەر ئیمینکی

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (رووداو) کە شەوی سێشەممە بڵاودەبێتەوە، باسی روانگەی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات بۆ چارەسەری قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان و سەبارەت بە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانیش دەڵێت بارودۆخی دەرەکی لەبارە بۆ راگەیاندنی دەوڵەت، بەڵام لەناوخۆدا زەمینەسازی بۆ نەکراوە و پێیوایە ئەگەر بەو حاڵەوە دەوڵەت رابگەیەنین، رەنگە بە دەردی کۆماری کوردستان لە مهاباد بچێ.



**رووداو: روانگەی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان، چییە؟**

**عەلی باپیر:** ئەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان پشێوی هەموو لایەکی سوار کردووە. خەڵک و جەماوەری بە تەواوی بێزار و نیگەران کردووە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە قۆڵی لێ هەڵماڵن، ئیرادەی جددی بخەینە کار بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە. بەر لە هەموو شتێک پێویستە بڕیار بەدەستەکانی ئەم وڵاتە، واقیعەکە وەکو خۆی ببینن، دواتر بارودۆخەکە ئاسایی بکەنەوە. ئەوەش بەوە دەکرێت بێنە نێو خەڵک، نەک هەر یەکەیان بچێتە سەر گردێک و لە سەرەوە تەماشای خەڵک بکات.

**رووداو: تا ئێستا نەهاتوونەتە نێو خەڵک؟**

**عەلی باپیر:** بەبۆچوونی من تاوەکو ئێستا وەکو پێویست نەهاتوون، یان ئەوەتا ئاگایان لە ئێش و ئازاری ئەم میللەتە نییە، یان ئەوەتا وەکو پەندە عەرەبییەکە دەڵێت "ئەگەر دەیزانی و چاکی ناکەی موسیبەتە، ئەگەر نەشیزانی موسیبەتەکە گەورەترە". هەموو جارێک کە دەڵێن هەرێمی کوردستان ئەوەندە ملیار دۆلارە قەرزدارە، یان بارودۆخی ئابووری بەو شێوەیە، من گوتوومە دەبێ هەموو ئەوانەی بڕیار بەدەستن ئاگادار بن، هەبووە گوتوویەتی پێموانییە ئەوان ئاگادار بن.

**رووداو: گوتت بارودۆخەکە ئاسایی بکەینەوە، مەبەستت چییە لە ئاساییکردنەوە؟ ئەو ئاساییکردنەوەیە کە گۆڕان باسی دەکات، یان شتێکی دیکەیە؟**

**عەلی باپیر:** ئاساییکردنەوە واتا ئەو بارگرژییە نەمێنێ. ئەو حاڵەتی لێکخوێندن و گومانی خراپ بە یەکدی بردن نەمێنێ. هیچ کاممان بەرامبەر ئەوی دیکە پێیوانەبێ خاوەن مافی زیاترە. مەگەر لەو حاڵەتەی دەنگی راستەقینەی خەڵکی زیاتری لەگەڵدابێ. مەبەستم لە ئاساییکردنەوە ئەوەیە دامەزراوەکانی ئەم وڵاتە کە پەکخراون و هەیمەنەی حیزبیان بەسەرەوەیە، ئەوانە هەموویان بگەڕێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی. هەنگاوی دووەم دەبێت لە قاوغ و قەپێلکی بچووکی حیزب و ناوچە و عەشیرەت بێینە دەر بۆ فەزای فراوانی نیشتمانپەروەری، چاومان تیژ بێت و هەموو خەڵک ببینێ. بە راستی من سەرم سوڕدەمێنێ لە بێباکی هەندێک لەو بەرپرسانە. وا هەست دەکەم خەمی خەڵکیان لەبەر نییە.

هەنگاوی دوای ئەوەش دەبێ ئێمە ئەو حەقیقەتە بزانین، ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان بارودۆخێکی نائاساییە و ناگونجێ بەردەوام بێ.

**رووداو: هیچ سەرکردەیەک گوتوویەتی ئەو بارودۆخە ئاساییە؟**

**عەلی باپیر:** نەخێر، هەموویان دەڵێن نائاساییە، دە کەواتە با چاکی بکەین، چونکە ناگونجێ ئەو بارودۆخە بەوشێوەیە بەردەوام بێت.

**رووداو: جا با لێرەوە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین، لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێبکە، بەڕێزت ئەوەت بە کاک مەسعود گوتووە کە تۆ ئاگات لە میللەتەکەت نییە. کەی بینیوتە؟ بۆت روونکردووەتەوە؟ ئاگای لێیە یان ئاگای لێ نییە؟**

**عەلی باپیر:** دواجار ئەوکاتە جەنابی کاک مەسعودم بینی کە لە سەفەری ئەمریکا گەڕابووەوە. باسی سەفەرەکەی بۆ گێڕاینەوە، زۆر خۆشحاڵ و ئومێدەوار بوو کە ئێمە دەتوانین وردە وردە دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنین. تەنانەت نموونەیەکی بۆ هێناینەوە و گوتی جاران دەوڵەتی کوردی وەکو کێکێک وابوو تەلێکی دڕکاوی بەچواردەوریەوە بوو بۆمان نەبوو دەستی بۆ ببەین، بەڵام ئێستا ئەو تەلە دڕکاوییە نەماوە و بەس ماوە چەقۆ و چەنگاڵ بهێنین و کێکەکەی پێ ببڕین. من لە نۆرەی خۆمدا گوتم جەنابی کاک مەسعود ئەوەی کە ئێمە دەوڵەتی خۆمانمان هەبێت و خاوەنی قەوارەی خۆمان بین، ئەوە مافێکی خۆمانە و دەمێکە لێمان زەوتکراوە، بەڵام پێمگوت من وای تێدەگەم بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان زەمینەسازیی زیاترمان دەوێت. پێمگوت کوا ژێرخانی ئابووریمان؟ کوا هێزێکی سەربازی کە وەلای بۆ نیشتیمان هەبێت؟ کوا ئاسایشی نیشتیمانیمان؟ کوا دەزگایەکی هەواڵگریی نیشتیمانی؟ کوا تەبایی سیاسیمان؟ کوا پەرلەمانێکی کارا؟ کوا دەسەڵاتێکی دادوەری کە لەسەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوە بێت؟ گوتم دەبێ ئەوانە هەموو بکرێن، ئینجا ئێمە بیر لە راگەیاندنی دەوڵەت بکەینەوە. گوتم دەترسم چەنگاڵ لە کێکەکە بدەین و پێمان قوت نەدرێ. پێموانییە کاک مەسعود وەڵامەکانی منی زۆر بە دڵ بووبێ، بەڵام خوا هەڵناگرێ گوتی فەرموون با زەمینەسازی بۆ بکەین. منیش گوتم بە جددی ئەگەر بمانەوێ دەوڵەت رابگەیەنین، دەبێ زەمینەسازی بۆ بکەین. تەنانەت ئەو ڤێلایانەی سەر رێگای پیرمامم بە نموونە هێنایەوە کە دیارە ئەوانە هی کەسانێکن لە کاک مەسعودەوە نزیکن، لەسەر سەتان دۆنم زەوی کشتوکاڵی دروستکراون. بەڵام خەڵکێک هەیە دێتە لای ئێمە کە رەنگە هەر پێشمەرگەی خۆتان بن، 100 مەتر زەوی نییە بۆ ئەوەی خانوویەکی لەسەر دروست بکات. بۆیە دەترسم دەوڵەت رابگەیەنین و عەدالەتی تێدا نەبێ، لێمان برووخێ.

**رووداو: بەبڕوای تۆ کاک مەسعود ئاگای لەو بارودۆخەیە، یان ئاگای لێ نییە؟ گوناهبارە یان گوناهبارە گەورەکەیە؟**

**عەلی باپیر:** من لە کۆبوونەوەیەکدا لە بەرپرسێکی ئەو وڵاتەم پرسی کە باسی بارودۆخی ئابووری دەکرد، گوتم کاک مەسعود ئاگادارە، گوتی پێموانییە. منیش بەڕاستی زۆرم خەفەت پێخوارد. وەکو پێشتریش گوتم دەبێ ئێمە واقیعەکە وەکو خۆی ببینین. کە وەکو خۆی بینیمان پێویستە وەکو خۆشی مامەڵەی لەگەڵ بکەین. بزانین چی پێویستە وای بۆ بکەین. ئەوەش باجی دەوێت. نوێنەری بان کی مۆن هاتە لای من، لێمپرسی واقیعەکەمان چۆن دەبینی؟ گوتی: واقیعەکەتان خراپ دەبینم، ساڵێک لەمەوبەر هاوسۆزیی دنیاتان لەگەڵ بوو، ئێستا ئەو هاوسۆزییە زۆر کەم بووەتەوە، ئەگەر ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت کەمتریش دەبێتەوە. گوتی پێم سەیرە بۆچی ئیرادە ناخەنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان.

**رووداو: لەو بارەیەوە هیچ پەیوەندیت بە کاک نەوشیروانەوە کردووە، بەتایبەتی لەو ماوەیەی کە لێرە نییە؟**

**عەلی باپیر:** بەڵێ، بۆ هەواڵپرسینی نەخۆشییەکەی دووجار پەیوەندیم پێوەکرد. بەڵام کە ویستم باسی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەم و کەی دەگەڕێتەوەو چی بکەین و چۆن بکرێ؟ نەیویست بچێتە باسەکەوە، گوتی ئێستا کاروباری گۆڕانم بە برادەرانی کوردستان سپاردووە. گوتیشی چارەسەری نەخۆشییەکەم پێیدەچێت تا دەگەڕێمەوە.

**رووداو: خەڵک دەپرسن ئایا مامۆستا عەلی باپیر وەکو پێشمەرگەیەکی کۆمەڵ دەژی، وەکو پێشمەرگەیەکی کۆمەڵ مووچەی نییە؟ ئاگای لەوەیە کە پێشمەرگەیەکی کۆمەڵ لە شوێنێکی دوورە دەست گوزەرانی چۆنە؟**

**عەلی باپیر:** ماڵی من لە تەنیشت بارەگای کۆمەڵە لە هەولێر. هەندێکجار پڕوپاگەندەمان بۆ دەکەن بۆ خۆم سەیرم پێدێ. جارێک خانووبەرەی ئێمەیان شوبهاندبوو بە هی ئەحمەدی نەژاد. خانووەکەم لە ریزی خانووی خەڵکە. مووچەکەشم تەنیا ئەو خانەنشینییە کە وەکو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەریدەگرم. ئەویش بەپێی ئەو ئەندازەیەی سەرکردایەتی بۆم دیاری دەکات. کاتی خۆی کە من لە ئەنجوومەن بووم هەندێک لە پەرلەمانتارە هاوڕێکانم لە لایەنەکانی دیکە گلەییان لێ دەکردم و دەیانگوت تۆ رەنگێکی خراپت لێرە رشتووە. پارەی ئۆتۆمبێل دەهات من وەرمنەدەگرت، مووچەکەش دەمگوت چەندتان پێ چاکە ئەوەندەم بۆ دابنێن. دەیانگوت کاکە تۆ کارێکی وات کردووە ئێمەش ئیحراج بین. من خۆم جیا نەکردووەتەوە، کاتی خۆشی لە هەر شوێنێک بووبین ماڵیشم لە شوێنی دەوام بووە.

ئەو زەوییەی بەردەم نووسینگە و ماڵەکەم باخچە بوو، کاتی خۆی بە کاک نێچیرڤانیشم گوت لە رقی ئێمە دابەشیان کرد و کردیان بە خانوو تەنیا بۆ ئەوەی ئێمە پێی قەڵس بین. ئێمە گوتمان کێشە نییە لە نێو خەڵکی خۆمانین. خۆمان لە خەڵک جیا نەکردووەتەوە بچینە شوێنێک ڤێلایەک لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروست بکەین.

**رووداو: لەبارەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، دەبێ پارتی چ هەنگاوێک بنێ و گۆڕان چ هەنگاوێک، کێ دەستپێشخەری بکات؟**

**عەلی باپیر:** دەبێ کێ چی تێکداوە ئەوە چاک بکاتەوە. پارتی پەرلەمانی پەکخستووە دەبێت وەگەڕی بخاتەوە. حکومەتی نیمچە ئیفلیج کردووە دەبێ چاکی بکاتەوە. خەڵکی دەرکردووە دەبێ فەرموویان لێ بکاتەوە. گۆڕانیش چی دەکەوێتە سەری، من بەخۆشیانم گوتووە راگەیاندنەکەیان زۆر توندە، هەمیشە خەریکی رەخنەگرتنە. ئەم وڵاتە دەگونجێ رەخنەی زۆری لێ بگیرێ، بەڵام من پێمباشە راگەیاندنی گۆڕان لەگەڵ رەخنەکاندا زیاتر پێشنیاز بخاتەڕوو.

> ## ئەگەر بەرژەوەندیی خەڵکی تێدا بێت دوو وەزیرەکەمان لە حکومەت دەکێشینەوە
>
> ## پارتی پێیگوتین با فەخرەددین قادریش نەگەڕێتەوە هەولێر
>
> ## بارودۆخی دەرەکی لە بارە بۆ راگەیاندنی دەوڵەت
>
> ## نە لەگەڵ عێراقین و نە لەگەڵ عێراقیش نین

> ## بە گۆڕانم گوتووە راگەیاندنەکەتان زۆر توندە
>
> ## ماڵەکەمیان بە ماڵی ئەحمەدی نەژاد چواندووە
>
> ## کاک نەوشیروان نەیویست باسی بارودۆخی کوردستانی بۆ بکەم
>
> ## نوێنەری بان کی مۆن پێیگوتم ئێستا هاوسۆزیی دەرەوە بۆ کورد زۆر کەم بووەتەوە

**رووداو: راگەیاندنی پارتی توند نییە؟**

**عەلی باپیر:** بێگومان راگەیاندنی پارتیش توندە، بەڵام وەکو گوتم پارتی لە قسەی توندکردن، زیاتری کردووە. بۆیە من باسی قسەی توندی پارتی ناکەم، پارتی کردەوەی توندی کردووە. پارتی هەر قسەی توندی بەرامبەر گۆڕان نەکردووە، بەرامبەر ئێمەشی کردووە.

**رووداو: ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی چییە، لایەنگری گۆڕانە، یان نێوەندگیرە، پێگەی لەو دۆخەدا چییە؟**

**عەلی باپیر:** پێگەمان لەو دۆخەدا ئەوەیە کە لە یەک مەسافەدا وەستاوین. بەڵام ئەوە وامان لێناکات کە پارتی ناحەقییەکی کرد بێدەنگ بین، پارتی بەپێی دەنگەکانی زۆرترین بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، دەبوایە لە هەموو کەس سوورترین لەسەر سەروەربوونی یاسا. لە هەموو کەس سوورتر بن لەسەر پاراستنی دامەزراوەکانی ئەم وڵاتە. نەک لەبەر بەرژەوەندیی حیزبی یان وەکو ئەوەی کاک نێچیرڤان گوتی، ئێمە لەنێوان خراپ و خراپتردا خراپمان هەڵبژارد. جا بۆچی خۆت دەخەیتە نێوان خراپ و خراپتر؟

**رووداو: ئێوە لە پەرلەمانی کوردستان سکرتێری پەرلەمانتان هەیە کە هەڵوێستی وەرگرتووە، ئەوە بەلای گۆڕاندایە، یان بەلای پارتی؟**

**عەلی باپیر:** بەلای هیچ کامیاندا نییە. پارتی لە رێگەی کاک عەبدولستار مەجیدەوە ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە سکرتێری پەرلەمانیش وەکو سەرۆکی پەرلەمان نەیەتەوە بۆ هەولێر، گوتم باشە. من بۆ خۆم بانگم کرد و گوتم کاک شێخ فەخرەدین برادەرانی پارتی ئێمەیان ئاگادار کردووەتەوە کە حوکمی تۆش حوکمی د.یوسفە. دوایی کاک د.بەرهەم ساڵح گوتی کاک نێچیرڤان بارزانی تەلەفۆنی کردووە بە مامۆستا بڵێ با کاک شێخ فەخرەدین بگەڕێتەوە. منیش ئاگادارم کردەوە کە بێتەوە، بەڵام پێمگوت وەکو چۆن کاتی خۆی پێمگوتی مەچۆ لای د.یوسف دەوام مەکە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستەت ئەوە نەگەیەنێ کە ئێمە ئەو هەرێمە لەت دەکەین. ئێستاش لەلای جەعفەر ئیمینکی دەوام مەکە، بۆ ئەوەی وەها نەیەینە بەرچاو کە ئێمە لەگەڵ ئەو رەفتارە هەڵەیەداین کە پارتی کردوویەتی.

**رووداو: ئێستا لە پەرلەمان دەوام دەکات؟**

**عەلی باپیر:** ئێستا دەچێت، بەڵام وەکو سکرتێری پەرلەمان، ئیشی هاووڵاتیان پەکی لەسەر ئیمزای ئەو بکەوێت دەیکات، بەڵام ئەوەی وەکو سکرتێری پەرلەمان و وەکو کەسی سێیەم لەگەڵ کاک جەعفەر ئیمینکی دەوام بکات و ئەوە بگەیەنێ کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە پارتی کردوویەتی، بە خراپی دەزانین و لەگەڵ ئەو خراپەیەدا نین.

**رووداو: ئەی بەردەوامبوونی وەزیرەکەتان لە کاری خۆی، پاڵدان نییە بەلای پارتیدا کاتێک وەزیرەکانی گۆڕان دەرکراون، بۆ وەزیرەکەی ئێوە مایەوە؟**

**عەلی باپیر:** جارێ هیچ کەسێک ئیعلانی نەکردووە کە ئەو حکومەتە هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئەو ئەگەرەش هەیە، ئەگەر بگەینە ئەو قەناعەتە کە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵات لەوەدایە ئەو دوو وەزیرەمان لە حکومەت بکشێنەوە، دەیانکێشینەوە، بەڵام ئێمە تا ئێستا ئەو ئومێدەمان هەیە کە پەرلەمان کارا بکرێتەوە و وەزیرەکانی گۆڕانیش بگەڕێنەوە. برا وەزیرەکانیش هەموویان پێیانخۆشە. لەبەر ئەوەی ئەو ئومێدە هەیە، بۆیە پێمانخۆش نییە ئاگرەکە خۆش بکەین.

**رووداو: مادام سکرتێری پەرلەمان لەبەر بارودۆخێکی ئاوا کاری خۆی هەڵپەساردووە، بۆچی وەزیرەکان لەبەر دۆخی وەها هەڵیناسپێرن؟**

**عەلی باپیر:** وەزیری کشتوکاڵ رەنگە خەڵکیش ئەو شایەتییەی بۆ بدات کە وەزیرێکی کارایە، بە باشمان نەزانی کەلێنێکی دیکە لەو حکومەتە بکەین. تا ئێستا ئەو قەناعەتەمان بۆ دروست نەبووە کە کشانەوەی وەزیرەکانمان خزمەت بە دۆخەکە دەکات.

**رووداو: لە نێو کۆمەڵدا تەنیا سۆران عومەر قسە دەکات، ئەو بێدەنگییە فەرمانی جەنابتە؟**

**عەلی باپیر:** لە کۆمەڵی ئیسلامی عادەت وایە ئەگەر کەسێک قسەیەکی هەڵە بکات من لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەم. بەگشتی گوتوومە زۆر قسە نەکرێ باشە. کاک سۆران عومەریش بە حوکمی کارەکەی کە سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤە، مافی مرۆڤیش لەو وڵاتەدا زوو زوو پێشێل دەکرێ، بۆیە دەبێ ئەو زوو زوو قرە بکات و بێتە دەنگ.

**رووداو: قەت لێپرسینەوەت لەگەڵ سۆران عومەردا کردووە؟**

**عەلی باپیر:** بەڵێ، جاری وا هەبووە شتێکی گوتووە بریندارکەر بووە بۆ لایەک، پشتیشی بە هەندێک زانیاری و هەواڵێک بەستووە کە لایەنێکی دیکە پێیداوە، پێمگوتووە بەو لایەنە بڵێ بۆچی خۆت ئەو هەواڵانە بڵاوناکەیەوە. با تۆ نەکەنە گلێک لە پشتەوە تەقە لە خەڵک بکەن. جار جار ئەگەر پێویست بووبێ ئامۆژگاریمان کردووە و رێنماییمان کردووە، بەڵام ئێمە بە کاک سۆران دڵخۆشین و پیاوێکی بە جورئەتە.

**رووداو: ئێوە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی ئاگاداری دۆسیەی نەوتن لە هەرێمی کوردستان؟**

**عەلی باپیر:** مەگەر ئەوەی خۆیان هاتبن بۆیان باس کردبین، ئەگەرنا نەخێر ئاگادار نین.

**رووداو: ئێوە پێشتر چەند جارێک باسی لیستی ئیسلامیتان کردووە، بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کە لیستێکی ئیسلامیتان هەبێ بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو؟**

**عەلی باپیر:** بیری لێکراوەتەوە و قسەشی لێکراوە، ئەوەش ئەگەرێکە، بەڵام لە ئێستاوە بڕیارێکی یەکجارەکی لێ درابێ، نەخێر. شتێک پەیوەندی بە دوولاوە هەبێ، خۆ لە یەکلاوە بڕیاری لەسەر نادرێ! دەبێ لە هەردوولاوە بڕیاری لەسەر بدەن. ئەگەر بە قسەی من بووایە نەک ئەمجارە، جاری دیکەش ئێمە لیستی هاوبەشمان دەبوو.

**رووداو: لەو هەڵوێستانەی ئەو دواییانەتاندا خەڵک وای دەخوێنێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ گۆڕانن، ئەگەر گۆڕان و پارتی رێکبکەونەوە ئێوە تەنیا ناکەون؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە ئەگەر تەنیاش بکەوین، نامانەوێ تەرازووی کەسێک قورس بکەین کە بیەوێ زوڵم لەلایەکی دیکە بکات. بۆچی تەنیا دەکەوین؟ ئێمەش لەو وڵاتەداین. ئێمە لەگەڵ قەناعەتەکانی خۆمانداین، لەگەڵ پرەنسیپەکانی خۆمانین. ئێمە قەناعەتمان وایە ئەم وڵاتە هی هەموو لایەکە، نابێت هیچ لایەک لایەنەکانی دیکەی پێ زیاد بێت.

> ## داعش زوخاوێک بوو لە دوو کۆمەڵگای نەخۆشی عێراقی و سوورییەوە هاتە دەرەوە

**رووداو: کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە دەوڵەتی کوردستان بەم نزیکانە دادەمەزرێ؟**

**عەلی باپیر:** من پێموایە بارودۆخی دەرەکی لەبارە، بەڵام ئایا خۆمان ئەو ئامادەییەمان هەیە، ئەو زەمینەسازییەمان کردووە، ئەو هەنگاوانەی پێویستن ناومانن. من وا نایەتە بەرچاوم.

**رووداو: بەبڕوای تۆ داعش هەتاکەی لەم ناوچەیە دەمێنێتەوە؟**

**عەلی باپیر:** داعش زوخاوێک بوو لە دوو کۆمەڵگەی نەخۆشی عێراق و سووریا هاتە دەرەوە، ئەگەر وردە وردە ئەو جەستانە چاک ببنەوە و حاڵەتی تەندروستییان بۆ بگەڕێتەوە، داعش نامێنێ. داعش مقەوەماتی مانەوەی نییە. داعش وام دێتە بەرچاو زیاتر کاردانەوە بوو نەک کار، لە ئەنجامی ستەمی بەشار ئەسەد لە خەڵکی سووریا و قۆرخکاری و روحی تایفەگەریی نوری مالیکی و هاوەڵەکانی لە عێراق، لە ئەنجامی ئەوەی عەرەبی سوننە زۆر ستەمیان لێکرا، داعش پەیدابوو. داعشێک کە لە کەس رازی نییە و کەس لێی رازی نییە، ناتوانێت بەردەوام بێت.

**رووداو: سوننەکان زۆرجار دەڵێن زوڵمیان لێکراوە، وەکو کۆمەڵی ئیسلامی و وەکو سوننە مەزهەبێک پێتوایە ئەمە دەستی کێی لە پشتە، پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە؟ یاخود تەنیا ناوخۆیە.**

**عەلی باپیر:** بە دڵنیاییەوە ئێران لە ناوچەکەدا هەیە و کاریگەریشی هەیە، من بە بەرپرسە ئێرانییەکانیشم گوتووە ئێوە ئەگەر خۆشتان بێبەری بکەن لە هەڵسوکەوتی حەشدی شەعبی هەر لەسەر ئێوە حیسابن، بۆیە دەستیان بگرن و ئامۆژگارییان بکەن کارێک نەکەن زیاتر تایفەی شیعە ناشیرنتر بکرێت لە عێراقدا.

**رووداو: ئێستا بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرە دروست بووە، بەرەیەک پەیوەندی بە سعودیەوە هەیە، بەرەیەکی سوننییە و بەرەیەکیش کە شیعەیە ئێران پشتگیری دەکات، روانگەی کۆمەڵ بۆ ئەو بەرانە چییە کە دەڵێن زیاتر لە ئێرانەوە نزیکە وەکو حیزبێکی سوننە مەزهەب؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە نەک وەکو کۆمەڵی ئیسلامی، تەنانەت وەکو هەرێمی کوردستان نابێت بچینە نێو ئەو هاوکێشانەوە. مەسەلە هەر سعودیە و ئێرانیش نییە، رۆژئاوا و رۆژهەڵاتە، رووسیا بەو زلهێزییەی خۆیەوە و چینیش لە پشتییەوە هاتوونەتە مەیدانەکە. ئێمە دەبێ زۆر وریای خۆمان بین و نەچینە تای تەرازووی هیچ کام لەوانەوە.

**رووداو: دەڵێن پێگەی کورد لە بەغدا لاواز بووە، ئایا بەو لاوازییە بمێنێتەوە، یان قورسایی خۆی بخاتەوە ناوەند؟**

**عەلی باپیر:** ئێستا ئێمە نە لەگەڵ عێراقین و نە لەگەڵ عێراقیش نین، ئەوە پێویستی بەوە هەیە سەرکردایەتی کورد دوای ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە دابنیشێ کە ئایا ئێمە لەگەڵ عێراقدا دەڕۆین، یان کە دەستمان بە هەندێک هەنگاو کردووە و یەکجاری لێی دابڕێین. یان ماوەیەکی دیکە لەگەڵی دەڕۆین. چونکە بەو شێوەیە بەردەوام بوون خراپە.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18



## دەمیرتاش: کورد هەوڵی جیابوونەوە لە تورکیا نادات

**ڕووداو- ئەنقەرە**

سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان HDP، لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی پارتەکەی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، گوتارێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند کە کورد هەوڵی جیابوونەوە لە تورکیا نادات.

لەبارەی ئەجێندای پارتەکەی، دەمیرتاش گوتی "ئێمە هاتووین کەموکوڕییەکانی یەکدی چاکبکەینەوە و خەڵکێکی زۆر لە تورکیا هیوای بە هەدەپەیە". هاوسەرۆکی هەدەپە لە گوتارەکەیدا باسی گرژی و ئاڵۆزییەکانی باکووری کوردستانی کرد و گوتی "پێویستە کۆتایی بە گوللەبارانکردنی خەڵکی بهێندرێت لە تورکیا و بە کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەدانی تەرمەکان، دەستوورێکی نوێ نانووسرێتەوە".

### دەنگۆی نیشتەجێکردنیان لە سووری ئامەد بڵاودەبێتەوە

# 1400 جەردەوان لە سووری ئامەد شەڕی پەکەکە دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەیەکی زۆری جەردەوان (جاش) کە دەوڵەتی تورکیا بە گوندپارێز ناویان دەبات، شانبەشانی هێزەکانی سوپا و پۆلیسی تورکیا لە شارۆچکەی سووری ئامەد شەڕی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن. هاوکات دەنگۆی ئەوەش بڵاوبووەتەوە کە دەوڵەت دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنی سوور، بڕیاری داوە ئەو جەردەوانانە لەو شارۆچکەیە نیشتەجێ بکات، بەڵام بەرپرسێکی فیدراسیۆنی گوندپارێزان ئەو بانگەشەیە بە پروپاگەندەی پەکەکە ناودەبات.

ئەمڕۆ 48 ڕۆژە بێ وچان ئۆپەراسیۆنەکانی پۆلیس، تیمی تایبەت و سوپای تورکیا بۆ سەر چەند شارۆچکەیەکی باکووری کوردستان درێژەی هەیە. بەگوێرەی سەرچاوە هەرێمییەکان تەنیا لە شارۆچکەی سوور، دەوڵەتی تورکیا بە هێزێکی 10 هەزار کەسی بەرەنگاری هێزەکانی سەر بە پەکەکە لەو شارۆچکەیە دەبێتەوە. لەو کاتەی یەکەم قەدەغەی هاتوچۆ لە شارۆچکەی سوور لە 11ی تشرینی یەکەمی 2015 ڕاگەیەندرا، میدیای تورکیا پێیوابوو دەتوانرێ لە ماوەی هەفتەیەکدا سوور پاک بکرێتەوە، بەڵام هێشتا شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوامن.

دوای ئەوەی ئەفگان ئالا، وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند کە ئەوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبووانی سوور پشت بە هێزە چەکدارە هەرێمییەکان دەبەستن، ڕۆژی چواری ئەم مانگە والی شاری ئامەد ڕایگەیاند کە 1400 گوندپارێز (جەردەوان) لە دەوروبەری ئامەد گواستراونەتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لە سوور. وێنەی ئەو جەردەوانانەش لە ئاژانسی ئانادۆڵ بڵاوکرایەوە.

دوای ئەو هەواڵە، لەناو خەڵکی ناوچەکە دەنگۆیەک بڵاوبووەوە کە گوایە "دەوڵەت خانوو بۆ گوندپارێزان دروست دەکات و لە سوور نیشتەجێیان دەکات". ڕۆژنامەنووسێکی دیاری ناوچەکە دەربارەی ئەو دەنگۆیە بە (ڕووداو)ی گوت "لەنێو جەماوەری ئاکپارتی ئەو قسەیە دەکرێت. هەندێکیان لێی نیگەرانن".



سەرۆک جەردەوانێک: ئەگەر حکومەتیش داوا بکات لە شارۆچکەی سووری ئامەد نیشتەجێ نابین

سیستەمی گوندپارێزی لە باکووری کوردستان بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە، دوای هەمووارکردنەوەی ماددەی 74 لە یاسای ژمارەی 442 کە ناسراوە بە (یاسای گوندەکان) لە 26ی ئابی 1985 ڕاگەیەندرا. بەگوێرەی ئەو یاسایە، والی پارێزگاکان بە ڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی گوندپارێزان لە هەر شار و ناوچەیەک دیاری دەکەن.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی لە مانگی شوباتی 2014، ژمارەی ئەو گوندپارێزانەی مووچە لە دەوڵەت وەردەگرن گەیشتووەتە 47 هەزار و 800 کەس. جگە لەوەش هەمان ڕۆژنامە باس لە 25 هەزار گوندپارێزی بێ مووچە و 20 هەزار گوندپارێزی خانەنشین دەکات.

یاسای گوندپارێزان ئەرکی ئەو کەسانەی دەچنە پاڵ ئەو هێزە بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە: یەکەم: بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر گیان، ماڵ و خاک و دێهاتیان. دووەم: ڕێگرتن و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتی لە هەر هێرشێکی چەکداری.

بەڵام دەزگاکانی مافی مرۆڤ بە نیگەرانییەوە سەیری ئەو هێزە دەکەن و پێیانوایە بوونی ئەو هێزە هۆکارێکە بۆ پێشێلکردنی یاسا و نەبوونی سەقامگیری لەناوچەکەدا.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی تورکیا (İHD) لەدوایین ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە گوندپارێزان لە مانگی ئاداری 2014 ئاماژە بە کوشتنی 91 کەس بەدەستی گوندپارێزان لە نێوان ساڵەکانی 2009 — 2013 دەکەن.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوخۆی تورکیاش لە ساڵی 2006 گوندپارێزان 2384 تاوانیان ئەنجامداوە کە 934 تاوانیان دەستدرێژیکردنە سەر موڵک و ماڵی خەڵک بووە.

هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتی (İHD)، لە ساڵی 1995 تاوەکو ساڵی 2002 گوندپارێزان دەستیان هەبووە لە سووتاندنی 38 گوند، چۆڵکردنی 14 گوند. جگە لەتاوانەکانی ڕفاندن و ئەشکەنجەدان.

بەهۆی ئەو مێژووەی سیستەمی گوندپارێزی، خەڵکی ناوچەکە بەردەوام نیگەرانن لە بوونی جەردەوانان. هەر بانگەشەیەک لەبارەی ئەوانەوە بکرێت بەهەندی وەردەگرن و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکەن.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی شاری ئامەد کە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زیاتر قسەی کرد و گوتی "ئەگەر نیازیان نییە دوای ئۆپەراسیۆنەکان گوندپارێزان لە سوور نیشتەجێ بکەن، بۆچی حکومەت یان کاربەدەستان ئەو دەنگۆیە بەدرۆ ناخەنەوە".

بەڵام زیا سۆزەن، سەرۆکی فیدراسیۆنی کەسوکاری شەهیدان و گوندپارێزانی ئانادۆڵ، ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و بە پڕوپاگەندەی پەکەکە لە قەڵەمی دا. زیا بە (ڕووداو)ی گوت "گوندپارێزان لەسەر داواکاری والی هاتوونەتە سوور بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە لە زوڵمی پەکەکە. نە چاومان لە موڵکی کەسە، نە پلانێکی لەوشێوەیەش لە ئارادایە".

ئەی ئەگەر دەوڵەت داوای لێکردن لە سوور نیشتەجێ ببن؟ سۆزەن دەڵێت "من دڵنیام شتێکی لەو بابەتە لە گۆڕێدا نییە، گوندپارێزان موڵک و گوندیان هەیە. ئەگەر دەوڵەتیش فەرمانێکی لەم شێوەیە دەربکات بێگومان ڕەتیدەکەینەوە".

عەبدولسەلام ئینجەئۆران، چاودێری (İHD) لە ناوچەکە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان گوێیان لە هیچ شتێکی فەرمی لەو ڕووەوە نەبووە، تەنیا قسەیەکە و لەنێو خەڵکی دەکرێت. ئینجە ئۆران لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەبێ بوونی بەڵگەی فەرمی ناتوانم شتێک بڵێم، بەڵام نیگەرانی لەناو خەڵکی لە هێنانی گوندپارێزان بۆ نێو سوور هەیە".

# جیهان بۆ "ئەکادیمیانی یاداشتنامە" دێنە سەر خەت

**ڕووداو- هەولێر**

تا دێت مشتومڕی بەیاننامەی "دەستپێشخەریی ئەکادیمیان"ی تورکیا گەورەتر دەبێت. ئەمریکا و ئەورووپا ڕەخنە لە کاردانەوەی تورکیا دەگرن و بە هەڵمەتی "بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان" ناوی دەبەن. ئەکادیمیانی تورکیاش ئامادە نین لە بەیاننامەکەیان پەشیمان ببنەوە.

ڕۆژی 11ی ئەم مانگە، 1285 ئەکادیمیی تورک لە زانکۆکانی تورکیا بۆ سنووردانان بۆ شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، بەیاننامەیەکیان لەژێر ناوی "نابینە شەریکی تاوانەکانتان" بڵاوکردەوە.

ڕۆژێک دواتر، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا هێرشی توندی کردە سەر ئەو ئەکادیمیانە و بە "ئەکادیمیانی یاداشتنامە" و خیانەت و پشتگیریکاری پەکەکە تاوانباری کردن. پاش ئەو هەڵوێستەی سەرۆک کۆمار، حکومەت و زانکۆ و دادگای تورکیا پێکەوە کەوتنە جوڵە و بازنەی هێرشکردنە سەر ئەو ئەکادیمییانە بەرفراوانتر بوو.

ڕۆژی 2016/1/15، زانکۆی کۆجالی بە بیانووی "بە ئاشکرا سووکایەتیکردن بە میللەتی تورک، کۆماری تورکیا، پەرلەمان و حکومەتی تورکیا و پروپاگەندەکردن بۆ پەکەکە" دەستی بە لێپرسینەوە لە 21 ئەکادیمی ئەو زانکۆیە کرد.

هاوکات بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئەفرەنسال، هەر هەمان ڕۆژ لە زانکۆی گازی ئیستانبوڵ لەسەر دەرگای دوو لە پرۆفیسۆرەکانی ئەو زانکۆیە کە واژۆیان لەسەر یاداشتنامەکە کردبوو، نووسرابوو "ئەو کەسانەمان ناوێت کە پشتگیریی پەکەکە دەکەن".

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی جیهانیش، لە زانکۆی قرقەڵا هەڕەشە لە دوو پرۆفیسۆر کراوە کە بەیاننامەکەیان واژۆ کردووە.

## چۆمسکی وەڵامی ئەردۆغان دەداتەوە

نوام چۆمسکی، بیرمەندی مەزنی ئەمریکی یەکێک بوو لەوانەی پشتگیری لە یاداشتی ئەکادیمیانی تورکیا کردبوو، ئەمەش سەرۆک کۆماری تورکیای نیگەران کرد، بۆیە داوای لەو بیرمەندە کرد کە بێتە تورکیا و "ڕاستییەکان" بەچاوی خۆی ببینێ. بەڵام چۆمسکی بە بەیاننامەیەک وەڵامی ئەردۆغانی دایەوە و گوتی کە ئامادە نییە لەسەر بانگهێشتی ئەردۆغان سەردانی تورکیا بکات، چۆمسکی گوتبووی ئەگەر کورد داوای لێ بکەن، سەردانی تورکیا دەکات.

چۆمسکی هەر لەو بەیاننامەیەدا دەڵێت "پێویستە کۆتایی بە گوشارەکانی سەر کورد بهێنرێ. حکومەتی تورکیا یاری بە ئاگر دەکات. کۆتایی بە زوڵمکردن لە کورد و هاوکاریی داعش بهێنە. بۆ ئەوەی ڕاستییەکانی ناو تورکیا ئاشکرا ببن، پێویستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە ڕۆشنبیران، مافناسان و دیموکراتخوازانی نێودەوڵەتی دروست بکرێت".

## ئەمریکا و ئەورووپا پشتگیریی دەکەن

جۆن باس، باڵیۆزی یەکەمی ئەمریکا لە ئەنقەرە لە بەیاننامەیەکیدا لە ڕۆژی هەینی ڕابردوو، پشتگیری لەو ئەکادیمیستانە کرد کە واژۆیان لەسەر بەیاننامەکە کردووە. باس دەڵێت "لەوانەیە بۆچوونی ئەو ئەکادیمیستانەمان پێ ڕاست نەبێ، بەڵام نیگەرانین لەو گوشارەی لەسەر ئەوان هەیە، چونکە ڕێگای گفتوگۆی سیاسی ڕەوا لەناو کۆمەڵگای تورکی دەربارەی هۆکارەکانی توندوتیژی و ڕێگاکانی چارەسەری دادەخات. نیگەرانی لە توندوتیژی مانای پشتگیری نییە لە تیرۆر. هەروەها ڕەخنەگرتنیش لە حکومەت مانای خیانەت نییە".

بەڵام سیاسەتوانانی تورکیا بەتوندی بەگژ قسەکانی باڵیۆزدا چوونەوە و هەندێکیان، لەوانەش سەرۆکی شارەوانیی ئیستانبوڵ داوای کرد ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو باڵیۆزە لە وڵاتەکەی بکێشێتەوە.

مەلیح جۆکچەک، داوای لە باڵیۆزی ئەمریکا کرد کە وڵاتەکەی جێبهێڵێ و گوتی "با واشنتن باڵیۆزێکمان بۆ بنێرێ کە لێمان تێبگات".

هەر لەوبارەوە مارگاریتس شیناس گوتەبێژی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووساندا دەربارەی دوا قەیرانی تورکیا گوتی "هەڵمەتی چاو سوورکردنەوە لە تورکیا دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادی. ئەم بۆچوونە لە ڕاپۆرتی یەکێتیی ئەورووپا لە ساڵی 2015 نووسراوە. داوامان کردبوو یاساکانی تورکیا لەگەڵ پێوانەکانی یەکێتی ئەورووپا بگونجێندرێن و پێوانەی یەکسان پەیڕەو بکرێت".




## مێژوو دووبارە دەبێتەوە

لە ساڵی 1984دا پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا گەیشتە لوتکە، ئەوکات ڕۆشنبیرانی تورک بە ڕابەرایەتی نووسەری بەناوبانگ عەزیز نەسین واژۆیان لەدژی ئەو پێشێلکاریانە کۆکردەوە. دواتر بە فەرمانی کەنعان ئێڤرن، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی تورکیا هەموو ئەو ڕۆشنبیرانە درانە دادگا.

تورگوت کازان، سەرۆکی پێشووی بارۆی ئیستانبوڵ یەکێک بوو لەو کەسانەی واژۆیان لەسەر بەیاننامەکە کردبوو. کازان پرۆسەی دادگاییەکەی ئەوکات لەگەڵ پرۆسەی بەرپەرچدانەوەی ئەو 1285 ئەکادیمییە بەراورد دەکات و دەڵێت "ئێمە هێندەی ئەوانەی ئەمڕۆ ماندوو نەکراین. من پێموابوو کەنعان ئێڤرن لە سێدارەمان دەدات. چونکە پێشوەخت هەموو دادوەرانی بانگ کردبوو، بەڵام پرۆسەی دادگاییەکە زۆر بەسادەیی تێپەڕی، کەس سووکایەتی پێنەکردین. کەس نەیگوت ئەوانە چەپ و مولحیدن. لە ماڵەوە بەبێ ئەوەی ماڵ و ئۆفیسەکانمان بپشکنن، ئیفادەیان لێ وەرگرتین".

دوای گەورەبوونی کێشەی ئەکادیمیانی تورکیا، میدیای نزیک لە ئاکپارتی بانگەشە دەکات کە ئەو کەسانەی واژۆیان لەسەر بەیاننامەکە کردووە، پەشیمان بوونەتەوە و ئیمزای خۆیان دەکێشنەوە. بەڵام هەندێک لە ئەکادیمیانی تورک ئەوە ڕەتدەکەنەوە.

پرۆفیسۆر باسکن ئۆران کە یەکێکە لەو کەسانەی بەیاننامەکەی واژۆ کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "تاوانم نەکردووە، لەچی پەشیمان ببمەوە. من ئەوەی بە ڕاستی دەزانم و پێموایە لە بەرژەوەندیی وڵات و نیشتماندایە کردوومە". لە درێژەی قسەکانیدا ئەو هەڵمەتەی لەسەر ئەوان بەڕێوەدەچێت، وەکو هەڵمەتی ڕێگا خۆشکردن بۆ گەیشتن بە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی لە قەڵەم دەدات "دەخوازن بمانترسێنن بۆ ئەوەی بێدەنگ بین لە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی".

هەر لەوبارەوە پرۆفیسۆر ئەرۆڵ کۆرئۆغلۆ، لە زانکۆی بۆغازیچی ئیستانبوڵ کە یەکێکە لەوانەی دادگا ئیفادەی لێ وەرگرتووە و ڕاگرایەتی زانکۆ هەڕەشەی دەرکردنی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لە پێناو ئاشتی واژۆمان لەسەر بەیاننامەیەک کرد، سەرۆک کۆمار و حکومەت بەنەرێنی پێشوازییان لێکرد، بە خائین وەسفیان کردین. بۆ ئەمە دەستەی خوێندنی باڵا و ڕاگرایەتی زانکۆکان کەوتنە جوڵە، بە پروپاگەندەکردن بۆ پەکەکە تاوانباریان کردین".

ئەو پرۆفیسۆرە تورکە سەری لەوە سوڕماوە کە دەوڵەت دەڵێت ئەوان پڕوپاگەندە بۆ پەکەکە دەکەن "نازانم دەوڵەت چۆن بیردەکاتەوە. لەخۆمان دڵنیاین و یاسامان پێشێل نەکردووە. ناچاریش نین هیچ تاوانێک لە ئەستۆ بگرین. بۆ من زۆر گرنگ نییە کێ لەسەر من چی دەڵێت".

ئەحمەد ئۆزەر، سەرۆکی زانکۆی تۆرس لە مێرسین، پێیوایە وڵاتێک ناتوانێ بڵێ دیموکراسیم ئەگەر ئاستەنگ لەبەردەم بیرکردنەوەی ئەکادیمیان دروست بکات، چونکە ئەوان قسەی ئەکادیمی و زانستی دەکەن. ئۆزەر بە (ڕووداو)ی گوت "لە جیهانی دیموکراسیدا کەس نەبووە بڵێ دەبێت هەموو کەس چەپڵە بۆ کردەوە و قسەکانی دەسەڵات لێبدەن. دەبێت هەندێک کەس بڵێ دەسەڵات ڕاستە، بەڵام هەندێکیش بۆیان هەیە بڵێن دەسەڵات هەڵەیە. دەبێت بە درێژی لە چوارچێوەی ئازادیی بیروڕا گفتوگۆ بکرێت، بەڵام بەبێ گوشار. سزادان و لەکار دوورخستنەوەی ئەوانە مەترسیدارە. هەڵوێستێکە کە لەگەڵ ئازادیی ئەکادیمیانە و ئازادیی زانستیانە یەک ناگرێتەوە".

ئۆزەر قسەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا پێش چەند مانگێک لەبارەی ئەکادیمیستان بەبیردێنێتەوە کە گوتبووی "پێویستە کەس ئاستەنگ بۆ ئەکادیمیستان دروست نەکات، ئەوان تەنیا ڕاستی دەدۆزنەوە. دەبێت بەبێ ترس قسە بکەن. چونکە ئەوەی لە دژی ناحەقی قسە ناکات شەیتانێکی بێ زمانە".

هەندێکیان کەوتوونەتە ژێر باری قەرز

# قەیرانی دارایی میدیای حیزبەکانی بێدەنگ کرد

## پارتێکی تورکمانی سێ ساڵە کرێی بارەگاکانی نەداوە و سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

حیزبەکانی باشووری کوردستان دەڵێن تاکە سەرچاوەیان ئەو بودجەیە بووە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەریاندەگرت، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕانی بودجەکانیان حاڵیان خراپە، هەندێکیان بە سەدان هەزار دۆلار قەرزدارن و قەیرانەکەش ناچاری کردوون میدیا و بارەگاکانیان دابخەن.

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان ساڵی 2014 یاسای ژمارە 5ی پەسەند کرد کە تایبەت بوو بە چۆنیەتی پێدانی بودجە بە حیزبەکان، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە کاتێکدا سامان گەرمیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت پێشتر پشتیان بە داهاتی گرووپی کۆمپانیاکانی نۆکان و ئیدارەی گشتی بەستبوو کە ئێستا قەیرانی دارایی زۆربەی پڕۆژەکانی نۆکانی ڕاگرتووە، ئەحمەد کانی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گوتی کە بەنیازن ئەمساڵ ژمارەی بارەگاکانیان کەم بکەنەوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە سەرجەمی لایەنە سیاسییەکانی دیکە، ئەو دوو لایەنە بە دەستبەسەرداگرتنی داهات و سامانی وڵات تۆمەتبار دەکەن.

### گۆڕان چاوی لە دەستی هەڵسوڕاوانە

بزووتنەوەی گۆڕان تا سەرەتای ساڵی 2014، مانگانە بڕی 500 ملیۆن دیناریان لە حکومەت وەرگرتووە. ئاوات شێخ جەناب ڕێکخەری ژووری کارگێڕی و دارایی ئەو بزووتنەوەیە ڕایگەیاند، ئەوان پێشتریش لەلایەن "دڵسۆزانی بزووتنەوەکە"وە هاوکاری کراون، بەڵام میدیاکارانیان گرفتی دواکەوتنی مووچەیان بۆ دروستبووە و گوتی "داهاتمان هەر ئەو هاوکارییانەی دڵسۆزانی گۆڕانە و پڕۆژەی بازرگانیشمان نییە، بەڵام قەرزداریش نین".

بەگوتەی ئەو هەڵسوڕاوە، پەرلەمانتار و وەزیر و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیان مانگانە بە ویستی خۆیان بەشێک لە مووچەکانیان دەدەنە گۆڕان.

### یەکگرتووەکان دەبنە خۆبەخش

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێشتر مانگانە 450 ملیۆن دیناری لە حکومەت وەردەگرت. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێت کادیرەکانیان خۆبەخشانە کار دەکەن، لەپاش سەرهەڵدانی قەیرانەکەشەوە پشتیان بە گیرفان و کۆمەکی کادیرانیان بەستووە.

مستەفا عەبدوڵڵا گوتی "مانگانە پەرلەمانتار و وەزیر و پلە تایبەتەکانمان بەڕێژەی 45% تاوەکو 55%ی مووچەکانیان بە حیزب دەدەن، ئەگەر کادیرێکیش لە حکومەت نەبێت و ڕۆژانە سەرقاڵی ئیشی حیزب بێت مووچەیەکی پێدەدرێت".

یەکگرتوو لە هەندێک شوێن بارەگای دروستکردووە و هەندێکیشیان لە کرێدان، بەڵام دایاننەخستوون، مستەفا گوتی "تەنیا ڕۆژنامەکەمان وەستاندووە و کادیرانی ڕاگەیاندنیشمان گرفتی مووچەیان هەیە".

ناوبراو ئاشکرای نەکرد کە چەند قەرزدارن و گوتی "مەسەلەی قەرزداری ناتوانم ئاشکرای بکەم، بەڵام ئەگەر پەناش بۆ قەرز ببەین ئاساییە".

کۆمەڵی ئیسلامی پێش قەیرانی دارایی مانگانە 350 ملیۆن دیناری وەردەگرت. بەگوتەی ڕێبوار حەمەد گوتەبێژی کۆمەڵ، وەزیر و پەرلەمانتار و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیشیان مانگانە ڕێژەی 50% تا 60%ی مووچەکانیان دەدەنەوە بە حیزب، ئەو گوتی "ماوەیەکی زۆرە 50%ی نەسریەی ئۆرگانەکان دەدەین، بارەگاکانیشمان لە زۆربەی ناوچەکاندا خۆمان دروستمان کردوون و کەمتریان کرێن، بۆیە دانەخراون".


قەیرانی دارایی بارەگای حیزبەکانی چۆڵکردووە (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

بزووتنەوەی ئیسلامیش مانگانە 200 ملیۆن دینار بودجەی لە حکومەت وەردەگرت. عەبدوڵڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوە ڕایگەیاند حەوت بارەگا و کەناڵی ڕابوون و ڕادیۆی چەند مەڵبەندێک و هەفتەنامەی باسکیان داخستووە و گوتی "بەدەیان کادیری ڕاگەیاندنمان تەنیا وەکو ئەندام ماونەتەوە، بەڵام لە ماڵەوەن و کاری خۆیان دەکەن".

وەکو ئەو باسی کرد، پێشمەرگە دێرینەکانیان مانگانە بڕێک لە مووچەی خانەنشینی دەدەنەوە بە حیزب و ئەوانیش دەیدەنەوە بە کرێی بارەگاکانیان، گوتیشی "تاوەکو ئێستا قەرزمان نەکردووە، بەڵام پارەیەکی زۆری کرێی بارەگاکانمان قەرزدارین".

حاڵی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانیش لە حاڵی حیزبەکانی دیکە باشتر نییە. ئەو حیزبە کە پێشتر مانگانە 350 ملیۆن دیناری وەردەگرت، ئێستا کەوتووەتە ژێرباری قەرزەوە.

بەختیار کەریم، ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە گوتی کە ئێستا قەرزدارن، گوتیشی "ئەو بارەگایانەی بەکرێ تێیدا بووین کەممان کردوونەتەوە و ڕۆژنامەکەشمان داخست، بەڵام کەناڵە ئاسمانییەکە ماوە".

ناوبراو گوتیشی "هەندێک کارمەندی میدیامان گرێبەست بوون و تازەمان نەکردنەوە و هەندێکیشیان مووچەیەکی ڕەمزی وەردەگرن، کارمەندمان هەبوو ڕۆیشتن، بەڵام کادیرانی دیکە خۆبەخشانە کار دەکەن".

ساڵی ڕابردوو محەممەد حاجی مەحمود سکرتێری گشتی سۆسیالیست ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بۆ حیزب فرۆشت، بەختیار گوتی "ئاگادار نیم کەلوپەلی دیکەی فرۆشتبێت، بەڵام پارەی خۆی سەرف دەکات، پەرلەمانتار و وەزیرەکانیشمان بەشێک لە مووچەکەیان دەدەنەوە بە حیزب".

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان مانگانە 280 ملیۆن دیناریان وەردەگرت، بەڵام ئێستا کادیرەکانیان بە گیرفانی خاڵی دەوام دەکەن. سەعد خالید لە دەستەی سەرۆکایەتی زەحمەتکێشان گوتی، جگە لە داخستنی چەندین بارەگا، هەندێکیشیان خستووەتە نێو شوقەوە "هەر زوو ڕۆژنامەکەمان داخست، مانگی ڕابردوو تەلەفزیۆنەکەشمان داخست و کارمەندەکانیشمان ڕەوانەی ماڵەوە کردنەوە، ئێستا هەموومان خۆبەخشانە کار دەکەین".

### 100 هەزار دۆلار قەرزدارن

پارتی چاکسازیی پێشکەوتنی تورکمان لەسەر گیرفانی مونا قەهوەچی و عەبدولقادر بازرگانی مێردی بەڕێوەدەچێت، ئێستا مونا پەرلەمانتارە و بازرگانیش پەرلەمانتاری خانەنشینە. ئەو حیزبە پێشتر بودجەکەی 97 ملیۆن دینار بوو.

بەگوتەی قەهوەچی، لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بارەگاکانیان داخستووە. هەروەها ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەشیان داخستووە. سێ ساڵیشە کرێی بارەگاکانیان نەداوە و ئێستا زیاتر لە 100 هەزار دۆلار قەرزدارن و سکاڵاشیان لەسەر تۆمارکراوە.

### مەسیحییەکان کۆمەکیان بۆدێت

کلدۆ ڕەمزی، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دیموکراتی ئاشووریش ڕایگەیاند، ڕۆژنامە و کەناڵی ئاسمانی و چەند گۆڤارێکیان داخستووە و تەنیا ڕادیۆیەکیان لە هەولێر ماوە و لەلایەن خەڵکانی خۆیانەوە لە دەرەوە پارەیان بۆ کۆدەکەنەوە و گوتی "ئێمە مووچەمان بە ئەندامان نەداوە و تەنانەت خۆیشم پارەم بە حیزب داوە".

# فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەسەر پێشنیازەکانی یوسف محەممەد کۆک نین


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**یەکێتی:** بڕیاری سیاسی لە دەست پەرلەماندا نییە

**پارتی:** د.یوسف محەممەد لەسەر سیاسەتی هەڵەی بەردەوامە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

هەر پێنج فراکسیۆنەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر سێ پێشنیازەکەی د.یوسف محەممەد سادق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەیە کە ڕۆژی 2016/1/16 ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی کرد بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان.

پارتی و گۆڕان کە لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتدا زۆر تەبا بوون، گۆڕان سەرۆکی پەرلەمان و چوار وەزارەت و چەندین پۆستی دیکەی لەو حکومەتە وەرگرت کە پارتی سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام ئێستا هەر یەکێکیان لە ئاوازێک دەخوێنن.

گۆڕان کە لە ڕێگەی ڕێکخەرە گشتییەکەی بانگەشەی چوار ساڵی ئارامی کرد، زۆری نەبرد کەوتە ڕەخنەگرتن لە حکومەت. دواتریش کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لەبارەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کەلێنی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو حیزبەی فراوانتر کرد تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی پارتی ڕێگری کرد لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەولێر.

محەممەد عەلی، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، د.یوسف محەممەد خۆی داینەمۆی لێکتێنەگەیشتن و تێکدانی تەوافوق بوو، بۆیە ناتوانێت دەستپێشخەری و چارەسەر بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان پێشکەش بکات، جەنابیان ڕۆڵێکی زۆر خراپیان لە تێکدانی ئەو بارودۆخە سیاسییەدا هەبوو".

محەممەد عەلی پێیوایە "پێشنیازەکانی د.یوسف محەممەد شتێکی تازەی تێدا نەبوو، هەر بەردەوامی بوو لەسەر ئەو سیاسەتە هەڵەیەی پێشوو کە هەرێمی کوردستانی بەو ڕۆژە گەیاند".

گۆڕان کە 24 کورسی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، دووەمین فراکسیۆنی پەرلەمانە. پەرلەمانتارێکی گۆڕان پێشوازی لە پێشنیازەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەکات و دەڵێ ئەگەر ئیرادە هەبێت، دەتوانرێت قەیرانەکان تێپەڕێنرێن.

ئومێد حەمەعەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو سێ پێشنیازەی سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت قەیرانە سیاسییەکان چارەسەر بکات ئەگەر ئیرادەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە لەلایەن پارتییەوە هەبێت، چونکە پارتی کودەتای کردووە و دامەزراوەکانی پەکخستووە، هەر ئەویش دەتوانێت ئەم دۆخە ئاسایی بکاتەوە".

ئومێد حەمەعەلی پێیوایە تاوەکو دۆخەکە ئاسایی نەکرێتەوە ناتوانرێت گفتوگۆیەکی نیشتمانی و جدی بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە سیاسی، دارایی و ئیدارییانەی هەرێمی کوردستان بکرێت.

یەکێک لە پێشنیازەکانی سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژاردنی پێشوەختە بوو، بەڵام پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان پێشنیازی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە قووڵکردنەوە و گەورەکردنی قەیرانەکان دەزانێت و دەڵێ "دەبێت حیزبەکان لە دەرەوە ڕێکبکەون، ئینجا ڕەوشی پەرلەمان ئاسایی دەکرێتەوە".

ساڵح فەقێ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشنیازی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە قووڵکردنەوە و گەورەکردنی قەیرانە سیاسییەکان دەزانین، چونکە هەلومەرجی سیاسی، دارایی و سەربازیی هەرێمی کوردستان لەبار نییە بۆ هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو، بە پێچەوانەوە کێشەکان گەورەتر دەبن، بۆیە تاکە چارەسەر سازانی حیزبەکانە لە دەرەوەی پەرلەمان و دروستبوونەوەی متمانەی سیاسییە لە نێوان لایەنەکاندا".

هەرچەندە بەرپرسانی گۆڕان بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی باڵای هەرێمی کوردستانە، بەڵام پەرلەمانتارەکەی یەکێتی دەڵێت "لە کوردستان بڕیاری سیاسی لە دەست حیزبەکانە، ئەمەش واقیعە و پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، حیزبەکان لە دەرەوە ڕێکدەکەون و فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانیش لەسەر ئەو ڕێککەوتنە دەڕۆن".

پێشتریش مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوە پەیامێکی ڕاگەیاند و داوای لە حیزبەکان کرد چارەسەری قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەویش بە دانانی کەسێک لە شوێنی ئەو، یان بەردەوامیدان بەو خولەی سەرۆکایەتی هەرێم تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو. بژارەی سێیەمیش بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک بدەن.

بەبڕوای پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو، ئەوەی ئێستا هەیە شەڕە پەیامە نەک چارەسەری قەیرانەکان. بەهزاد دەروێش، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی سەبارەت بە پەیامەکەی سەرۆکی پەرلەمان گوتی "ئەگەر ئەجێندایەکی سیاسی و هەنگاوی عەمەلی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازانە نەبێت، ئەوا بە بۆچوونی ئێمە ئەوەی هەیە و ڕوودەدات تەنیا شەڕە پەیام و کات کوشتنە، پێشتر قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەبوو، ئێستا قەیرانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزیرەکانی گۆڕانیش دروستبووە، ئەم کێشانەش بە پەرلەمان چارەسەر ناکرێت و پێویستە لە دەرەوەی پەرلەمان ئەم پرسانە یەکلایی بکرێنەوە و ئینجا پەرلەمان ئاسایی بکرێتەوە".

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش پێیوایە سەرجەم ئەو پێشنیازانەی کە سەرۆکی پەرلەمان پێشکەشی کردوون، تاقیکراونەتەوە و هیچ ئەنجامێکیان نەبووە.

سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵ بە (ڕووداو) گوت "ئەو پێشنیازانە زۆربەیان لەسەر مێزی گفتوگۆی پێنجقۆڵی تاقیکرانەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئێستا پەرلەمان پەکخراوە و دانیشتەکان وەستاون و ڕێگری لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت بۆ هەولێر، بۆیە بڕوا ناکەم ئەو پێشنیازانە قەیرانەکان چارەسەر بکەن".

بەبڕوای سۆران عومەر، تاوەکوو حیزبەکان لە دەرەوەی پەرلەمان نەگەنە ڕێککەوتن، نە دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە و نە قەیرانەکانیش چارەسەر دەبن.

سێ پێشنیازەکەی سەرۆکی پەرلەمان

پێشنیازی یەکەم: بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکرێت، بەپێی ئەو یاسایە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت، تا ئەو کاتە دەسەڵاتەکان بگوازرێتەوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پێشنیازی دووەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، هەروەک چۆن لە یەکەم خولی سەرۆکایەتی هەرێمدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا. هەروەها لە 2013 دوو ساڵ ماوەکەی بۆ درێژ کرایەوە. ئەگەر نەتوانرا لەناو خەڵکەوە هەڵبژاردن بکرێت، ئەوا لەناو پەرلەمانەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت.

پێشنیازی سێیەم: ئەگەر قەیرانەکان چارەسەر ناکرێن، ئەوا هەڵبژاردنی پێشوەخت بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان پێکەوە بکرێت.



## کارگێڕی گومرگ بە ئەکادیمی دەکرێت

**ڕووداو- چۆمان**

بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستاندا بڕیارە بۆ ئەمساڵی خوێندن بەشی کارگێڕی گومرگی ئێواران لە پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان بکرێتەوە. سەروەر جەمال راگری ئەو پەیمانگەیە بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو بەشە لە لەسەر ئاستی پەیمانگە تەکنیکییەکان نوێیە گرنگییەکەشی لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان دەروازەی گومرگی زۆری تێدایە و وەکو خواستی بازاڕیش پێویستە ئەو بەشە هەبێت و گوتی "ئەو کەسانەی لە کارگێڕی دەروازە گومرگییەکاندا کار دەکەن دەبێت پسپۆری ئەو بوارە بن، بۆیە لەو بەشەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی ئەکادیمی پێیان بگەیەنین و بێگومان بۆ بواری ئابووریش سوودی زۆری دەبێت".

داهاتیان بە ڕێژەی 60% کەمی کردووە

# قەیرانی دارایی تەنگی ڕێستورانتەکان هەڵچنیوە

رەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، هاتنی گەشتیار بۆ کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و بەمەش داهاتی چێشتخانە و ڕێستورانتەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 60% دابەزیوە، هەروەها 40 چێشتخانە و ڕێستورانتیش مایەپووچ بوون و داخراون.

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، زۆرترین ژمارەی هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان لەساڵی 2013دا تۆمارکراوە کە 2 ملیۆن و 952 هەزار کەس بوو، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی داعش و قەیرانی دارایی، ماوەی دوو ساڵە ژمارەی هاتنی گەشتیاران روو لە کەمییە.

هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2014دا ژمارەی هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 30% زیادی کرد، بەڵام لە شەش مانگی دووەم بەهۆی هێرشەکانی داعش بە ڕێژەی 80% کەمی کرد، بۆیە بەراورد بە ساڵی پێشتر هاتنی گەشتیار بە ڕێژەی 55% کەمی کرد و ساڵی رابردووش بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بەردەوامبوونی شەڕ لە ناوچەکە، هاتنی گەشتیار بەراورد بە 2014 نزیکەی 60% دابەزی".

بەگوتەی هێرش ئەحمەد، زەرەرمەندی یەکەم لەو بارودۆخەدا، میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستانن، چونکە وەک ئەو دەڵێت "لەکاتی شەڕ و قەیرانی دارایی، گەشتیار ئارەزووی گەشت ناکات، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر فرۆشی چێشتخانەکانی کوردستان جێهێشتووە و میوانیان بە ڕێژەی 60% دابەزیوە".

هەرچەندە ناوبانگ و کواڵیتی چێشتخانەکان رۆڵی سەرەکییان لە راکێشانی سەرنجی میوان بۆ چێشتخانەکان هەیە، بەڵام دیارە کە داهات کەم بوو، ناوبانگ و کواڵیتی و خزمەتگوزارییەکانیش رۆڵیان نامێنێ.

شوکر رەحمان، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە چێشتخانەی باوکی شەهاب دەڵێت "لەدوای هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ میوانمان کەم دەبێتەوە".

شوکر رەحمان گوتی "تاوەکو کۆتایی مانگی ئابی ساڵی رابردوو، میوانمان بەراورد بە ساڵی 2013 بە ڕێژەی 60% کەمی کردبوو، بەڵام لە سەرەتای ئەیلولی ساڵی رابردووەوە فرۆشمان یەکجار دابەزیوە، بۆیە دەتوانم بڵێم بە بەراورد بە ساڵی 2013 ئێستا فرۆشمان بە ڕێژەی 80% دابەزیوە".

بەپێی ئاماری کۆمەڵەی میوانخانەوە چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان 1625 چێشتخانە و ڕێستۆرانتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا هەن.

هێرش ئەحمەد دەڵێت "هەرچەندە لەدوو ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی کەم چێشتخانەی نوێ کراونەتەوە، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی موشتەری نزیکەی 40 چێشتخانە و ڕێستۆرانتی خاوەن ئەستێرە داخراون کە بەشێکیان لە پلەی براندی جیهانیدا بوون، بەشێکی دیکەشیان بەهۆی گرانیی نرخی کرێی شوێنەکانیان و کەمیی فرۆشیان مایەپووچ بوون و داخران، بەشێکیشیان لەنێو هۆتێلەکاندا بوون، دوای داخستنی هۆتێلەکان، داخران".

سەبارەت بەشوێنی چێشتخانەکان، هێرش ئەحمەد گوتی "نامەوێت شوێن و ناوەکانیان ئاشکرا بکەم، بەڵام پشکی شێر بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە کە نزیکەی 16 چێشتخانە و ڕێستۆرانتن، لە سلێمانی 9 و لە دهۆکیش 7 و نزیکەی 8 چێشتخانەش لەگەڵ داخستنی هۆتێلەکان داخراون".

چێشتخانە و ڕێستۆرانتی تودەی کە لە 2006 کراوەتەوە، ماوەیەک یەکێک بوو لە قەرەباڵغترین چێشتخانەکانی هەولێر، بەڵام هاوشێوەی چێشتخانەکانی دیکە قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی هاتنی گەشتیار، کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی موشتەرییەکانی هەبووە.

دلێر موحسین، خاوەنی چێشتخانە و ڕێستۆرانتی تودەی دەڵێت "لە ماوەی 9 ساڵی رابردوودا هیچ ساڵێک هێندەی ئێستا چێشتخانەکەمان بێ بازاڕ نەبووە، تەنانەت لە ساڵی یەکەم کە چێشتخانەکەمان کردەوە موشتەریمان لە ئێستا زیاتر بوو، ئێستا موشتەریمان بە ڕێژەی 60% کەمی کردووە".

ئەم خاوەن چێشتخانەیە پێیوایە سەرباری کەمبوونەوەی گەشتیار، دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران ئەوەندەی دیکە بێ بازاڕی کردوون "توانای خەڵک بۆ کڕین زۆر لاواز بووە، پێشتر میوانمان دەهات مێزی بە چەندین خواردن دەڕازاندەوە، تەنانەت بەشێک لەخواردنەکانمان بۆ دەکردن بە سەفەری، بەڵام ئێستا سەرەڕای کەمی میوان، ئەوانەشی کە دێن یەکجۆر خۆراک و زۆر کەمیش داوا دەکەن".

ئێستا کۆمەڵەی چێشتخانەکان چاوی لە حکومەتە کە هەندێک ئاسانکاری بکات بۆ هاتنی گەشتیار. هێرش دەڵێت "بارودۆخی میوانخانە و چێشتخانەکان زۆر خراپە، چاوەڕێین حکومەت پلانێک دابڕێژێ لە ڕێگەی کارئاسانی لە بازگەکان، ڕێگە بۆ هاتنی گەشتیاری عەرەب خۆش بکەن و لە ڕێگەی ڕێکلام و ڤیزای گەشتیاری، هانی گەشتیاری بیانی بدەن بۆ گەشت روو لە کوردستان بکەن".

نادر رووستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دەستەکەیان لە هەوڵی بەردەوامدایە لە ڕێگەی کۆمپانیا و گرووپە گەشتیارییەکان و دۆزینەوەی سپۆنسەر بۆ چالاکییەکان، بەتایبەت لە جەژنی نەورۆز و بۆنەکانی بەهاری ئەمساڵ، ڕێژەی هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان بەرز بکاتەوە. رووستی گوتی "لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکی هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان بەسەر داعشدا، هیوامان بۆ هاتنی گەشتیاری باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ کوردستان زیاتر دەبێت".



خاوەنی چێشتخانەیەک: ئێستا میوانەکان یەک جۆر خواردن و زۆر کەمیش داوادەکەن

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# بارهەڵگرەکان داوای کەمکردنەوەی باج دەکەن

رەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەشێک لە خاوەن ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان و ئامێرەکانی بیناسازی داوای کەمکردنەوەی باجی ساڵانەی سەر ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانیان دەکەن و دەڵێن سەرەڕای قەیرانی دارایی و بێکاربوونیان، حکومەت ڕەچاوی بارودۆخیان ناکات و هەمان باجی 2013یان لێ وەردەگرێ.

لە هەرێمی کوردستان باجی ساڵانە لە ئۆتۆمبێلی گەورە و بچووکی بارهەڵگر و ئامێری بیناسازی بەپێی جۆریان دەگۆڕێت، باجەکەش لە 7 ملیۆن دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 15 ملیۆن دینار. بۆ نموونە ئۆتۆمبێلی بچووکی 1.5 تاوەکو 2 تۆنی، ساڵانە 7 ملیۆن دیناریان لێ وەردەگیرێ، بەڵام تادانۆ و پەمپی چیمەنتۆ دەبێ 15 ملیۆن دینار بدەن.

شەماڵ جەلیل عەلی، خاوەنی چوار بارهەڵگری 34 تەنی و حەفارەیەکە، بە گوتەی خۆی لەساڵی 2013 نزیکەی 7هەزار دۆلاری وەکوو باج داوە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی نەبوونی کار تائێستا نەیتوانیوە باج بدات. شەماڵ بەئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی کاری بەڵێندەرایەتی تێکدانی خانوو و باڵەخانە دەکات و دەڵێت "پێشتر شەو و ڕۆژ کارمان هەبوو، بۆیە لامان ئاسایی بوو باج بدەین، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی دارایی ئیش بەڕێژەی 75% کەمی کردووە، بۆیە ناتوانین ئەم باجە بدەین".

شەماڵ داواکارە لە حکومەت ڕەچاوی بارودۆخیان بکات و باجیان لەسەر کەم بکاتەوە. شەماڵ گوتی "بەهۆی سەپاندنی ئەو باجە زۆرە ناتوانین ئۆتۆمبیلەکانیشمان بفرۆشین، چونکە تاوەکو پاکانەی باج نەهێنین ئۆتۆمبێلەکە بەناوی کڕیارەوە ناکەن".

شەماڵ دوو ساڵە باجی ئۆتۆمبێلەکانی نەداوە و دەڵێت "ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، چەند ساڵێکی دیکە دەبێت یەک بەیەک ئۆتۆمبێلەکانمان بۆ باجی حکومەت بفرۆشین".

زانیار محەممەد قادر، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان لە وەرگرتنی باج ڕەچاوی باری خێزان و تەمەن و جۆری ئۆتۆمبیلەکە دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بارهەڵگرێکی 12 تۆنی هەبێت و خێزاندار بێت، لەو 10 ملیۆن و 500 هەزار دینارەی بۆ قازانجی ساڵانەی خەمڵێنراوە، 2.5 ملیۆن دینار بۆ خۆی و 2.5 ملیۆن دیناریشی بۆ خێزانەکەی لێ خۆش دەبین، ئەگەر منداڵیشی هەبێت، بۆ هەر منداڵێک 300 هەزار دینار داشکاندن دەکەین، بەو مەرجەی تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمتر بێت، ئینجا بەپێی قازانجەکە باجی لێ وەردەگیرێ.

زانیار محەممەد دەڵێت "لە وەرگرتنی باج سیستەمی تەساعودی ڕەچاو دەکەین، لە دوو ملیۆن دیناری یەکەم 3%، لە دوو ملیۆن دیناری دووەم 5%، لە دوو ملیۆن دیناری سێیەم 10%، لە دوو ملیۆن دیناری چوارەم بەسەرەوە لە 15%ی قازانج، باج وەردەگرین".

بەپێی خشتەی خەمڵاندنەکە، ئەگەر ئەو خاوەن بارهەڵگرە دوو منداڵی هەبێت، ساڵانە 250 هەزار دینار باجی لێ وەردەگیرێت. بەبڕوای زانیار ئەو بڕە پارەیە زۆر نییە، بەڵام دەڵێت "گرفتەکە لەوەدایە خاوەن بارهەڵگرەکان تاوەکو کاتی نوێکردنەوەی ساڵنامەی ئۆتۆمبێلەکانیان باج نادەن، بەمەش باجێکی زۆریان لەسەر کۆدەبێتەوە".

زانیار هەڵەیەکی دیکەی خاوەن بارهەڵگرەکان باس دەکات و دەڵێت "زۆربەیان بێ ئەوەی بیر لە باج بکەنەوە، چەند ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بەناوی خۆیانەوە دەکەن، بەپێی ڕێنماییەکانی ئێمەش تەنیا لەیەک ئۆتۆمبیل لێخۆشبوون دەگرێتەوە، لە ئۆتۆمبێلەکانی دیکە بەگوێرەی خەمڵاندنەکە سیستەمی تەساعودی لەسەر هەژمار دەکرێت، بۆیە بڕی باجەکە زیاد لەسەریان دەکەوێت".

د.سابیر پیرداود عوسمان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین، بەپێویستی دەزانێ وەزارەتی دارایی لە خەمڵاندنی ئەو باجانە ڕەچاوی بارودۆخی ئابووریی وڵات و کاری ئەو ئۆتۆمبیلانە بکات، چونکە وەک ئەو دەڵێت "باج لەسەر قازانج دادەنرێت، ئەگەر بارهەڵگرێک بەهۆی خراپیی بارودۆخی ئابووریی وڵات کاری نەبێت، چۆن دەکرێت باجێکی زۆری لەسەر بسەپێنرێت، بۆیە دەبێت ڕەچاوی داهاتی کەسەکە بکرێت و باجەکە بەجۆرێک بێت کار لە ژیانی نەکات".

بەپێی بەراوردی خشتەی خەمڵاندنی قازانجی ئۆتۆمبیل بۆ وەرگرتنی باج بۆ ساڵی 2015 لەگەڵ هەمان خشتە بۆ ساڵی 2013، دەردەکەوێت هەمان خەمڵاندن دانراوەتەوە و تەنانەت باجی هەندێ ئامێر زیادکراوە و ڕەچاوی خراپیی بارودۆخی ئابووریی کوردستان نەکراوە، ئەمەش لەکاتێکدایە بەپێی هەموو پێوەرە ئابوورییەکان، کار و قازانجی بارهەڵگر و ئامێرە پیشەسازییەکان لەم دوو ساڵەدا جیاوازیی زۆریان لە نێواندا هەیە.

زانیار محەممەد قادر دەڵێت "ئەو خەمڵاندنەی ئێمە لە ساڵی 2013 و ساڵانی دیکەش داماننناوە، خەمڵاندنێکی سەرپێیی بووە و تەنیا بۆ ئەوە بوو هانی بارهەڵگرەکان بدەین باج بدەن، دەنا خەمڵاندنەکە بەگوێرەی قازانجیان ڕاستەقینە نییە و زۆریش کەمە".

گوتیشی "ئێستا کە وڵات لە بارودۆخێکی ئابووریی خراپدایە، حکومەت پێویستی بەداهاتی ئەو باجە هەیە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، دەمانەوێت لەمەولا بەگوێرەی قازانجی ساڵانەی کارەکانیان باجێکی ڕاستەقینەیان لێ وەربگرین، بۆیە بیرمان لەوە کردووەتەوە بۆ زیادکردنی داهات، باجەکان بەگشتی زیاتر بکەین".

د.سابیر کە دکتۆراکەی لەسەر زیادکردنی خۆشگوزەرانییە، بەپێویستی دەزانێ حکومەت بۆ زیادکردنی داهاتی وڵات، لەم بارودۆخەی ئێستادا، لەجیاتی پەنابردنە بەر وەرگرتنی باجە ناڕاستەوخۆکان، بیر لە دانانی سیستەمێک بۆ وەرگرتنی باجە ڕاستەوخۆکان بکاتەوە لەسەر داهات و قازانجی ملیۆنێر و ملیاردێرەکان لە کوردستان کە بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، وەک ئەو دەڵێت "ساڵ بە ساڵ ژمارەیان لە زیادبووندایە".

گوتیشی "وەک چۆن باج لە خاوەن کۆمپانیا گەورەکان وەردەگیرێت، بەهەمانشێوە دەبێت باج لە باڵەخانە گەورەکان و مۆڵەکان و کۆمپانیا گەورەکان، بە تایبەتی ئەوانەی بواری نەوت وەربگیرێ".

سەبارەت بە وەرنەگرتنی باج لە باڵەخانە و کۆمپانیا گەورەکان، زانیار گوتی "زۆربەی باڵەخانە و کۆمپانیا گەورەکان کە ئێستا چالاکییان هەیە، بەشێوەی وەبەرهێنان دروستکراون، بەپێی یاسای وەبەرهێنانیش ئەوان بۆ ماوەی 10 ساڵ لە باجدان بەخشراون، بۆیە ناتوانین باجیان لێ وەربگرین".



| ژ | جۆری ئۆتۆمبیل | خەملاندنی قازانج بۆ باج/ دینار |
|---|---|---|
| 1 | ئۆتۆمبیل (1.5 تاوەکو 2 تۆن ) | 7.000.000 |
| 2 | بارهەڵگری 4 تۆن | 7.500.000 |
| 3 | ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری 6 تۆن | 8.000.000 |
| 4 | ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر (8 -9) تۆن | 9.000.000 |
| 5 | ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر (10- 12) تۆن | 9.500.000 |
| 6 | ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر زیاتر لە12 تۆن | 10.500.000 |
| 7 | ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی ئاوی قورس | 7.000.000 |
| 8 | ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی ئاوی پاک و نەوت | بەپێی تۆن |
| 9 | ئامێری بیر هەڵکەندن – کرێن – بلدۆزەر – فاریشە – شۆفڵ- گرێدەر – حەفارە ..هتد | 11.500.000 |
| 10 | شۆفڵ و حەفارەی بچووک | 10.000.000 |
| 11 | کرێنی بچووک | 8.500.000 |
| 12 | ئۆتۆمبیلی سایلۆ | 10.500.000 |
| 13 | ئۆتۆمبیلی ساردکەرەوە | بەپێی تۆن |
| 14 | تادانۆ – پەمپی چیمەتۆ | 15.000.000 |

# شەڕی مەزهەبە یان نەوت؟



ئاکدۆغان ئۆزکان

لەوانەیە مایەی سەرسوڕمان نەبێ کە نرخی نەوت لە ساڵانی 2011 — 2013 لە سەرووی 100 دۆلارەوە بووبێ و ئەمڕۆش گەیشتبێتە ئاستی 30 دۆلار، بەڵام تێگەیشتن لە هۆکاری ئەو نرخ بەرزبوونەوەیە بەڕادەی تێگەیشتن لە نهێنییەکانی ژیان زەحمەتە. کەواتە پرۆسەی تێگەیشتن لە بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کاڵایە ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەش تێنەگەین، ئاسانتر دەتوانین لە هۆکارەکانی دابەزینی نرخ تێبگەین. کاتێک لەوەش تێدەگەن، دەتوانن بڕیار بدەن لەپشت شەڕی عێراق و سووریاوە شەڕێکی مەزهەبی هەیە، یان شەڕی نەوت!

پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێین، ئەمریکا ستراتیژی دابەزاندنی نرخی نەوتی رووسیای هەیە، چونکە ناخوازێ دوای قەیرانی ئۆکراینا و یەکگرتنەوەی لەگەڵ دوورگەی کریمیا، رووسیا زیاتر لەوە بەهێزتر بێت و ببێتە زلهێزێکی نەوت و غازی سروشتی و جارێکی دیکە بگاتەوە ئاستی وڵاتێکی سوپەر.

دووەم: ئەمریکا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی، لەو رووەوە هاوبەشە لەگەڵ سعودیە کە زۆرجار وەکو ماشە بەکاری دێنێت. ریاز بۆ ئەوەی ئەو رێککەوتنە جێبەجێ بکات، هەناردەی نەوتی خۆی بۆ سەرووی دوو ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد کرد و ئەوەش بووە هۆی دابەزینی نرخی نەوت.

سێیەم: دەردی سعودیە کە گەورەترین وڵاتی ئۆپێکە، هەڵگرتنی ئابلۆقە ئابوورییەکانە لەلایەن رۆژئاوا لەسەر ئێران لە مانگی تەممووزی داهاتوودا. حکومەتی ریاز ناخوازێ ئێران رێژەی هەناردەکردنی بەرز بکاتەوە و ببێتە هێزێکی گەورەی ناوچەکە. بۆیە ئامانجی ستراتیژیی دابەزاندنی نرخی نەوت بە رادەی رووسیا لێدانە لە ئێران.

چوارەم: لەگەڵ ئەوەش ناتوانین بڵێین واشنتن و ریاز لەم بارەیەوە تەواو رێککەوتوون. ئەمریکا و سعودیە لە شەڕی "زێڕی رەش"دا تا ئاستێک دژ بەیەکن.

پێنجەم: سعودیە لەلایەک بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە بازاڕ بپارێزێ، نرخی نەوت دادەبەزێنێ، لەلایەکی دیکە هەوڵ دەدات ئەمریکا وەکو وڵاتێکی وەبەرهێنەری نەوتی بەردین کە تێچوونەکەی زۆرە، لە دەرەوەی بازاڕ بهێڵێتەوە. کاتێک ئیدارەی ریاز نرخی نەوت زۆر بۆ خوارەوە دادەبەزێنێ، ئەمریکا بەردەوام نابێت لەسەر وەبەرهێنانی نەوتی بەردین، سعودییەکان پێیانوایە بەمشێوەیە دەتوانن دەستڕۆیشتوویی خۆیان لەناوچەکەدا بپارێزن.

شەشەم: ستراتیژی دابەزاندنی نرخی نەوت لە ساڵی رابردوودا بەرهەمی خۆی دا و گورزی لە ئابووریی رووسیا وەشاند. مۆسکۆ کە نیوە زیاتری داهاتەکەی لەسەر فرۆشتنی نەوت و غازە، بەدابەزینی نرخی نەوت خەریکە دەخنکێ. پسپۆڕان پێیانوایە گەورەبوونی ئابووریی رووسیا لە ساڵی 2016 نزیکەی 0% بووە.

حەوتەم: بەڵام دابەزینی نرخی نەوت گورز لە سعودیەش دەدات کە فرۆشتنی نەوت 70%ی داهاتەکەی پێکدەهێنێ. لەبەر ئەوەش کورتهێنانی بودجەی سعودیە لە کۆتایی 2015 نزیک بوو لە 100 ملیار دۆلار. بەواتایەکی دیکە، ئەو ستراتیژە وەک ئەوەیە کە سعودیە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بسووتێنێ، تەقە لە خۆیشی دەکات.

باشە ئەمریکا بۆچی پەنا بۆ ستراتیژییەکی بەو شێوەیە دەبات کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هاوپەیمانی هەرە نزیکی خۆی دەدات و مایەپووچبوونی خێراتر دەکات؟ چونکە ئەو ستراتیژە بەر لە 30 ساڵ لەکاتی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە سوودی هەبوو، نرخی نەوت لە 35 دۆلارەوە بۆ نزیکەی 10 دۆلار دابەزی. ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت. ئەمڕۆش ئەو ستراتیژە سوودی هەیە و گورزێکە بۆ رووسیا کە رۆژانە 11 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەرهەم دێنێت. هەروەها پێیانوایە کە پاشان نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە و سعودیە زیانەکانی قەرەبوو دەکاتەوە و تەنیا دەبێتە گورزێک بۆ رووسیا و ئێران!

بێگومان ئەوانەی ئەو حیسابەیان کردووە، گرنگییان بە تایبەتمەندیی دیکە نەداوە. بۆ نموونە: سعودیە بەرەو مایەپووچبوون دەچێت، بەگوێرەی ئامارەکان دابەزینی نرخی نەوت لە هەموویان زیاتر زیانی بۆ سعودیە هەبووە:

**یەکەم:** سعودیە بودجەی ئەمساڵی بە 191 ملیار دۆلار خەمڵاندبوو، بەڵام دواتر ناچاربوون بۆ 137 ملیار دۆلار کەمی بکەنەوە.

**دووەم:** ریاز تێگەیشت کە ئاراستەکە بەرەو خراپی دەچێت و خەرجییە گشتییەکانی بەبڕی 36 ملیار دۆلار کەم کردەوە. نرخی بەنزینیشی بەرز کردەوە.

**سێیەم:** سەرەڕای هەموو رێوشوێنەکانیش، راپۆرتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئاماژە بەو زەحمەتیانە دەکات کە سعودیە رووبەڕوویان دەبێتەوە و پێیوایە ئەگەر نرخی نەوت بەو خێراییە بەردەوام بێ لە دابەزین، ئەوە ئەو وڵاتە لە ماوەی پێنج ساڵدا مایەپووچ دەبێت.

**چوارەم:** بەرلەوەی نرخی نەوت دابەزێت، یەدەگی نەوتی سعودیە 750 ملیار بەرمیل بوو. بەڵام بەگوێرەی ئاماری 2015 ئەو رێژەیە بۆ 654 ملیار بەرمیل کەم بووەتەوە.

پێنجەم: دابەزینی نرخی نەوت، نەبووە هۆی کەمکردنەوەی خەرجیە سەربازییەکان. سعودیە لە ساڵی رابردوودا 80 ملیار دۆلاری بۆ بودجەی سەربازی خەرج کرد و رووسیای لەدوای خۆی بەجێهێشت، بەمەش بووە سێیەمین وڵات لە رووی قەبارەی خەرجیی سەربازی.

شەشەم: سعودیە لە بودجەی 2016 نرخی بەرمیلێک نەوتی بە 29 دۆلار خەمڵاندووە. بەڵام ئەو ژمارەیە نیگەرانییەکی دیکە دەخاتە سەر نیگەرانییەکانی پێشوو. ئەگەر ئەمریکا بخوازێ بە رێگای نرخی نەوت چۆک بە رووسیا دابدات، واتە نرخی نەوت پێویستە بگاتە ژێر 29 دۆلار، بەتایبەتی ئەگەر بگاتە 20-15 دۆلار، ئەوکات سعودیە بەخوێنی ئەو گوللەیە دەخنکێ کە بە جەستەی خۆیەوەی ناوە.

پسپۆڕان، بە پشتبەستن بە رێژەی زۆری نەوت لە بازاڕەکان پێیانوابوو تا نیوەی یەکەمی ساڵی 2016 نرخی نەوت بەردەوام دەبێت لە دابەزین. ئەمەش بەو مانایەی ئەمریکا شەش مانگ ماوەی پێویستە بۆ ئەوەی چۆک بە ئابووریی رووسیا دابدات.

بەڵام ئەوەی بەتەواوەتی دیارە، ئەمریکا و سعودیە لە مەسەلەی کاتدا وەک یەک بیر ناکەنەوە. ئیدارەی ریاز نیگەرانە لەوەی لەگەڵ خراپبوونی باری ئابووری، دەنگی ئۆپۆزیسیۆن لە وڵات بەرزتر دەبێتەوە. بۆ ئەمەش خەیاڵ دەکات زوو بەزوو نرخی نەوت بەرزبکاتەوە.

باشە تەنیا خەیاڵ دەکات؟ هەڵبەتە نەخێر. بڕی هەناردەی نەوت دادەبەزێنێ و بە رێگای ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ ئەمریکا کردوویەتی ناڕوات. بەڵام هەوڵیش دەدات سوود لەو پاسە ببینێ کە دێتە بەر پێی! چۆن؟ ململانێی مەزهەبی بە گوڕتر دەکات و زانای شیعە شێخ نەمر لە سێدارە دەدات.

باشە بەتەواوەتی ئەمە بۆچی دەکات؟ ئامانجی چییە و دەستکەوتی چی دەبێت؟ یەکسەر وەڵام دەدەمەوە: نیگەرانییەکانی بازاڕ زیاتر دەکات و نرخ بەرز دەکاتەوە.

سعودیە ویستی بە لە سێدارەدانی شێخ نەمر و 47 هاووڵاتی دیکە، نیگەرانییەکانی بازاڕ بەگوڕ بکات و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی چارەگی سێیەمی ئەمساڵ بکات، نرخی نەوت بەرز بکاتەوە. ریاز پێیوابوو ئێرانی شیعە لەبەرامبەر ئەو لە سێدارەدانە بێدەنگ نابێ، هیوادار بوو بە کین و نەفرەت بوەستێتەوە. بەم شێوەیەش رۆژئاوا جارێکی دیکە حوکمی "پیاو خراپ" لەسەر ئێران زیندوو دەکاتەوە و ئێران سزا دەدات.

بەڵام ئیدارەی خوێنساردی ئێران نەکەوتە ناو بۆسەی وەهابیەکانەوە. بە سنووورداری و بەبێ رشتنی خوێن، بە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی سعودیە لە تاران وەستا. لەسەر ئەمە ریاز باڵیۆزخانەی ئێرانی لە یەمەن بە مووشەک بۆردومان کرد و بەختی خۆی جارێکی دیکە تاقیکردەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئێران خۆی بەدوور گرتووە لە وەڵامدانەوەی سەربازی.

کارەکە بۆ ریاز هێشتا وەکو خۆیەتی، دوای ئەوەی ئاڵۆزیی نێوان هەردوو وڵات لە دووی کانوونی دووەمی 2016 دەستی پێکرد، نرخی نەوت تەنیا بۆ ماوەی 48 سەعات بە رێژەی 2% بەرز بووەوە. پسپۆڕان گوتیان ئەو بەرزبوونەوەیە زۆر ناکێشێ، هەرواش دەرچوو.

نازانین جارێکی دیکە سعودیەکان بەختی خۆیان تاقی دەکەنەوە، بەڵام لایەنی سەیری مەسەلەکە ئەوەبوو لە جیاتی ئەوەی ئەمریکا ناوبژیوانی لەنێوان ئێران و سعودیە بکات، رووسیا ئەو رۆڵەی لەئەستۆ گرت. ناوبژیوانیی رووسیا کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت نیگەرانە، ئەگەر مایەی سەرسامیش بێ، کارێکی نامۆ نییە.

## شەڕی مەزهەبی لە کوێی مەسەلەکەدایە؟

بێگومان بەردەوامیی دانوستاندنی ریاز لەگەڵ ئێران و رووسیا ئەگەرێکی لاوازە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەژموون لەسەر ناوچەکە چاوی ریازی کوێر کردووە. ئەگەرنا شتێک بەناوی بەشداری لە لووتکەی شەڕی مەزهەبی لە نێوان ئێران و سعودیەدا نییە. بە واتایەکی دیکە شەڕی سەپاندنی هەژموون لەسەر ناوچەکە خۆی لە شەڕی مەزهەبی شیعی — سوننیدا نیشان دەدات؟ نا بەپێچەوانەوە. جیاوازیی مەزهەبی بۆ دەستڕۆیشتوویی بەسەر ناوچەکە هەوڵێکی سیاسییە بۆ پەیداکردنی پشتگیری لەنێو وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیدا. سوننەگەری فاکتەرێکە کاری سعودیەکان ئاسانتر دەکات بۆ ئەوەی یاری بە جەماوەر بکات.

سەرچاوە: T24
2016/1/11

# نرخی نەوت وەک باهۆزێک جیهان راوەدەشێنێ

مانج دوورا*

لە سەرانسەری جیهاندا باس باسی دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەرییە وێرانکەرەکانیەتی. ماوەیەکی زۆر بوو دابەزینێکی لەم چەشنەمان نەبینیبوو. پیشەسازیی نەوت هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەمجارەیان واهەست دەکرێت دابەزینەکە لە جاران گەورەتر بێت، لەم رەوشەشدا ژمارەیەکی زۆر فاکتەر هەن کە یەکیانگرتووە و وەکوو باهۆزێک جیهان رادەوەشێنن.

فاکتەکان لەگەڵ هەست و سۆز تێکەڵ بوون، ژمارەیەکی زۆری بۆچوونەکانیش باسی پیلانگێڕی دەکەن، زاڵترین قسە و باسیش لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە کە سعودیە و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیانەوێت زیان بە رووسیا و ئێران بگەیەنن. هەڵبەتە نابێت ئەوەشمان بیربچێت کە دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵانی هەشتاکاندا یەکێتی سۆڤیەتیان بەچۆکدا هێنا، هەر بۆیەش رەنگە مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمجارەیان جیاوازە، ئەوەیە کە قوربانیی دیکە لە لیستەکەدایە.

نرخی نەوتی خاو لە هاوینی 2014ەوە لە 104 دۆلارەوە بۆ هەر بەرمیلێک بۆ نزیکەی 30 دۆلار دابەزیوە، هیچ ئاماژەیەکیش نییە پێمان بڵێت بارودۆخەکە بەرەو چاکبوون بچێت. لە رەوشێکی ئاساییدا کێشەکانی نێوان سعودیە و ئێران دەشیا بەهای نەوت بەرز بکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان نرخەکە لە شوێنی خۆی مایەوە، وادیارە دابەزینی ئاستی ئابووریی چین و وێکهاتنەوەی کەرتی بەرهەمهێنان لەم وڵاتەدا کاریگەریی خۆی لەسەر ئەم پرسە هەبووبێت.

ئەم دۆخە کاریگەری تەنیا لەسەر کۆمپانیاکان دانەناوە، لە کاتێکدا بەهای پشکەکانیان بەهۆی داهاتی کەمەوە دابەزیوە، بەڵکو خەڵکیش زەرەرمەند بوونە. زیاتر لە 200 هەزار فەرمانبەر و کرێکاری کەرتی نەوت کاریان لەدەستداوە.

لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە هۆکاری ئەمە چییە؟ بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان بە نرخێکی کەمتر روویان لە بازاڕەکانی ئاسیا کردووە. ئەگەرچی پێشتر ئەمریکا کڕیاریان بوو، بەڵام ئەم وڵاتەش ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی دوو بەرامبەر کردووە و تەنانەت بۆ یەکەمجار دەستی بە هەناردەکردنیش کردووە. هەر بۆیە ئەوانەی فرۆشیاری نەوت بوون بە ئەمریکا، دەبێت ئێستا بە دوای کڕیاری نوێدا بگەڕێن.

یەکەم براوەی ئەم رەوشە بەکارهێنەرانن کە دەتوانن بە نرخێکی کەمتر پەترۆڵ بکڕن، بەڵام وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (وەکو سعودیە و ئیمارات) تووشی کێشە بوونەتەوە، هەر بۆیەش بۆ یەکەمجار پاڵپشتییەکانی حکومەت لەسەر بەهای سووتەمەنی لاداوە.

پێدەچێت ئەم باهۆزە لەناو ئۆپێکیشدا هاژەی بێت- سعودیە نەوتەکەی خۆی بە کڕیارە ئەوروپییەکانی هەرزانفرۆش دەکات، واتە هەمان ئەو ئەوروپیانەی کە پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ ئێراندا هەیە. سعودیەکان دەبێت ئەوەیان لەبیرکردبێت کە رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە، سعودیە بۆ داهاتی دەوڵەت پشت بە نەوت دەبەستێ. کورتهێنانی بودجەی سعودیە لە ساڵی رابردوودا بۆ 15% بەرز بووەوە. سندووقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) پێشتر مەزەندەی کردبوو کە سعودیە پێویستی بەوەیە نرخی نەوت 106 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان خەرجییەکانی حکومەت و داهاتی وڵاتەکەیدا دروست بکات.

ریاز لە وەڵامی ئەم رەوشە نوێیەدا دەستی بە فرۆشتنی بە لێشاوی یەدەگە دەرەکییەکانی کردووە و بەم دواییەش پرۆژە بودجەی سیاسەتی دەستپێوەگرتنی ئاشکرا کردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سعودیە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی ئامادە نییە بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە، چونکە دەشێت ئەندامانی دیکەی ئۆپێک بۆشاییەکە پڕبکەنەوە، سعودیەش نایەوێت پێگەی گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان لەدەست بدات.

بەهۆی بوونی کێشە ناوچەییەکانەوە ئەم پرسە بووە بە مەسەلەی نێوبانگ. سعودیەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە دەشێت پشکی خۆیان لە بازاڕدا لەدەست بدەن و وڵاتانی دیکەی ئۆپێک بە نرخێکی بەرزتر نەوتەکەی خۆیان بفرۆشن و بەمەش قازانجیان دەستبکەوێت. ئێران و سعودیە ئەندامانی سەرەکیی ئۆپێکن، بەهۆی ئەو گرژییەی کەوتووەتە نێوانیان، دڵنیا نیم لەوەی بتوانن لە داهاتوویەکی نزیکدا رێکبکەون.

گەورەترین دۆڕاوەکان لێرەدا کۆمپانیاکان نین، بەڵکو وڵاتەکانن، لەوانەش: ڤەنزوێلا، نایجیریا، بەرازیل و رووسیا. نرخی نزمی نەوت نەک هەر کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ئابووریی ئەم وڵاتانە داناوە، بەڵکو سەقامگیریی سیاسیشی لەم وڵاتانەدا خستووەتە مەترسییەوە.

بەڵام ئەوەی رۆڵی سەرەکی بینیوە لەم بەها نزمەی نەوتدا دۆست و یانیش دوژمنی خۆمان "ئۆپێک"ە. لە دوایین کۆبوونەوەیان لە 15ی کانوونی یەکەمی 2015 لە ڤیەننا، ئەندامانی ئۆپێک بڕیاریان دا ئاستی بەرهەمهێنان کەم نەکەنەوە. ئێران، ڤەنزوێلا، ئیکوادۆر و جەزائیر هاواریان دەکرد کە رێژەی بەرهەمهێنان دەبێت کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەهای نەوت بەرزببێتەوە، بەڵام سعودیە، ئیمارات و بەرهەمهێنەرە گەورەکانی دیکە گوێی خۆیان لێ خەواند، بە جۆرێک کە ئەگەر شتێکیش بکەن، ئەوە بەرزترکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دەبێت.

ئەم باهۆزە کەی هێور دەبێتەوە؟ زۆربەی هاوکارانم لە کەرتی نەوت لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن چاوەڕێ ناکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا ئەمە رووبدات. لە سەرەتاکانی ئەمساڵەوە ئێران بڕی بەرهەمهێنانی زیاتر دەکات، لە کاتێکدا بە گوێرەی رێککەوتنی نێوان تاران و زلهێزەکانی رۆژئاوا سزاکانی سەر ئەم وڵاتە هەڵدەگیرێن، هەروەها عێراق و وڵاتانی دیکەش هەوڵ دەدەن لەناو ریزبەندەکەی ئۆپێکدا پلەی خۆیان بەرزتر بکەنەوە، هەر بۆیەش هیچ ئاماژەیەک بەدی ناکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم کێشەیە چارەسەر ببێت. ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا بەرهەمهێنانی کەم کردووەتەوە، ئەمەش دابەزینی هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان و بەرزبوونەوەی داواکاریی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام با ئەمجارەیان پرسەکە بهێنینەوە کوردستان و لێرەوە سەیری مەسەلەکە بکەین: کێشەکە لێرە تەنیا بەهای نەوت نییە، بەڵکو نەهاتنی پارەی بەغداش کێشەیەکی دیکەیە. دابەزینی نرخی نەوت تەنیا کێشەکەی تۆختر کردووەتەوە. شەڕی پێشمەرگە شەڕێکی هەرزان نییە، لەبەر ئەوەی پێویستیان بە چەک و پشتگیری هەیە.

پێشمەرگەکان تەنیا قوربانی بۆ کوردستان نادەن، بەڵکو بۆ هەموو جیهان ئەمە دەکەن. بەڵام بەداخەوە ئەم راستییە بە هۆی هەواڵی ئەستێرەکانی رۆژئاوا داپۆشراوە کە لە باربادۆس خۆیان لەبەر هەتاو هەڵخستووە.

عێراق و وڵاتانی پاڵپشتی عێراق لە جەنگی دژی رێکخراوی داعش، درکیان بەوە کردووە کە پێویستیان بە یارمەتیی پێشمەرگە هەیە. ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی نەوت و غازدا کار دەکەن، لەمە تێگەیشتوون و دەشیانەوێت ئەم شەڕی تیرۆرە کۆتایی بێت، بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەو کارەی بۆی هاتوونەتە کوردستان، واتە گەڕان بەدوای نەوتدا و بەرهەمهێنانی و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەهۆی ئابوورییەکی بەهێز و سەقامگیرەوە بیووژێتەوە، ئابوورییەک کە هی ئەوە بێت خەڵک شانازی پێوە بکات.

ئێستا ئەو پارەیەی لە نەوتی فرۆشراو دەستدەکەوێت، بۆ ئەو لایەنە ناگەڕێتەوە کە لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا چالاکە، واتە بەربەستی دروست کردووە بۆ پێشکەوتن و وەبەرهێنانی زیاتر لەو بوارەدا. بەڵام ئێمە گەشبینین و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش لەگەڵ کۆمپانیا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی نەوتدا هاوکاریی یەکدی دەکەن، پارەی کۆمپانیاکانیش دەدرێت و هیواداریین ئەمە بەردەوام بێت.

ئایا نرخی نەوت دەگاتە 20، 15 یانیش 10 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک؟ کێ چوزانێت، دیار نییە ئەم باهۆزە کەی هێزی تێدا نامێنێت. هەموو کەس دەتوانێت مەزندەی وەها بکات. ئەگەر لە مەودایەکی زەمەنی مامناوەند سەیری بکەم، دەتوانم بڵێم لە ماوەی 9 بۆ 15 مانگی داهاتوودا گەشبین دەمێنمەوە. لە کاتێکدا چالاکیی گەڕان بەدوای نەوت و پرۆژە زەبەلاحە نەوتییەکان لە کەمی داوە، هەروەها رێژەی داواکاریی بازاڕی ئاسیا ساڵ لە دوای ساڵ بەرزتر دەبێتەوە، بۆیە دوور نییە لە داهاتوویەکی نە ئەوەندە دووردا کەرتی نەوت جارێکی دیکە هەڵسێتەوە سەر پێ و خاوەن کۆمپانیاکانی نەوت جارێکی دیکە تەلەفۆن بۆ فەرمانبەرە بێکارەکانی کەرتی نەوت بکەنەوە. دوای هەموو کەوتن و دابەزینێک هەڵسانەوە و گەشەکردن هەیە.

بەڵام خەڵک و بە تایبەتیش هاوکارانم لە بواری نەوت و غازدا زوو ئەم بەسەرهاتەیان بیرناچێتەوە. ئەم باهۆزە هێشتا تەواو نەبووە، بەردەوامیشە لەوەی وێرانە و بیرەوەریی ناخۆش لە پاش خۆی جێبهێڵێت.




***مانج دوورا، ئەندازیارێکی کیمیایی بەریتانییە، ماوەی 15 ساڵ لە کەرتی نەوت و غازدا کاری کردووە. ئێستا لەگەڵ کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن لە هەولێر کار دەکات. دوورا، هەروەها لە بواری پیشەسازیی هایدرۆکاربۆن راوێژ پێشکەش بە بانکەکانی وەبەرهێنان، کۆمپانیاکان و ناوەندەکانی تایبەت بە راوێژی کارگێڕی دەکات.**



## بۆ قەیرانی میوزیک کۆنسێرت دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

میوزیکژەن جەنگی جەلال، کۆنسێرتێک لە هەولێر لەژێرناوی قەیرانی میوزیک و هونەر ساز دەکات و دەیەوێت بەوجۆرە بەرەنگاری قەیرانەکانی کوردستان ببێتەوە. جەنگی جەلال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دۆخەی کە میوزیکی تووشی قەیران کردووە و چالاکییە میوزیکییەکانی بەرەو کەمبوونەوە بردووە، بڕیارم داوە کۆمەڵێک کۆنسێرتی میوزیکی لە شارەکانی کوردستان بکەم، سەرەتای کۆنسێرتەکەشم لە هەولێر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەبێت و چەند کارێکی میوزیکی بە ئامێری عود پێشکەش دەکەم". جەنگی جەلال خۆشناو قوتابی دکتۆرایە لە زانکۆی ئەسکەندەریە لە میسر.

**شوان کەمال، پەیکەرسازی کورد بۆ (ڕووداو):**

# پەیکەرێکم بۆ بانکێکی ئەڵمانیا بە دوو ملیۆن یۆرۆ دروستکردووە



شوان کەمال، پەیکەرسازێکی ناسراوی کوردە کە ئەوروپییەکان شانازیی پێوە دەکەن، بەڵام وەک خۆی دەڵێت لە کوردستان گرنگی بەتوانا و کارە هونەرییەکانی نەدراوە. شوان خەونی گەورە و ئامانجی مەزنی لەکۆڵ ناوە، بەڵام تەنیا ئەوروپییەکان توانیویانە خەونەکانی بهێننەدی و بەهرەکانی لە باوەش بگرن. کاتێک گوێت لە نرخی کارەکانی شوان دەبێت، قسەی هەموو ئەو هونەرمەندە کوردانەت بەبیردێتەوە کە دەڵێن هونەرمەند ناتوانێت لەم وڵاتە بە هونەرەکەی بژی. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) شوان کەمال باسی کارەکانی خۆی دەکات، بەڵام زۆرتر دەردەدڵ دەکات.

هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

**پێکرد و کێ پاڵپشتی بوو؟**

**شوان کەمال:** سەرەتای ئاشنابوونم بە هونەر دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی. هونەرمەند ئاسۆ سدیق لە قوتابخانەی تانجەرۆ لە گەڕەکی سەرشەقام، وانەی وێنەکێشانی پێدەگوتین، کەسێکی زۆر بەتوانا بوو، ئەو حەزی هونەری لەلا دروستکردم، بەدڵنیاییەوە خۆشم بەهرەم هەبوو، بەڵام ئەمانە سەرەتایی و سادە بوون، تاوەکو ساڵی 1982 چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی.

**ڕووداو: خوێندنی پەیمانگات چۆن بوو، لەوێ کێ پشتگیری کردی؟**

**شوان کەمال:** لەوێ زیاتر قووڵ بوومەوە و ئینجا حەزم لە هونەری پەیکەرسازی کرد، بەڕاستی من بەردەوام گوتوومە، پێگەی هونەری زۆر گرنگە کادیر و مامۆستای لێزان و شارەزا بیبەن بەڕێوە، ئەوکاتە هونەرمەند دارا حەمە سەعید و کۆسرەت جەمال و کۆمەڵێکی دیکە لە دڵسۆزانی هونەر بوونە پاڵپشت و هاندەرم، هەر ئەم حەزە بوو وایکرد هەموو ساڵێک یەکەم دەبووم، بۆیە دوای پێنج ساڵ خوێندن توانیم بچمە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا، ئەوکات زانکۆی بەغدا و ئەکادیمیا لە بواری هونەری شێوەکاریدا تاک بوو لەسەر ئاستی وڵاتە عەرەبییەکان.

**ڕووداو: بۆچی کوردستانت جێهێشت؟**

**شوان کەمال:** ساڵی 1991 بە حەزی خۆم بوومە مامۆستای بەشی پەیکەرسازی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی. بەڕاستی خەو و خەیاڵێکی زۆر و پلانی پرۆژەی گەورەم هەبوو لە کوردستان بیکەم، تاوەکو ساڵی 1994 هەندێ پرۆژەم لە شارەکانی کوردستان کرد، پلانی دروستکردنی کارگەیەکی داڕشتنی برۆنزم هەبوو، ئەوەندە بە حەماس بووم لەو ساڵانە توانیم ئەم پرۆژەیە ببەمە لای بەڕێز مام جەلال لە قەلاچوالان و کاک مەسعود لە سەری ڕەش. زۆر هەوڵم دا، بەڵام بەداخەوە بارودۆخی سیاسیی کوردستان زۆر لەوە خراپتر بوو کە گرنگی بە هونەر و خەونەکانم بدرێت، ئینجا شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد، ئیتر زۆر بێ هیوا بووم، قورسترین و ناخۆشترین بڕیارم دا، ئەویش جێهێشتنی وڵات بوو.

**ڕووداو: لە هەندەران چۆن دەستت پێکردەوە؟**

**شوان کەمال:** بەهەرحاڵ ژیان ناوەستێ و منیش بێ هونەر نەمتوانی بژیم، بۆیە ماوەیەک لە شاری ئەسینا لە یۆنان خەریکی پەیکەرسازی بووم، دوایی لە ساڵی 1995 گەیشتمە ئەڵمانیا، لەوێش بەردەوام بووم لە کاری هونەری و پرۆژەکانم، دەتوانم بڵێم ئەوەی کوردستان بۆی نەکردم ئەڵمانیا بۆی کردم، ئەوانەی لە ئەوروپان دەزانن کارکردن لێرە ئاسان نییە، بەتایبەتی بواری هونەر، بەڵام دیارە توانای هونەری و سەلیقە و ئەزموون ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، لە هەمووشی خۆشتر و جوانتر ئەوەیە لێرە واسیتە و حیزبایەتی و خزمایەتی نایخوات.

**ڕووداو: لە کوردستان تا چەند گرنگی بە هونەری پەیکەرسازی دراوە؟**

**شوان کەمال:** لە کوردستان بە گوێرەی پێویست گرنگی بەهونەر نادرێت، هونەری پەیکەرسازیش بەدەر نییە لەم خەمساردیە. لێرە و لەوێ شتێکی کەم دەکرێت، ئەوەش زیاتر دەستی حیزبی لە پشتە، یان ئەو پەیکەرسازانە خۆیان ئەندامی حیزبێکن و دەسەڵاتی حیزبی بەکاردێنن، ئیدی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە بێت بۆ ئەوەی پێگە هونەرییەکان قۆرخ بکەن، یان وەرگرتنی زەوی و زار و شوێن بەناوی پەیکەرسازییەوە، یان قۆرخکردنی کار و پرۆژە هونەرییەکان بۆ خۆیان، ئەمە پارتی لای خۆیان و یەکێتی لە زۆنی سەوز کردوویانە و نموونەش زۆرن، ئەگەر وا نییە چ خێرە من ماوەی 25 ساڵە هاوار بۆ دروستکردنی کارگەیەکی تایبەت بە پەیکەرسازی دەکەم، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی نییە، لە کاتێکدا ئەو هەموو پارەیە بە ناوی هونەرەوە بە هەدەر دەدرا، ئەم پرۆژەیەی من بەقەد هەموو پەیمانگا و کۆلیژە هونەرییەکان گرنگ بوو، هیچ نەبێت هونەری پەیکەرسازیم لەم قەیرانە ڕزگار دەکرد، ئاخر تۆ کارگەیەکی داڕشتنی برۆنزت نەبێت پەیکەری لێ دابڕێژی، عەیب و شوورەییە باسی پەیکەرسازی بکەی. کاکە ئەفغانستان برۆنزیان هەیە! لە کوردستان بەم هەموو دامودەزگا و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتی ڕۆشنبیریش، زۆر خەمسارد و بێ باک بوون لە گرنگیدان بەم هونەرە بەرزە.

**ڕووداو: لە کوردستان تاوەکو ئێستاش بەشێکی خەڵک پەیکەرسازی بە حەرام و بتپەرستی دەزانن، پێتوانییە ئەوە هۆکارێک بێ بۆ فەرامۆشکردنی ئەو هونەرە لە کوردستان؟**

**شوان کەمال:** ڕاستییەکەی بمانەوێ و نەمانەوێ لای ئاینی ئیسلام زۆربەی هونەرەکان حەرامن، بەتایبەتی پەیکەر و وێنەکێشان، هەر بۆیە لای خۆمان زیاتر خۆشنووسی و زەخرەفە و دیکۆر بۆ ڕازاندنەوەی مزگەوت و نووسینی ئایەتە قورئانییەکان بەکارهاتووە. ئەم هونەرە ماوەی چەند ساڵێکە باوە و دەخوێندرێ لە پێگە هونەرییەکان، تەمەنی ئەوەندە نییە و وەرگیراوی ئەوروپا و ڕۆژئاوایە. ئێمە خۆمان میراتێکی هونەری وامان نییە، دیارە لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگای خۆماندا هاتووە و ئەم دیدو بۆچوونە قووڵتر بووەتەوە، بۆ نموونە دایکم کاتی خۆی پاڵپشتم بووە لە خوێندنی هونەر، لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕاوە و دەڵێت حەرامە! بەڵام خۆ ئێمە هونەر و پەیکەرسازی بۆ پەرستن و شەریک دروستکردن بۆ خوا ناکەین، ئێمە بۆ جوانی و پەیامی دیکە دەیکەین، هیوادارم وەزارەتی پەروەردە کار لەسەر ئەم چەمکە بکات و قوتابیان فێری جوانیی هونەر و گرنگییەکانی بکات.

**ڕووداو: تۆ لە ئەوروپا ناوبانگی زۆرت هەیە، بەڵام لە کوردستان هەندێک هونەرمەندی پەیکەرسازیش ناتناسن، ئەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

**شوان کەمال:** من کاتی خۆی ساڵی نەوەتەکان لە کوردستان وەک پەیکەرساز ناسراو بووم، چەندەها پرۆژە و کاری هونەری و پێشانگە و کۆمەڵێک جموجۆڵی هونەریم هەبوو، چەندەها چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانم هەیە، بەڵام دوای ڕۆیشتنم بۆ ئەوروپا کەمێک لە میدیای کوردی دوورکەوتمەوە، لە ئەڵمانیا درێژەم بە پرۆژەی هونەری و کاری پەیکەرسازی دا، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکان. هۆکارێکی گرنگ بۆ دوورخستنەوەم و پەراوێزکردنم لە لایەن میدیای کوردییەوە ئەوەیە کە میدیای کوردی حیزبییە، زیاتر گرنگی بەو هونەرمەندانە دەدرێت کە نزیکن لە خۆیانەوە، بەڵام لە هەمووی کاریگەرتر و ناخۆشتر ئەوەیە زۆربەی ڕۆژنامەنووسەکان شارەزای هونەر نین و بێ ئاگان لە مێژووی هونەر و ژیانی هونەرمەندان، بۆ نموونە ناگەڕێن بۆ هونەرمەندی ڕاستەقینە و خاوەن ئەزموون، هەر کەسێک دێت و تۆپەڵێک قوڕ دادەنێت، یەکسەر بۆ ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەڤزیۆنەکان بۆی بڵاودەکەنەوە، بەڕاستی زۆرجار پێکەنینم بەم شتانە دێت. خۆی هونەرمەندی ڕاستەقینە و خاوەن ئەزموون تاقەتی ئەم بەزمانەی نییە، ئیشی ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری هونەرە بەدوای ئەم کەسانەدا بگەڕێن، بۆیە بەداخەوە ئەوەندی نەزانەکان دەردەکەون زاناکان پەراوێزخراون. ڕاستە من لە ئەوروپا زیاتر پرۆژەم هەیە و لەوێ ناسراوم، دەتوانم بڵێم لە مێژووی هونەری کوردیدا من تاکە هونەرمەندم توانیبێتم پەیکەر دروستبکەم و لە گۆڕەپانەکانی ئەوروپا و ئەڵمانیا دانرابێت، ئەوە عەرەبێک یان جولەکەیەک ئەو شتەی بکردایە زۆر گەورە دەکرا، بەڵام کورد وایە کەسایەتییەکانی خۆی بچووک دەکاتەوە. من ئەوەندەی چاڵم بۆ هەڵکەندراوە نیو ئەوەندە پشتگیریم نەکراوە.

**ڕووداو: ڕات چییە لەسەر ئەو پەیکەرانەی لە گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکانی کوردستان دانراون؟**

**شوان کەمال:** لە کوردستان پەیکەری زۆرمان نییە، بە بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپا، بەهەموو کوردستان ئەوەندەی شەقامێکی شاری ئۆسلۆ پەیکەری تێیدا نییە. بۆ لایەنی هونەری و تەکنیکی داڕشتنی پەیکەرەکان ئەوە هەمان گرفتە کە پێشتر باسم کرد، تەنیا ئەو پەیکەرەی عەدالەت نەبێت لە شاری هەولێر کە لە ئەڵمانیا دروستم کرد و لە برۆنز دامڕشت، هیچ پەیکەرێک نییە لە ئاستی پێویست بێت، یان پەیکەرەکە جوانە، بەڵام لە مادەی بێ بەها داڕێژراوە، یان هەر بە کەڵکی دانان نایەت و بەزۆر شوێنێکیان پێ پڕکردووەتەوە، خۆی ئەگەر ڕێگە بدرێت و کارگەیەکی پەیکەرسازی دابمەزرێت و پارە بدرێتە ئەو پەیکەرسازانەی پرۆژەی جدییان هەیە، دەکرێت کاری ئاستبەرز بکرێت و ئەو کاتە چیرۆک و داستان لە کولتووری خۆمان وەربگیرێت، دیارە کارەکانیش مۆرکێکی کوردی پێوە دەبێت، بەڵام بەمشێوەیە و بەم داو و دەزگایە و بەو دەموچاوانە ئەوە ناکرێت.

**ڕووداو: هیچ بەرپرسێکی کورد داوای دروستکردنی پەیکەری لێ نەکردووی؟**

**شوان کەمال:** ئەگەر سەیری مێژووی هونەر بکرێت، بەردەوام دەسەڵاتدار و سیاسییەکان حەزیان لە جوانکاری و ڕازاندنەوە و دروستکردنی مۆنۆمێنت و پەیکەر کردووە. ئاینی مەسیحی گرنگی زۆری بە هونەری پەیکەرسازی داوە بۆ ڕازاندنەوەی کڵێساکان، ئەوەتا لە ئیتاڵیا و سەدەی ڕێنسانس پاپای ئەو کاتە کار و پرۆژەی گەورەی کردووە، مایکل ئەنجیلۆ ئەو هەموو شاکارەی بۆ دروست کردوون. بەردەوام هونەری پەیکەرسازی و دەسەڵات خزمایەتییان هەبووە، پادشای نەرویج هات پەیکەرساز ڤیگەرلاندی کردە یەکێک لە ئەندامانی خێزانی مەلەکی، تا ئەو شاکارە مەزنەی پارکی ڤیگەرلاندی لە ئۆسلۆ دروستکرد، ئێستا بووەتە سیمبولێک بۆ وڵاتەکە و ساڵانە لە هەموو دنیاوە خەڵک سەردانی دەکات. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئاساییە خەڵکی دەسەڵاتدار و سیاسی کاری لەم جۆرە بکەن، بەڵام لە هەموو ئەم قۆناغ و مێژووانەی باسم کرد، دەسەڵات هاتووە هونەرمەندە مەزنەکان و بەتواناکانی لە خۆی نزیک کردووەتەوە و پرۆژەی داوە پێیان، لە کوردستان و لەسایەی دەسەڵاتی کوردی ڕێک بە پێچەوانەوە بووە، لەبەر نەزانی و کەم شارەزایی خۆی، یان زۆرجار لەبەر بیری تەسکی حیزبایەتی، هەرچی نەزان و بێ ئەزموون و بێ سەلیقە و بێ بەهرەیە لەخۆی کۆکردووەتەوە، هەرچی بەتواناشە لە خۆی دوورخستووەتەوە، چونکە هونەرمەندی ڕاستەقینە ماستاوچێتی و مەرایی ناکات.

**ڕووداو: ئەکادیمیا و پەیمانگاکانی کوردستان تا چەند ڕۆڵیان هەبووە لە پێگەیاندنی پەیکەرساز؟**

**شوان کەمال:** من بەردەوام گوتوومە کاتی خۆی ساڵی هەشتاکان یەک پەیمانگەی هونەریمان هەبوو لە شاری سلێمانی، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک مامۆستا و کادیری هونەریی دڵسۆز و بە توانای لێبوو، ئەوەندەی هەموو کۆلیژ و پەیمانگەکانی ئێستای کوردستان زیاتر کاریگەری هەبوو و خوێندکاری هونەری پێگەیاندووە. هونەر پێویستی بە بڕوانامە و ماستەر و دکتۆرا نییە، پێویستی بە کارکردن و ئەزموون و سەلیقەیە.

**ڕووداو: هیچ پەیکەرێکی تایبەتت دروست کردووە بۆ نموونە پەیکەری خۆشەویستەکەت یان کەسێکی تایبەت؟ هیچ پەیکەرێکت هەیە کە زۆرت خۆشبوێت و نەتەوێ بیفرۆشی؟**

**شوان کەمال:** من ماوەی 35 ساڵە پەیکەرسازم، بە سەتان پەیکەرم لە کوردستان و عێراق و ئەوروپا دروستکردووە، بیرم نایەت پەیکەرێکم بێ خۆشەویستی و بە ویستی خۆم نەبووبێ و قەناعەتم پێ نەکردبێ و دروستم کردبێ. بۆ خۆشەویستیش تا ئێستا لە خۆشەویستی هونەر و پەیکەرسازی ئەو دوو کچەم (پڕوشە و لافینا) زیاتر خۆشەویستترم هەست پێ نەکردووە، تاوەکو پەیکەری بۆ دروستبکەم، هیوادارم لە داهاتوودا ئەوە بکەم. ئەو پرۆژە و کارانەشم زۆربەی کاری مێژوویی و نیشتمانین. خۆشەویستی زۆرم بۆ هونەر و پەیکەر هەیە! زۆربەی کارەکانم یان پرۆژەی گەورە بووە لە پارک و سەرشەقام و شوێنە گشتیەکان دانراون، یان لە پێشانگەکاندا فرۆشتوومن. ئێمەی کورد بەردەوام ئاوارە و بێ شوێن و فێری گەڕان بووین، بۆیە کارەکانم هیچی لای خۆم نەماونەتەوە، تا ئێستاش خاوەنی شوێنی خۆم نیم و هەر لە گەڕان و سەفەردام، هیوادارم لە داهاتوودا جێگەیەک هەبێت ئارامی تێدا بگرم و کارەکانمی تێدا بپارێزم.

**ڕووداو: جگە لە ئەوروپا و کوردستان پەیکەرەکانت لە چ وڵاتێکی دیکە دانراوە؟**

**شوان کەمال:** پەیکەرم دروستکردووە لە سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوور لەناو پارکێک دانراوە، نرخەکەی دەگاتە ملیۆنێک دۆلار.

**ڕووداو: لەو پەیکەرە گرنگترت دروست نەکردووە؟**

**شوان کەمال:** پەیکەری پیاوێک لە ناو زۆنگاو، ئەوە زۆر گران بوو، بۆ بانکێکی ئەڵمانی دروستمان کردووە، چونکە ئەم کارگەیەی کە من کاری هونەرییان بۆ دەکەم زۆر ناودارە لە جیهاندا، بەڵام با هەڵە تێنەگەین، ئەو پرۆژانە کاری کۆمەڵە، واتا تا تەواو دەبێت ستافێکی گەورەی 20 کەسی کاری تێدا دەکەن، چەند مانگێک و جاری وا هەیە ساڵێک دەخایەنێ، بەڵام هونەرمەند و ئەقڵی پرۆژەکە منم، ئەوانی دیکە زیاتر لایەنی تەکنیکیی هونەر شارەزان و هونەرمەند نین.

**ڕووداو: ئەو پەیکەرە نرخی چەند بوو؟**


**شوان کەمال:** گرێبەستەکەی تەواو ئاگادار نیم، بەڵام خاوەن کارگەکە دەڵێ نزیکەی دوو ملیۆن یۆرۆی بۆ وەرگیراوە، بەڵام دوو ساڵ کاری پێویست بووە. ئەو پرۆژەیە کتێبێکی لەسەر دەرکرا، لە پێشەکیەکەیدا بە زمانی ئەڵمانی باس لە تواناکانی من دەکات لە بواری پەیکەرسازی، کتێبەکە چەندین وێنەی منی لەکاتی کارکردن تێدایە.

**هەموو کوردستان ئەوەندەی شەقامێکی ئۆسلۆ پەیکەری تێدا نییە**

**لە ئەفغانستان کارگەی برۆنز هەیە کەچی لە کوردستان نییە**

**دایکم کاتی خۆی پاڵپشتم بووە لە خوێندنی هونەر، ئێستا دەڵێت حەرامە**

**پەیکەر هەیە لە کوردستان بەزۆر شوێنی پێ پڕکراوەتەوە**



ئەوەی کورد بۆی نەکردم ئەڵمانەکان بۆیان کردم

**تاکە هونەرمەندی کوردم پەیکەرەکانم لە گۆڕەپانەکانی ئەوروپا دابنرێن**

رووداو
تاراوگە
ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18



## کۆچبەرێک دەبێتە هۆی خنکانی سێ منداڵ

**رووداو- هەولێر**

پۆلیسی یۆنان ئەو کۆچبەرانە دەستگیردەکات کە بەلەمی قاچاخچییەکانی کۆچ لە بەرامبەر نەدانی پارەی رێگە بەلەم لێدەخوڕن. گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ بۆ یەکەمجار بەلەمێک لێدەخوڕێت کە ژمارەیەک کۆچبەر بۆ ئەوروپا دەگوازێتەوە، بەڵام بەهۆی نقومبوونی بەلەمەکە، سێ منداڵ خنکان. ئەو رووداوە رۆژی 2016/1/16 لە ئاوەکانی نزیک یۆنان روویدا، هەرچەندە گەنجەکە وەک کۆچبەر لێیخوڕیوە و یەکەمجار بووە ئەو کارە بکات و "قاچاخچی نییە"، بەڵام پۆلیسی یۆنانی بە بەرپرسیاری خنکانی سێ منداڵەکە دەزانێت.

# کوردی تاراوگە بە ئاگری "دەستدرێژی" دەسووتێن

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

دوای رووداوەکەی شەوی سەری ساڵی کۆڵن لە ئەڵمانیا کە دەستدرێژیی بە کۆمەڵ کرایە سەر ژمارەیەک ژنی ئاڵمان، لە سوید و لە فێستیڤاڵی (We are Stockholm) کە گەورەترین فێستیڤاڵی لاوانی سەر ئاستی ئەوروپایە، هەمان حاڵەت دووبارە بووەوە و بیانی و کۆچبەرانی تێدا تۆمەتبار کرا. ئەمەش پارتە راست و دژە بیانییەکانی هاندا هێرش بکەنە سەر کۆچبەران.

بڕیاری حکومەتی ئەڵمانیا لەبارەی دیپۆرتکردنەوەی 101 کۆچبەر کە دەستدرێژییان کردبووە سەر کچانی ئەو وڵاتە لە ئاهەنگەکانی شەوی سەری ساڵدا لە شاری کۆڵن، دەسەڵاتدارانی سویدیشی بۆ بیرکردنەوە لە هەمان رێکار جوڵاند.


ئەوە لەکاتێکدایە کە پارتە راست و ئۆپۆزیسیۆنەکان و هەروەها نەژادپەرستە سوێدییەکان پێیانوایە دەوڵەت سەرکەوتوو نەبووە لە سیاسەتی شیاندنی کۆچبەران.

"کورد و عەرەب کچەکانی خۆیان لەسەر ئازادی دەکوژن، کەچی دەستدرێژی دەکەنە سەر سویدییەکان". ئەمە لێدوانی تۆم یۆهانسنە کە نەژادپەرستێکی سویدیە و داوا لە حکومەتی وڵاتەکەی دەکات هەمان کاردانەوەی حکومەتی ئەڵمانیای بەرامبەر کۆچبەران هەبێت "ئەگەرنا دەیان حاڵەتی دیکەی وەک فێستیڤاڵەکەی ستۆکهۆڵم دووبارە دەبنەوە".

بەڵام فیلیپێ ئیستراد کە مامۆستای زانکۆی ستۆکهۆڵمە، پێیوایە دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکانی دەستدرێژی بەمانای زۆربوونی دیاردەکە نییە و دەڵێت "بەرزبوونەوەی ئاماری دەستدرێژی هەندێکجار پەیوەندی بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی هۆشیاری هەیە لە ئاشکراکردنی زانیارییەکان".

بەپێی ئاماری ناوەندی بەرگرتن لە تاوان، ساڵی رابردوو 7600 دۆسیەی دەستدرێژی لە سوێد تۆمار کراون. هەرچەندە لە ئامارەکەدا ئاماژە بە ناسنامەی دەستدرێژیکارەکان نەکراوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ژمارەیەکی زۆری تاوانکاران بیانی و تاراوگەنشینن و لە نێویاندا کوردیش هەبووە.

یۆهانسن دەڵێت "زۆربوونی کۆچبەر لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا رێژەی تاوانی زۆر بەرز کردووەتەوە". ئەو کە هاوکات مامۆستای زانکۆیە و چالاکوانی پارتی دیموکراتە سویدییەکانە و بە ئاشکرا دژایەتی بیانییەکان دەکات، دەڵێت "زۆربوونی کۆچبەر و نەبوونی بەرنامەی حکومەت بۆ ئەم پرسە تەواوی ئازادییە کەسییەکان دەخاتە مەترسییەوە".




بەپێی راپۆرتێکی پێشووتری (رووداو)، کورد لە سێ یەکەمەکەی شیاندنن و سەرکەوتووبوون لە ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی سویدی، بەڵام یۆهانسن دەڵێت "کورد و عەرەب مەترسین لەسەر کۆمەڵگەی سویدی و ژیانی کچانی خۆیان سنووردار دەکەن، کەچی زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی دەکەنە سەر سوێدییەکان".

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی رۆژنامەی داگنس نیهیتر (D.N) نیوەی خەڵکی سوید دەخوازن پارتە سیاسییەکان تەواوی توانای خۆیان بۆ چارەسەری پرسی کۆچ تەرخان بکەن.

قادر لەتیف کە لێکۆڵینڤانێکی کوردی ئەو وڵاتەیە، دەڵێت "پرسی کۆچ و دەستدرێژی لە ئەولەویەتی بابەت و گفتوگۆی ناوەندە باڵاکانە بۆ ساڵی 2016".

لە یەکەم گفتوگۆی زنجیرە دیبەیتی سەرکردە سیاسییەکاندا لە پەرلەمانی سوید کە هەفتەی رابردوو بەڕێوەچوو، کۆچ و بابەتی شیاندن و دەستدرێژی لەو بابەتانە بوون کە گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

ستیفان لۆفڤێن، سەرۆک وەزیرانی سوێد و سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات دەڵێت "دەبێت ژیان و ئازادی و جەستەی ژنان پارێزراو بێت و لەکاتی روودانی هەر حاڵەتێکیشدا دەبێت دەوڵەت و کۆمەڵگە لەگەڵ قوربانی بن".

سەرۆکی پارتی مۆدیراتی ئۆپۆزیسیۆنی رکابەر لە بەرامبەردا گوتی "پۆلیس کاری خۆی کردووە و نابێت کەیسەکان بە سیاسی بکرێن". لەنێو گفتوگۆکاندا هەردوو سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات و مۆدیرات، یەکتریان بەوە تۆمەتبار کرد کە سەرکەوتوو نەبوون لە پێشخستنی بەرنامەی شیاندنی بیانییەکان لە سوید.

بۆچوونەکانی یۆهانسن بە تەنیا گوزارشتێک نەبوو لە رای تایبەتی ئەو لەسەر تێوەگلانی کورد لە کەیسەکانی دەستدرێژی، دیارەی پێشتریش حاڵەتی لەوجۆرە هەبووە.

ئەحمەد، ناوی خوازراوی گەنجێکی باشووری کوردستانە، تەنیا شەش مانگی مابوو مافی مانەوەی هەمیشەیی وەربگرێ، بەڵام بەهۆی دەستدرێژی بۆ سەر کچێکی سوێدی، ماوەی 6 مانگ خرایە زیندان و پاشانیش دیپۆرت کرایەوە.

ئەحمەد کە شوفێری تاکسی بوو، بۆ (رووداو)ی گێڕایەوە کە رۆژێکیان کچێکی تەمەن 19 ساڵانی سەرخستبوو، بەڵام کچەکە کرێیەکەی نەداوەتێ و بگرە ویستوویەتی پارەشی لێ وەربگرێ.

ئەحمەد نەیشاردەوە کە لەگەڵ کچەکە سێکسی کردووە لە بەرامبەر ئەوەی کرێی لێ وەرنەگرێ، بەڵام دواتر کچەکە سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە و گوتوویەتی سەرخۆش بووم و ئەم شۆفێرە دەستدرێژی کردووەتە سەرم.

بەپێی رێساکانی سوید، سێکس لەکاتی کارکردن و بە بەکارهێنانی کات و شوێن و ئامرازی کار، لەوانەش تاکسی کە موڵکی کۆمپانیاکانی گواستنەوەیە، بە تاوان دادەنرێ ئەگەر بە رازیبوونی بەرامبەریش بووبێت.

چەندین حاڵەتی دیکەش هەن کە دەچنە خانەی دەستدرێژییەوە و بیانییەکانی سوێد بەهۆی نەزانییەوە تێیدەکەون، بۆ نموونە ماچ، دانس، کڕین و بەخشینی کحول بە کچانی خوار تەمەن 18 ساڵ. هەروەها گێچەڵ لە رێگەی ئینتەرنێت و مۆبایل.

ئەمین ساڵح لە کۆمپانیای تاکستی ستۆکهۆڵم کە گەورەترین کۆمپانیای بواری گواستنەوەی تاکسییە، دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ سەرنشینان تێدەکەون و بە تاوانی گێچەڵ و دەستدرێژی دادگایی دەکرێن و دەردەکرێن، شۆفێرانی بیانی و تاراوگەنشینن".

### شارلی ئیبدۆ کورد بریندار دەکات

ئەگەرچی لە کەیسەکانی فێستیڤاڵەکەی سوێد و ئەوەی ئەڵمانیاشدا هیچ ئاماژەیەک بۆ کورد نەکراوە، بەڵام کاریکاتێری دوا ژمارەی گۆڤاری شارلی ئیبدۆ کوردی ئەوروپای نیگەران کرد، کاتێک کاریکاتێرێکی لەسەر ئالان کوردی بڵاوکردەوە و وەکو کەسێکی دەستدرێژیکار وێنای کردبوو، ئەگەر مابایە و گەیشتبایەتە ئەوروپا.

کوردی تاراوگە پێیانوایە ئەوەی گۆڤارەکە کردوویەتی بێحورمەتییە بە کورد. قادر لەتیف گوتی "لە ئەوروپا و جیهانیش، کورد لە هەموو نەتەوە بیانییەکانی ئەوروپا زیاتر هاوسۆز بوون لەگەڵ ئەو گۆڤارە، کەچی گۆڤارەکە ئەو بێحورمەتییەی کرد".

سارا حەسەن چالاکڤان و قوتابی زانکۆ دەڵێت "ئەو گۆڤارە پێویستە داوای لێبوردن بکات، چونکە ئەو بێڕێزی بە میللەتێک کرد".

سارا کە زیاتر لە 20 ساڵە لە سوێد دەژی، گوتی لەگەڵ هاورێکانی خەریکی سازکردنی هەڵمەتێکی گەورەن دژی ئەو کارەی گۆڤارەکە.

نەک کورد، بەڵکو بیانییەکانیش تێبینییان لەسەر ئەو کارەی گۆڤارەکە هەبوو. نووسەرێکی ماڵپەری CNN نووسیویەتی کاریکاتێرەکەی شارلی ئیبدۆ کورد و سوورییەکانی ئازار دا. هەندێک کەسیش بە کارێکی نەژادپەرستانە وەسفیان کرد.

# کتێبخانەیەکی کوردی دەبێتە سەرچاوە بۆ زانکۆکانی سوێد

**رووداو- ستۆکهۆڵم**


کەم خوێنەر و رۆشنبیری کوردی سوێد و بەتایبەت لە ستۆکهۆڵم هەیە، خانووی ژمارە 15ی شەقامە چۆڵەکەی (helsingforsgatan)ی ناوچەی ئاکالای نەبینیبێ، یان پێویستی پێی نەبووبێت. خانوویەکی بچووک لە ژێرزەمینی باڵەخانەیەکی گەورە، بەڵام کاری جوان و بەرهەمێکی زۆر.

کتێبی هەرزان وەک هەوڵی تاکەکەسی و بازرگانیی بواری چاپ و بڵاوکردنەوە، یەکەم و کۆنترین ئەزموونی ئەو بوارەیە و خزمەتێکی زۆری لە بواری خوێندنەوە بە زمانی کوردی پێشکەش کردووە.

کاژێر نۆی بەیانییە و چاوەڕێی هاتنی پیاوە سمێڵدارەکە دەکەین کە وەک خۆی دەڵێت "لەگەڵ کتێبخانەی ئەرزان سپیم کرد". ئەو خۆی بە کەسێکی سادە و تەنیا خوێنەرێک دەزانێت، بەڵام وەک رۆشنبیران دەڵێن، گەورەترین خزمەتی پێشکەش بە کتێبی کوردی و ئەدەبی کوردی لە تاراوگە کردووە.

کتاب ارزان (کتێبی هەرزان) ئەو ناوەندەی چاپ و فرۆشتنی کتێبە کە زیاتر لە 25 ساڵە لە سوێد دامەزراوە. نووسەرێکی فارس دەڵێت "ئەو ناوەندە زیاتر لە پارتێکی سیاسی، خزمەتی بواری رۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی لە تاراوگە کردووە".

نیعمەت عەلی مورادی، بە رەچەڵەک خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و چارەکە سەدەیەکە لە سوێد دەژی، باسی دامەزراندنی ئەو کتێبخانەیە دەکات و دەڵێت "لە نەوەتەکاندا بۆشاییەکی زۆر لە بواری چاپەمەنی و رۆشنبیری و بەتایبەت کتێب هەبوو، ئەمەش هۆکار بوو بۆ دانانی ئەو کتێبخانەیە، سەرەتا بە هێنانی کتێب لە کوردستان و پاشان لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیا و دواتر هەموو جیهان کارەکەمان فراوان کرد".


نیعمەت عەلی مورادی 300 ناونیشانی بە کوردی و فارسی چاپ و بڵاوکردووەتەوە (فۆتۆ: رووداو)

ئەرزان یەکەم ئەزموونی تاکە کەسی و بگرە دامەزراوەییشە لە باکووری ئەوروپا. نیعمەت مورادی دەڵێت "کتێبخانە گشتییەکان و زانکۆ و قوتابخانە و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئاستی ناوخۆ و کەسایەتی و زانکۆکانی دەرەوەش لە ئاستی ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش بۆ چاپ و کڕین هەمیشە پشت بە من دەبەستن".

ئەم پشتبەستن و چاوەڕوانییەی خەڵک بیری فراوانکردنی پرۆژەکەی لای نیعمەت مورادی بەهێز کرد. هەر بۆیە لە ساڵی 2000 هاتە ستۆکهۆڵمی پایتەخت "کردمانە ناوەندێکی چاپ و تاوەکو ئێستا نزیکەی 300 ناونیشانمان بە تیراژی جیاواز بە کوردی و فارسی چاپ کردووە".

لە کتێبخانەی گەڕەکەکان، گشتییەکان و زانکۆکان، بگرە لە ناوەندە رۆشنبیرییەکان و ماڵەکانیشدا هەمیشە کتێب بە لۆگۆی ئەرزان دەبینی.

مورادی دەڵێت ئەوەندەی ئەو چاوی لە خزمەتە چاوی لە پارە نییە "هەست بە ماندووبوون ناکەم، بۆیە هەڵەیە ئەگەر بەتەنیا وەک بزنسێک لەم کارە بڕوانرێت، داهاتێکی زۆر کەمم لەو کارە دەست دەکەوێت، بەڵام خزمەتێکی زۆر دەکەم".

بەهرام رەحمانی نووسەرێکی فارسی ناسراوە لە سوێد، تاوەکو ئێستا 14 کتێبی لە رێگەی ئەرزانەوە چاپ و بڵاوکردووەتەوە. رەحمانی دەڵێت "لەپاڵ هەموو هەوڵە سیاسی و فکری و دیبلۆماسییەکان، هەوڵی کولتووری زۆر گرنگە، بە بڕوای من ئەرزان هێندەی پارتێکی سیاسی خزمەتی کوردی کردووە".

نیعمەت مورادی وەک یەکێک لە کارە باشەکانی ئەم ناوەندە باس لە رۆڵی نووسەرێکی وەک بەهرام رەحمانی دەکات کە لە بارەی کورد نووسیویەتی "دوو لەکارەکانی رەحمانی لە بارەی کۆبانی و ئەوی دیکەش کە ئێستا کاری لەسەر دەکات، لەبارەی ئەحمەد کایایە".

یەکێکی دیکە لەو کارانەی جێگەی شانازی ئەم ناوەندەیە، بەگوتەی مورادی پەرتووکی حافزی شیرازییە. ئەم کتێبە کە تازە کەوتووەتە بازاڕ، نووسەری کۆچکردوو سلێمان جیریانی (س.ج.هێرش) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دوای دوو ساڵ لە کۆچکردنی بۆی چاپکراوە.

مورادی دەڵێت "بەڵێنم پێدابوو، بۆیە دووساڵ پاش مەرگی بۆم چاپ و بڵاوکردەوە". نووسەری کۆچکردوو خاوەنی گۆڤاری گزنگ بووە و نیعمەت گوتەنی "غەزەلەکانی حافزی شیرازی زۆر کاری لەسەر کراوە، بەڵام باش نەبوون، ئەوەی هێرش تەرجەمەی کردووە، دەکرێت بڵێم باشترینیانە".

رزگار شێخانی کە نووسەر و وەرگێڕێکی کوردە لە سوێد، لەبارەی کتێبخانەی ئەرزانەوە دەڵێت "وەک ئەزموونێکی تاکەکەسی زۆر بە باشی دەزانم، بەڵام دەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتگیری بکرێت، تاوەکو پرۆژەکە لە ئاستی تاکەکەسییەوە ببێتە دەوڵەتی".

چالاک محەممەد، کوردێکی دانیشتووی ستۆکهۆڵم، زۆر خۆشحاڵە بەم ناوەندە و دەڵێت "کتێب و سی دی گۆرانی و فێربوونی زمان هەر لێرە دەکڕین".

مورادی خۆی تەنیا بە خوێنەرێکی ئاسایی دەزانێت، بۆیە هەمیشە بۆ پێداچوونەوە و زمانەوانی پشت بە رۆشنبیرانی ناسراو دەبەستێ. بەڵام تێبینی زۆریشی لەسەر چاپی کتێب لە کوردستان هەیە و دەڵێت "هەڵەی زمانەوانی زۆری تێدایە، بەشێکیان هاتوون لەلای من دووبارە چاپیان کردووەتەوە".

ئەو ئامێر و ئامرازانەی کە مورادی و هاوکارەکانی کاری پێ دەکەن، رەنگە سەرەتاییترین و سادەترین ئامێری چاپ بن لە جیهاندا. بەڵام وەک خۆی دەڵێت "ئەزموونێکی باشمان بە ناوەرۆکێکی باشەوە پێشکەش کردووە". رەخنەش لە ناوەند و چاپخانەکانی کوردستان دەگرێت و دەڵێت "بەداخەوە گەشەسەندنەکان زیاتر لە روخسار و رووی دەرەوەی کتێب بووە، نەک کواڵیتی چاپ و زمانەوانی و تێکست".


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوک - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131



برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب


+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333
DANIA CITY
better life style
daniacity
info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM

ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18



## ژنێک بە چوار فیشەک دەکوژرێت

**رووداو- کەرکووک**

تەرمی ژنێکی نەناسراو لە شاری کەرکووک دۆزراوەتەوە و رەوانەی دادپزیشکی شارەکە کراوە. عەقید رەزوان شکور، بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند، شەوی 2016/1/16 لە پشت شەقامی جووتسایدی گەڕەکی شۆراو لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە لە بوونی تەرمێک ئاگادارکراونەتەوە. ناوبراو گوتی "تەرمەکە ژنێکی نەناسراو بووە و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان تەمەنی لەنێوان 25-30 ساڵە و بە چوار فیشەک کوژراوە. بۆ پشکنینی زیاتریش رەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادیی کەرکووک کراوە".

# ساڵی رابردوو دوو هەزار ئافرەت لە کوردستان سووتاون

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی ئاماری دەزگا تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو زیاتر لە دوو هەزار ئافرەت لە کوردستان سووتاون، لەو ژمارەیەش 212یان مردوون، بەڵام ئامارەکە دەریدەخات بە بەراورد بە ساڵی 2014 سووتانی ئافرەتان کەمی کردووە.

بەپێی ئاماری بەشی پلاندانان لە بەڕێوەرایەتی گشتیی تەندروستی دهۆک کە دراوەتە (رووداو)، ساڵی رابردوو لەو پارێزگایە 1342 ئافرەت سووتاون، بەو هۆیەشەوە 58یان مردوون. بەڵام لە ساڵی 2014 ئەو ژمارەیە 1544 ئافرەت بووە کە 67یان مردبوون.

سەبارەت بە شاری هەولێریش، بەپێی ئەو ئامارەی لە نەخۆشخانەی رۆژئاوای هەولێر دراوەتە (رووداو)، ساڵی رابردوو 439 ئافرەت کە سووتاون، بۆ چارەسەرکردن براون بۆ ئەو نەخۆشانەیە، لەوانەش 99یان مردوون، بەڵام لە شاری هەولێر ئامارەکە هەڵکشاوە، چونکە لە ساڵی 2014دا 399 ئافرەت سووتاون کە 90یان مردوون.

لە سنووری پارێزگای هەولێر دوو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەیە کە یەکێکیان لە سۆرانە.

موقەدەم ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەولێر روونیکردەوە، لەو 439 ئافرەتەی ساڵی رابردوو لە سنووری پارێزگای هەولێر سووتاون 106 یان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەواندا بوونە کە 46یان خۆیان سووتاندووە و 60یان سووتاون.

نەخۆشخانەی ئیمێرجنسیی سلێمانی نەخۆشی شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و راپەڕین و خانەقین و هەندێجار کەرکوکیش رووی تێدەکەن، بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی، ساڵی رابردوو 295 ئافرەتی سووتاو هێنراون بۆ ئەو نەخۆشخانەیە کە 55یان بەهۆی زۆریی رێژەی سووتاوییانەوە مردوون.

بەڵام ساڵی 2014 ژمارەکە زیاتر بووە و 313 ئافرەتی سووتاو رەوانەی ئەو نەخۆشخانەیە کراون و 67یان مردوون.

د.شاخەوان سائیب، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئیمێرجنسیی سلێمانی دڵخۆشە بە دابەزینی ژمارەی سووتانی ئافرەتان و ئاماژەی بەو پلانەش کرد کە لە دوو ساڵی رابردوودا بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان جێبەجێیان کردووە و گوتی "لە دوو ساڵی رابردوودا لەڕێگەی میدیاکانەوە ئافرەتانمان لە کاریگەرییە خراپەکانی سووتان ئاگادار کردووەتەوە، پاشانیش پاککردنەوەیەکی گشتیمان لەنێو نەخۆشخانەکەدا کرد، چونکە بەپێی ستانداری جیهانیش ئەگەر نێو نەخۆشخانە پاک نەبێت بەکتریا زیاتر بڵاودەبێتەوە، هەست دەکەین ئەو دوو پلانە ئامانجیان پێکاوە".

نەخۆشخانەکانی ئیمێرجنسی ناتوانن حاڵەتەکانی سووتان و خۆسووتاندن دیاری بکەن و لە ئامارەکانیشیاندا ئەو دوو حاڵەتە جیاناکرێتەوە، بەڵکو ئەرکیان چارەسەرکردنی نەخۆشەکانە، بەڵام بەبۆچوونی د.شاخەوان لەو 313 نەخۆشەی ساڵی 2014 رەنگە 50یان خۆیان سووتاندبێ.

سەبارەت بە جیانەکردنەوەی ئاماری ئافرەتانی سووتاو لەوانەی خۆیان دەسووتێنن، دکتۆر شاخەوان گوتی "زۆرجار ئافرەتەکە راستییەکە نالێت، ناشتوانین بەهۆی رێژەی سووتاوییەکە حاڵەتەکە جیابکەینەوە، چونکە ئافرەت هەیە رێژەی سووتانەکەی 90% بووە، بەڵام دەرکەوتووە سووتاوە، ئافرەتیش هەبووە رێژەی سووتانی 10% بووە، کەچی دەرکەوتووە خۆی سووتاندووە".

رائید هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە سلێمانی، لەبارەی ژمارەکەی ئیمێرجنسی بۆ حاڵەتەکانی سووتان دەڵێت کە حاڵەتەکانی خۆسووتاندن لەو ژمارەیە زیاترن "زۆرجار ئافرەتی سووتاو ناڵێت خۆم سووتاندووە، بەڵکو دەڵێت سووتاوم، بۆ نموونە ژن لە هاویندا خۆی سووتاندووە و گوتوویەتی بە پەرەمێزی حەمام سووتاوم، لە کاتێکدا ئەو قسەیە راست نییە".

دکتۆر شاخەوان کە ماوەی دوو ساڵە بەڕێوەبەرە، لە نزیکەوە ئاگاداری چیرۆکی خۆسووتاندنی ژنانە، هۆکارەکانی خۆسووتاندنی بۆ لێکتێنەگەیشتن لەگەڵ مێرد یان کەسوکار گەڕاندەوە و گوتی "ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن 100% پەشیمانن، ژن هەبووە گوتوویەتی لەگەڵ مێردەکەم لەسەر مەسەلەیەک بووەتە کێشەمان، ویستوومە ئەو بێتە سەر رای من، بەڵام بەو هۆیەوە کێشە دروستبووە و بۆ ترساندنی مێردەکەم نەوتم بەخۆمدا کردووە، بەڵام نەمدەزانی دەگەمە ئەم حاڵەتە، یاخود هەندێک لە خوێندکاران لەبەر دەرنەچوونیان لە قوتابخانە لەلایەن کەسوکارەوە هەڕەشەیان لێکراوە و پەنایان بۆ خۆسووتاندن بردووە".

گوتیشی "لە ماوەی دوو ساڵی کارکردنم بۆم دەرکەوتووە 80%ی ژنان خۆسووتاندنیان بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر بووە و تەنیا یەک ژنم بەدی کرد کە بەنیازی خۆلەناوبردن، خۆی سووتاندبوو".



# دوو شوان تەرمی ژنێک لەسەر شاخێک دەدۆزنەوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- تەکیە**

تەرمی ژنێکی نەناسراو لەسەر شاخی تەکیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی دۆزرایەوە کە بە فیشەک کوژراوە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیسیش پێدەچێت مانگێک بێ کوژرابێ.

ئەو تەرمە لە نێوان گوندی خوامراد و هەیاس فڕێدراوە کە نزیکەی کاژێرێک بە ئۆتومبیل لە ناحیەی تەکیەوە دوورن. بە قسەی دانیشتوانی گوندی خوامرادیش، هەر لە گوندەی ئەوانەوە بۆ ئەو شاخەی تەرمەکەی لێ دۆزراوەتەوە، نزیکەی کاژێرێک بە ئۆتۆمبێل لە ئاواییەکەیانەوە دوورە.

تەرمەکە شەوی 2016/1/11 لەلایەن دوو شوانی گوندی خوامرادەوە دۆزراوەتەوە، شایەتحاڵێک لەو گوندە کە دوای دوو شوانەکە یەکەم کەس بووە چووەتە سەر تەرمەکە، بە (رووداو)ی گوت "ئەو دوو شوانەی گوندەکە چەند ئاژەڵێکیان لێ ون بووە و بەمەبەستی دۆزینەوەیان چووبوونە سەر شاخەکە و لەوێ تەرمەکەیان بینیوە.

ئەو شایەتحاڵە گوتی "دوو شوانەکە بۆ رۆژی دواتر هێزە ئەمنییەکانیان ئاگادار کردووەتەوە".

ئەو کەسە زانیاری وردی لەسەر تەرمەکە باس کرد و گوتی "ئافرەتەکە تەنیا جلی ژێرەوەی لەبەردا بوو، قەوانی چەند فیشەکێکیش لە دەوروبەری تەرمەکە کەوتبوون، فیشەکێک بەر سەری ئافرەتەکە کەوتووە و چەند فیشەکێکیش بەر شانی کەوتوون.

بەگوتەی ئەو شایەتحاڵە، پێدەچێ ئەو تەرمە ماوەیەکی زۆر بێ لەو شوێنە کەوتبێ، چونکە ئاژەڵی دڕندە و کێوی بەشێک لە گۆشتی جەستەیان خواردووە. شایەتحاڵەکە گوتی "تەنیا کەمێک قژیش بە سەرییەوە مابوو، قاچی چەپ و دەستی راستیشی پێوە نەمابوو، قاچی راستیشی تەنیا ئێسقانەکەی مابوو، پێدەچوو ئاژەڵ گۆشتەکەی لێکردبێتەوە". گوتیشی "رەنگە ئەو ئافرەتە مێردی هەبووبێ، چونکە ئەڵقەیەک لە پەنجەی دەستی چەپیدا بوو".

دۆسیەی ئەو ئافرەتە بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە چەمچەماڵ سپێردراوە. نەقیب هێمن عەلی، بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە (رووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت تەمەنی لە نێوان 30-35 ساڵدا بێت، بەڵام لەوە دڵنیاین کە ئەو ئافرەتە بە فیشەک کوژراوە، فیشەکەکانیش بەر سنگ و بەشی پێشەوەی جەستەی کەوتوون و تەرمەکەش بەهۆی زۆر مانەوەیەوە شێواوە و لەبەرئەوەی وەرزی زستانە، پێشبینی دەکەین دوای مانگێک لە کوژرانی دۆزرابێتەوە".

ئەو بەرپرسە پشتڕاستی کردەوە کە لە کاتی دۆزینەوەی ئەو تەرمەدا تەنیا جلی ژێرەوەی لەبەردا بووە، بەڵام پێیوایە جلی دیکەی لەبەردا بووە و پێدەچێت بەهۆی زۆر مانەوەیەوە لەبەریدا نەمابێت "بەو شێوەیە فڕێ نەدراوە، بەڵکو جلی لەبەردا بووە، بەڵام ئەو شوێنە چۆڵە و ئاژەڵی زۆریشی لێیە، پێدەچێت ئاژەڵ جلەکانیان دڕاندبێت".

شایەتحاڵەکەی (رووداو) باسی ئەو دوو شوانەشی کرد کە لە شەودا تەرمەکەیان بینیوە و گوتی "هەردووکیان باری دەروونییان زۆر خراپە، چونکە یەکەمجارە حاڵەتێکی لەو شێوەیە دەبینن".

پیرەمێردێکی گوندی خوامراد کوشتنی ژنێکی لەو شوێنەدا بەلاوە سەیرە و دەڵێت "چەندین ساڵە لێرە دەژین، حاڵەتی لەو شێوەیەمان نەبیستووە، چونکە ئەم شوێنە زۆر سەختە و خەڵک بە کەمی رووی تێدەکەن، مەگەر کارێکی پێویستیان هەبێت".

قسەی ئەو پیرەمێردە بەلای بەرپرسانی پۆلیسیشەوە راستە، نەقیب هێمن گوتی "بەو پێیەی قەوانی فیشەک لەو شوێنەدا دۆزراوەتەوە، هەر لەو شوێنەدا کوژراوە، هەڵبژاردنی شوێنەکە بۆ ئەوەیە ئەوانەی تاوانەکەیان کردووە کەس نەیانبینێ و ئاشکرا نەبن".

هەرچەندە ئەو تەرمە هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبووە، بەڵام دوای دۆزینەوەی لەلایەن پۆلیسەوە بە گوتەی نەقیب هێمن، پەیوەندی بە خێزانێکی ناوچەکەوە کراوە کە پێشتر ئافرەتێکیان دیار نەماوە و دەرکەوتووە هی ئەوان نەبووە.

د.محەممەد نوری لە پەیمانگەی پزیشکی دادی سلێمانی بە پشتبەستن بەو توێکارییەی بۆ ئەو تەرمە کراوە، بە (رووداو)ی گوت "پێدەچێت تەمەنی لە 35 ساڵ زیاتر بێت و کاتی کوشتنی تا دۆزینەوەشی، ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە".



# کچێکی مەملەکەتی سورچییان خۆی دەخنکێنێ

**رووداو- سۆران**



باوکی بەناز داوا لە کچەکەی دەکات کە بە دایکی بڵێ کێکیان بۆ دروست بکات و ئیدی دەچێتە دەرەوە. ئەو چاوەڕێ بوو کە گەڕایەوە ماڵەوە کچەکەی کێکی گەرمی لە پێش دابنێ، بەڵام بەسەر مەرگی کچەکەیدا چووەوە.

بەناز غازی زرار، تەمەن 19 ساڵ کە دانیشتووی گوندی کەلەکینی سەر بە ناحیەی خەلیفانی قەزای سۆران بوو، رۆژی 2016/1/10 لە ماڵەکەی خۆیاندا بە پەت خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. خەڵکی ئاوایی کە زۆربەیان لە عەشیرەتی سورچین، دەڵێن لەوەتەی بەبیریان دێت ئەوە یەکەمین حاڵەتی خۆکوشتنی ئافرەتانە لە گوندەکەیاندا روویدات.

باوکی بەناز بە سەرسوڕمانەوە باسی ئارامگرتنی ئەو کەسانە دەکات کە رۆڵەی خۆیان لەدەستداوە و دەڵێ مەرگی کچەکەی زۆر بێ تاقەتی کردووە، بەڵام ئەوەی لە دڵیدا بووەتە گرێ، دەستنەکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بەناز بۆچی خۆی خنکاند؟

غازی باسی دوایین دیداری خۆی و کچەکەی دەکات و دەڵێت "دوای بانگی عەسر، نوێژم کرد، بەنازیش لە تەنیشت منەوە نوێژی کرد، کە تەواو بوو پێمگوت کچم بە دایکت بڵێ کێکێکمان بۆ دروست بکات، ئیدی چوومە دەرەوە".

بەناز راسپاردەی باوکی بە دایکی دەگەیەنێ، بەڵام دایک و باوکی بێ ئاگابوون لەوەی کچەکەیان بەنیازی چییە، چونکە دەڵێن هیچ کێشەی نەبووە و پێشتریش هەرگیز هەڕەشەی خۆکوشتنی نەکردووە، تاوەکو چاودێری بکەن.

غازی دەڵێت "دایکی لە دەرەوە خەریکی شکاندنی گوێز بووە و کچەکەشم پەتێکی بردووەتە ژوورەوە و کورسییەکی خستووەتە ژێر قاچی و خۆی خنکاندووە".

بە قسەی باوکی، دوای رووداوەکە دایکی یەکەمین کەس بووە پێی زانیوە و دواتر هاواری کردووە و بەو هۆیەشەوە کوڕێکیان کە لە دەرەوە لەنێو ئاژەڵەکانیاندا بووە، هاتووەتەوە و لەگەڵ دایکی پەتەکەیان لە ملی بەناز کردووەتەوە، باوکی گوتی "نە هەستم کردووە کێشە و نەخۆشی هەبووبێت، نە خوازبێنیشی هاتووە و نەماندابێت، هەر شتێکی ویستبایە بۆم جێبەجێ دەکرد، بۆیە نازانم بۆچی خۆی خنکاند".

بە گوتەی غازی، کچەکەی زۆربەی کات سەیری ئەو دراما دۆبلاژکراوانەی کردووە کە لە کەناڵە لۆکاڵییەکانی کوردستانەوە پەخش دەکرێن، بۆیە گومان دەکات لاسایی ئەکتەرەکانی نێو ئەو درامایانەی کردبێتەوە و خۆی خنکاندبێ.

بەناز تا چواری سەرەتایی خوێندووە، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئاوارەی شاری سلێمانی بوون، لەوێ بەناز درێژەی بەخوێندن نەداوە و وازی هێناوە.

خۆکوشتنی ئەو کچە یەکەمین حاڵەتە لەنێو ئەو گوندە روودەدات، دانیشتوویەکی گوندی کەلەکین گوتی "رووداوەکەمان بەلاوە زۆر ناخۆشە، بەڵام سەیرە لەنێو گوندێکی وەهادا کچێکی ماڵ دەبێت چ کێشەیەکی هەبێت تاوەکو خۆی بخنکێنێ، چونکە خێزانەکەی زۆر باشن".

ئەو رووداوە لەلایەن پۆلیسی خەلیفانەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت. رائید سەعدون نەبی، بەڕێوەبەری بەشی پەیوەندی و راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند، نازانن ئەو کچە بۆچی خۆی خنکاندووە، چاوەڕێی راپۆرتی بەشی بەڵگەی نەهێشتنی تاوان و پەیمانگەی پزیشکی دادن بۆ زانینی هۆکاری راستەقینەی خۆکوشتنەکە.



## مەلۆتکەیەک فڕێ دەدرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی 2016/1/12 تەرمی منداڵێکی تازە لە دایکبوو بە مردوویی دۆزراوەتەوە و ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە. گوتیشی "مەلۆتکەکە کوڕ بووە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش پێدەچوو هەر ئەو ڕۆژەی لەدایکبووە و فڕێدرابێت، چونکە تازە ناوکی بڕدرابوو، هەروەها مەلۆتکەکە لە پارچە پەڕۆیەک پێچرابوو خرابووە ژێر دار سنەوبەرێکەوە، لێو و ژێر پەنجەکانیشی شین ببوونەوە و پێدەچێت دوای دانانی گیانی لەدەستدابێت".

# پۆلیسێک لە کاتی دەوامدا خۆی دەکوژێ

## کەسوکاری محەممەد: پێدەچێ بە هەڵە خۆی کوشتبێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- خانەقین**

محەممەد بەنیاز بوو ئەمساڵ خانووەکەی تەواو بکات و دوای ئەوە خێزان پێکەوە بنێ، بەڵام ئەو خەونە هەر بە دەستی خۆی بەتاڵ کرایەوە و لە کاتی دەوامی ئاسایی خۆیدا، چوار گوللەی لە خۆی دا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. خۆکوشتنی ئەو کوڕە بەلای براکەیەوە جێی سەرسوڕمانە و پێیوایە "بە هەڵە" خۆی کوشتووە.

محەممەد بورهان، تەمەن 33 ساڵ، پاسەوانی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی خانەقین بوو، نیوەڕۆی ڕۆژی 2016/1/10 لە کاتی دەوامدا بە کلاشینکۆفەکەی خۆی، چەند فیشەکێکی بە سنگییەوە نا و دەستبەجێ گیانی دەرچوو.

محەممەد باوکی لە ژیاندا نەماوە و تەنیا دایک و خوشک و برایەکی هەن. پێشتریش پۆلیسی پاراستنی سنوور بووە لە خانەقین و ماوەی هەشت مانگە ڕاژەکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گومرگی خانەقین گواستووەتەوە.



یەکێک لە هاوڕێکانی لەو بەڕێوەبەرایەتییە بە (ڕووداو)ی گوت "چەند خولەکێک پێش خۆکوشتنی، قسەمان لەگەڵ کرد و پێدەکەنی و هەر بۆ خۆشیش پێمانگوت پێت چۆنە ژنێکت بۆ بێنین، ئیدی لە ناکاو گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، بینیمان چوار فیشەکی ناوە بە سنگی خۆیەوە و لە پشتییەوە دەرچووبوو، دەستبەجێش گیانی دەرچووبوو".

دایک و خوشکێکی محەممەد چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشی بوون و بەبۆچوونی ئەو هاوڕێیەشی پێدەچێت هۆکاری خۆکوشتنەکەی پەیوەندی بە خەمخواردنییەوە بۆ ئەوان هەبێت "محەممەد مانگانە نزیکەی ملیۆنێک و 600 هەزار دیناری وەردەگرت و ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی لە ئەستۆ بوو، بەڵام هەندێجار دەیگوت کە دایک و خوشکەکەی نەخۆشن و بەو هۆیەوە ماندوو بووە، بۆیە ڕەنگە لەبەرئەوە خۆی کوشتبێت، ئەگینا نەمزانیوە هیچ کێشەیەکی دیکەی هەبووبێ".

### براکەی:خۆکوشتنەکەی ناڕوونە

خێزانی محەممەد ڕووداوەکەیان بەلاوە ناڕوونە و پێیانوایە کە بە هەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووبێت، یوسف بورهان کە برا گەورەی محەممەدە، دوای تەواوبوونی پرسەی براکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی ئێوارەی پێش ڕووداوەکە بۆ دواجار محەممەدی بینیوە و بۆ شەوەکەشی پێش ئەوەی محەممەد بڕواتەوە بۆ دەوام، هەندێک پێداویستی بۆ خێزانەکەی کڕیوە "ڕووداوەکە بەلای ئێمەوە ناڕوونە، چونکە محەممەد ئەگەر بیویستایە خۆی بکوژێت لە ماڵەوە ئەو کارەی دەکرد". هەروەها دەڵێت "لە شوێنی پاسەوانیی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا کامێرای چاودێری لێ نییە، بۆیە دەڵێین ڕووداوەکە ناڕوونە".

یوسف پەنجەی تۆمەت بۆ هیچ کەسێک درێژ ناکات و دەڵێت "ئێمە گومان و سکاڵامان لە دژی هیچ کەسێک نییە، چونکە دوژمنایەتیمان نییە و محەممەدیش پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی زۆر باش بوو".

ئەو برایەی کە دوای پرسەکە، لای پۆلیس وێنەی دوای ڕووداوەکەی بینیوە، گوتی "لە وێنەکاندا دیارە گوللەکان بەر دڵی کەوتوون، بەڵام شێوازی گرتنی چەکەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە واتە لوولەی چەکەکە بۆ سەرەوە بووە و گوللەکانیش لە بەشی سەرەوەی پشتییەوە دەرچوون و بەر سەقفەکەش کەوتوون، هەروەها لە شوێنەکەدا سێ کورسی لێبووە و ویستوویەتی بەو کورسییانە هەستێتەوە، بەڵام دواتر کەوتووە بەسەر کورسی و چەکەکەیدا و خوێناوی بوون".

وەکو یوسف باسی کرد، براکەی بەنیاز بووە ئەمساڵ خێزان پێکەوە بنێ، بۆ ئەو مەبەستەش خەریکی دروستکردنی خانوو بووە، بەڵام بەهۆی بێ پارەییەوە کارکردنی لە خانووەکەدا ڕاگرتبوو.

سەبارەت بە قسەی هاوڕێکەی کە دەڵێت محەممەد بەهۆی نەخۆشیی خوشک و دایکییەوە خۆی کوشتووە، یوسف گوتی "ڕاستە دایکم چەند ساڵێکە نەخۆشە و خوشکەکەشم بەهۆی نەخۆشی لە خوێندن دابڕاوە، چەند جارێکیش دەیگوت چۆن بتوانم ژن بێنم و بڕۆمە خانووی خۆمەوە و لێیان دوور بکەمەوە، بەڵام نەیدەگوت لێیان بێزارم و منیش دڵنەواییم دایەوە، زۆرجاری دیکەش باسی ئەوەمان کردووە".

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی خانەقین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ زانینی هۆکاری خۆکوشتنی ئەو پۆلیسە، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە، بەڵام گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ڕەنگە فیشەکی لەدەست دەرچووبێت".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## خوشکەکەیان بۆچی کوشت؟

ئافرەتەکە بەو مەرجە ڕادەستی براکانی کرایەوە کە نەیکوژن، بەڵام براکانی بەڵێنەکەیان نەبردە سەر و کوشتیان. چیرۆکێکی کاریگەر لە پشت کوشتنی ئافرەتەکەوە هەیە، دەکرێ ئافرەتی دیکەش سوودی لێ وەربگرن بۆ ئەوەی هەمان چارەنووس چاوەڕێیان نەکات.

ئەو ئافرەتە سەربوردەی ژیانی خۆی بۆ گێڕاینەوە و گوتی "کچی بچووکی ماڵ بووم، سێ برام هەبوو، دایک و باوکم نەمابوون، یەکێک لە براکانم پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکدا هەبوو، بەڵام ماڵی باوکی کچەکە ڕازی نەدەبوون بیدەنێ، دواجار بە مەرجی ژن بە ژنە ڕازی بوون، من بوومە قوربانیی ژن بەژنییەکە، بە زۆر ڕازییان کردم".

ئەو ئافرەتە هەرچەندە بەزۆر بەشوودرا، بەڵام کێشەی لەگەڵ مێردەکەی نەبوو، ئەوەی کێشەی بۆ دروستکرد براکەی بوو "هیچ کێشەم لەگەڵ مێردەکەم نەبوو، کچێک و کوڕێکم هەبوو، بەڵام ئاگادار بووم براکەم نێوانی لەگەڵ ژنەکەی باش نییە و بەردەوام شەڕیانە. تا کار گەیشتە ئەوەی لە یەکدی جیابوونەوە، بەڵام لە من قەوما، دەستبەجێ منیشیان تەڵاق دا و دوو منداڵەکەیان لێ سەندمەوە".

بێوەژنبوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا جگە لە نەهامەتی هیچی دیکەی لێ شین نابێت، ئەو ئافرەتە دەڵێت ئەو نەیدەوێرا تەنانەت بۆ منداڵەکانیشی بگری یان باسیان بکات، یەکسەر براکانی پێیاندەگوت ئەوە بۆ مێردەکەی دەگری. ئافرەتەکە جارێکی دیکە دەکرێتەوە قوربانی، بەڵام ئەمجارە بەبیانووی لەکەدارنەبوونی شەرەفی براکان.

"ڕۆژێک بەبێ ئەوەی ئاگادار بم، پیاوێک هاتە خوازبێنیم کە 30 ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، براکانم گوتیان تۆ هێشتا گەنجیت و بێوەژنیشیت، با خەڵک قسەمان لەسەر نەکات، بۆیە شووی پێ بکە، منیش وەکو ئەوەی پێشوو مافی قسەکردن و ڕەتکردنەوەم نەبوو، ناچار بووم شووی پێ بکەم".

ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکان هەرزوو دەستیان پێکرد، منداڵەکانی ئەو پیاوە هاوتەمەنی ئافرەتەکە بوون، ئەو ژنە گریانی بۆ حاڵی خۆی دەهات، بەڵام هەر کاتێک مێردەکەی بە دڵ توندی بینیبێتی پێیگوتووە "ئەوە بیری مێردی پێشووت دەکەی".

تەنیا قسەکردن لەگەڵ پیاوێکی دراوسێیان بەس بوو بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو ژنە بە ڕۆژێکی ڕەش بگات "لەبەر دەرگا لەگەڵ پیاوێکی دراوسێمان چەند قسەیەکم کرد، ئێوارە کە مێردەکەم هاتەوە کوڕەکەی گوتی دایکم لەبەر دەرگا لەگەڵ پیاوێک قسەی دەکرد، ئیدی مێردەکەم بەربووە گیانم، پاشان بە براکانمی گوت گوایە من ناپاکیم لێکردووە و تەڵاقی دام".

ئەو ژنە کاتی خۆی بۆ پاراستنی گیانی نێردرا بۆ ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان، لەوێ تەنیا برایەکی هاتوچۆی دەکرد، ئەو برایەی قەناعەتی بە خوشکەکەی هێنابوو کە نایکوژن و ژیانی پارێزراو دەبێت، بۆ ئەوەی لە ماڵی داڵدەدان بێتە دەرەوە. بۆیە ئافرەتەکە داواکارییەکی پێشکەشی دادوەر کرد کە ڕادەستی برای بکرێتەوە، بەڵێننامە بە براکەی پڕکرایەوە کە ژیانی خوشکەکەی پارێزراو دەبێت.

دوای مانگێک ئەو برایەی سەردانی کردین و گوتی خوشکەکەم ون بووە. بەڵام بە بڕیاری دادوەر براکەی بەند کرا تاوەکو چارەنووسی ئافرەتەکە بزانرێت، پاش دوو ڕۆژ تەرمی ئافرەتەکە دۆزرایەوە و دەرکەوت خنکێنراوە، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ براکەیدا دەرکەوت بە هاوکاریی برایەکی دیکەی خوشکەکەی خۆیان کوشتووە. دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگایی، دوو براکە هەر یەکەیان بە 20 ساڵ بەندکردن سزادران.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ دۆسیەی ئەو ئافرەتە بکەین، ڕەنگە ئەو ئافرەتە بەو ڕۆژە ڕەشە نەگەیشتبا ئەگەر زوو سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتانی بکردایە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا، ئەو دەیتوانی بە پشتبەستن بە یاسا ڕازی نەبێت ژن بە ژنە شوو بکات. چونکە بەپێی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2011ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان "ژن بە ژنە" بە توندوتیژی هەژمار کراوە، بکەرەکەی بەپێی مادەی 7ی ئەو یاسایە سزا دەدرێت، سزاکەشی بریتییە لە بەندکردن کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت، لەگەڵ غەرامەکردنی لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# دایکیان لە ئەوروپا هێنایەوە و لە شەقامەکانی دهۆک فڕێیان دا

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووانی هەولێر ئاشکرای کرد کەیسی ژنێکیان لەلایە کە پێشتر لە ئەورووپا بووە و منداڵەکانی هێناویانەتەوە کوردستان، بەڵام دواتر لەسەر شەقام فڕێیانداوە، پاشان پۆلیس هێناویەتی بۆ خانەکەی ئەوان، چونکە شاری دهۆک خانەی بەساڵاچووانی تێدا نییە.

لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا دوو ماڵی بەساڵاچووان هەیە، یەکێکیان لە شاری هەولێر و ئەوەی دیکەش لە سلێمانی، بەڵام تائێستا لە شاری دهۆک نەکراوەتەوە، بۆیە بەساڵاچووانی ئەو شارە ڕەوانەی هەولێر دەکرێن.

بەپێی یاسای وەرگرتنی بەساڵاچووان کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دانراوە، ئەو بەساڵاچووانەی لەو ماڵانە وەردەگیرێن، دەبێت خەڵکی هەرێمی کوردستان بن، بۆ نێرینە تەمەنیان 60 ساڵ و مێینەش تەمەنیان 55 ساڵ و بەرەو سەرەوە بێت و نەخۆشی گوازراوەشیان نەبێت.


ئێستا 115 بەساڵاچوو لە هەردوو خانەی بەساڵاچووانی هەولێر و سلێمانیدان

(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

بەپێی ئاماری ماڵی بەساڵاچووانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی ڕابردوو 103 بەساڵاچوو سەردانیان کردوون، بەڵام تەنیا 21 کەسیان مەرجی وەرگرتنیان لە خانەکەدا تێدا بووە، هەروەها لە ساڵی 2014شدا 71 کەس براون بۆ خانەکە، بەڵام تەنیا 16 بەساڵاچوو وەرگیراون. ئێستا خانەکە 47 بەساڵاچووی تێدایە (36 پیاو و 11 ئافرەت).

هەروەها بەپێی ئاماری خانەی بەساڵاچووانی هەولێر، ئێستا 68 بەساڵاچوو لە خانەکەی هەولێردان کە هەندێکیان خەڵکی دهۆک و کەرکووکن.

کامەران تۆفیق، بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ساڵانە ژمارەی وەرگرتنی بەساڵاچووان زیاد دەکات و گوتی "لە ساڵی 2004دا تەنیا 21 بەساڵاچوو لەم خانەیە بوون، بەڵام ئێستا 68 بەساڵاچووی لێیە".

سەرنج حەمەسەعید، بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی سلێمانی دەڵێت بەشێک لەو بەساڵاچووانە بەهۆی کێشەیان لەگەڵ کوڕ و کچەکانیان هاتوونەتە خانە، بەشێکی دیکەشیان بەهۆی کێشەی ئابوورییەوەیە، لەبەرئەوەی پێشتر منداڵەکانی باری داراییان باش بووە و کەسێکیان وەکو بەخێوکەر بۆ گرتووە تاوەکو خزمەتی بکات، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە چیدی ناتوانن پارەی ئەوە بدەن.

### چیرۆکی بەساڵاچووان

هەر یەکێک لەو بەساڵاچووانە چیرۆکێک لەپشت سەرگەردانییانەوە هەیە. کامەران چیرۆکی هەندێک لەو بەساڵاچووانەی باس کرد و گوتی "بەساڵاچوویەکی تەمەن 80 ساڵانەمان لەلایە، خەڵکی مەخموورە، کاتێک داعش ئەو ناوچانەی بۆ ماوەیەک داگیرکردبوو، کەوتبووە دەست ئەوان و ئازاری زۆریان دابوو، دوای ئەوەی داعش لە ناوچەکە دەکرا، خەڵک هێنایانە خانەکە".

ئەو بەڕێوەبەرە هەر لەنێو چیرۆکی بەساڵاچووەکاندا نموونەی ژنێکی خەڵکی دهۆکی هێنایەوە و گوتی "ژنێکی خەڵکی دهۆکیان بۆ هێناین کە لەگەڵ منداڵەکانی لە ئەورووپا ژیابوو، بەڵام ئەوان هێنابوویانەوە و لە دهۆک لەسەر شەقام فڕێیاندابوو".

هەندێک لەو بەساڵاچووانە ڕۆژگارێک لە نێو کەسوکار و دەوروبەرەکەیاندا کەسانی دیار و خواپێداو و خاوەن بڕوانامەی بەرز بوون. کامەران گوتی "بەساڵاچوویەکمان لەلایە پێشتر ئەندازیار بووە و دەوڵەمەندیش بووە، بەڵام لەگەڵ خێزانەکەی تووشی کێشە بوون و لە ماڵ دەرکراوە، ئێستا کەس سەردانی ناکات. هەروەها پزیشکێکمان لەلابوو کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی زانکۆیەکی بەنێوبانگی کەرتی تایبەت لە هەولێر، بەڵام کۆچی دوایی کرد".

بە گوتەی کامەران، بەساڵاچوویان لەلایە هەرچەندە لە ماڵ دەرنەکراوە، بەڵام بەهۆی فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنی لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەی ماڵی جێهێشتووە "بەساڵاچوویەک هات گوتی لە ماڵەوە کەس ئاگای لە من نییە و هەموو خەریکی ئینتەرنێت و تەلەفۆنن، بۆیە بە ناچاری هاتمە ئێرە".

ئەو بەڕێوەبەرە بەپێی ئەزموونی کارکردنی خۆی هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی ژمارەی بەساڵاچووانی بۆ جیاوازیی تەمەنی باوک و دایک و نەوەکانیان گەڕاندەوە و گوتی "زۆر جار ئەو بەساڵاچووانەی هاتوون دەرکەوتووە کە بەهۆی لێکتێنەگەیشتنیان لەگەڵ منداڵەکانیان تووشی کێشە بوون، ویستوویانە ڕێنمایی منداڵەکانیان بکەن، بەڵام منداڵەکانیان گوێیان لێ نەگرتوون و بەو هۆیەوە تووشی گرفت بوون".

سەرنج حەمەسەعید قسەیەکی جیاوازی بۆ خانەی بەساڵاچووان هەیە و پێشنیاز دەکات ماڵی زیاتر لەلایەن حکومەت یاخود کەرتی تایبەتەوە بکرێتەوە، چونکە ڕەنگە زۆر بەساڵاچوو هەبن پێیانخۆش بێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەڵسوکەوت بکەن کە هاوتەمەنی خۆیانن، هەندێجار بەساڵاچوو لە ماڵەوە ڕەنگە لەچوارچێوەی دیوارێکدا بژین، بۆیە حەز دەکەن بێنە دەرەوە.

## پلانی گەشەی ئابووریی سعودیە لە 15 ساڵی داهاتوودا

# ئابووریی سـعودیە چۆن بەبێ نەوت خـ

ئینستتیوتی جیهانیی مەککینسی پلانێکی ئامادەکـردووە کە تێیدا کۆمەڵێک ڕێوشـوێن و چاکسـازی بنەڕەتی بۆ حکومەتی سـعودیە دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی لە 15 سـاڵی داهاتوودا و بەهـۆی دابەزینـی نرخی نـەوت، نەک هەر تووشـی کورتهێنانـی دارایـی نەبێـت، بگرە ئاسـتی تێکڕای بەرهەمـە ناوخۆییەکان GDP بـۆ دوو بەرامبـەری ئێسـتا بـەرز بکاتـەوە. هەروەها ئابووریی سعودیە لە ئابووریی کەرتی گشـتی (واتە حکومی)یەوە ببێتە ئابوورییەک کە پشـت بە هێـز و توانای کەرتـی تایبەتی ببەستێ.

پلانەکـەی مەککینسـی لـە 144 لاپەڕە و چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە. ئینستتیوتی جیهانیی مەککینسـی، کە سـەر بـە گرووپی کۆمپانیـای ڕاوێژکاریـی مەککینسـییە، کار لەسـەر ئابوورییـە تـازە پێشـکەوتووەکان دەکات . هەروەها لە بواری کارگێڕی و بڕیارە سـتراتیژییەکاندا ڕاوێژ پێشکەشی حکومەت و دەسـەڵاتداران دەکات . ئەمـەی لای خوارەوە پوختەی پلانی مەککینسییە.

**پێشـەکی:** گواسـتنەوە لـە قۆناغـی پڕشـنگدارەوە بۆ قۆناغـی ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدا نوێیەکان

لەکاتێکـدا نرخـی نـەوت لـە دابەزینێکی بەردەوامدایـە ، وەبەرهێنـەر و بزنسـمانە جیهانییەکان چاویان لەسەر ئابووریی سعودییە کە بـە 19یەمیـن ئابووریی جیهـان لەقەڵەم دەدرێت. سـعودیە لە کاتێکدا پێ دەنێتە ئەم قۆناغە نوێیەوە، 10 ساڵی پڕشنگداری لەڕووی ئابوورییـەوە تێپەڕانـدووە. لەنێـوان سـاڵانی 2003 بۆ 2013، ئابووریی سـعودیە بە ڕێژەی دوو هێندە گەشـەی کرد، هەر لـەم قۆناغەدا سـعودیە بـە مۆدێرانیزاسـیۆنێکی تـەواودا تێپـەڕی کـە گۆڕانی بنەڕەتی لـە کۆمەڵگە و خۆشـگوزەرانیی سـعودییەکاندا دروسـتکرد. داهاتـی خێزانێکی سـعودیە بە ڕێـژەی 75% بەرزبـووەوە، هـەر لەم ماوەیـەدا 1.7 ملیۆن هەلـی کار دروسـتکرا و 450 ملیـار دۆلاریش لە کەرتەکانی تەندروستی، پەروەردە، ژێرخانی ئابووری خەرجکران کـە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی سـتانداردی ژیان لەم شانشینە عەرەبییەدا بینی.

لـە مـاوەی دوو دەیەی ڕابردوودا گەشـەی ئابووریی سـعودیە پشـتی بـە هەناردەکردنی نـەوت و خەرجییەکانی حکومەت بەسـتووە، بەڵام کـەم نەبوون ئـەو ئابووریناسـانەی لە هەمان مـاوەدا پێشـنیازی ئەوەیـان کردووە سـعودیە دەبـێ سـەرچاوەی جۆراوجـۆر بۆ گەشـەی ئابووریـی خۆی بدۆزێتـەوە و تەنیا وابەسـتەی کەرتی نـەوت نەبێت. لـە ماوەی یـەک سـاڵی ڕابـردوودا و لەگـەڵ دابەزینـی نرخـی نەوت، ئەم پێشـنیازە ئاوڕێکی جیدی لێدراوەتـەوە، لەکاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت لە ماوەی 15 ساڵی داهاتوودا سعودیە ڕووبەڕووی تەحـدای نـوێ ببێتـەوە، لەوانەش کێشـەی دارایـی، بەرزبوونـەوەی ژمارەی دانیشـتووان و نیشـتەجێکردنیان، بەرزبوونـەوەی ژمارەی ئەوانـەی تەمەنیـان گەیشـتووەتە تەمەنـی کارکـردن، زیادبوونـی ململانێکان لـە بازاڕی وزەی جیهانیـدا. هـەر بۆیـەش 15 سـاڵی داهاتووی سـعودیە بە قۆناغی گواسـتنەوەی ئابـووری ناودەنرێـت کـە تێیـدا لاپـەڕەی قۆناغێکی نـوێ دەکرێتەوە. لەم قۆناغەشدا کە تاوەکو 2030 بەردەوام دەبێت، پێویسـتە تێکڕای بەرهەمـە ناوخۆییەکان جارێکی دیکە دوو بەرامبـەری ئـەوەی ئێسـتا بکرێتەوە، 4 تریلیۆن دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی ئابووریی غەیرە-نەوتیدا بکرێت. هەروەها لە ماوەی دەیە و نیـوی داهاتوودا دەبێ 6 ملیۆن هەلی کاری نوێ بخولقێنرێت.

قۆناغی گواستنەوە پێویستی بە چاکسازیی بنەڕەتییە، واتە دەبێ لە ئابوورییەکی حکومی و سیستەمی سۆسـیالەوە بەرەو ئابوورییەکی بنکە-بـازاڕ (Market-based) هەنگاو بنێت. لـەم ڕاپۆرتـەدا، کـە ئینسـتتیوتی جیهانیی مەککینسـی ئامادەی کردووە، نەخشـەڕێیەک بۆ حکومەتی سـعودیە خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی تموحی گەورەتر وەدی بهێنێ.

### کێشە سەرەکییەکانی قۆناغی پڕشنگداری ئابووری

سـعودیە گەورەتریـن وڵاتی هەنـاردەکاری نەوتـە لـە جیهانـدا، کـە نزیکـەی 90%ی داهاتەکەی لە ڕێگەی نەوتەوە دابین دەکرێت. لە قۆناغی قەیرانی دارایی جیهانی لە 2008ەوە، ئـەم وڵاتە یەکێک لەو وڵاتـە دەگمەنانەیە کە تووشـی شکسـتی دارایی نەبوو. بەڵام دەیەی پڕشـنگداری ئابووریی سـعودیە لە 2003ەوە بۆ 2013 بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـتی بە کەرتی گشـتی دەبەست، کە دوو لەسەر سێی کـۆی هێـزی کاری سـعودیەی دامەزراندبوو. لەم قۆناغەدا 4.4 ملیۆن هەلی کار دروسـتکرا کـە 1.7ی لەلایەن سـعودییەکانەوە گیرابوو. خەرجییەکانی حکومەت لەو 10 سـاڵەدا چوار هێندەی دەیەی پێشـووتر بوو، بە شـێوەیەک کە 450 ملیار دۆلار لە پەروەردە، تەندروستی، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، ژێرخانی ئابووری و گواستنەوە خەرجکرا.

بـەڵام هەمـوو ئـەو وەبەرهێنانـەی حکومـەت بەرهەمدار نەبوونـە یانیش لەپێناو بەرهەمدارێتییـان خـەرج نەکـراون . کواڵیتی پەروەردە لە سـعودیە هەر بە نزمی ماوەتەوە، لە بـواری تەندروستیشـدا وەبەرهێنانەکان لە هەندێک ڕووەوە جێگەی خۆیان نەگرتووە، بۆ نموونە سـعودیە ئائێسـتاش بەرزترین ئاستی نەخۆشیی قەڵەوی و شەکرەی لە جیهاندا هەیە و سیستەمی تەندروستی نەیتوانیوە ڕێژەی ئەو دوو نەخۆشییە دابەزێنێ.

لە بازاڕی کاردا ڕێژەی بەشـداریی ئافرەتان بـە بەراورد بە پیاوان یەکجار نزمە، لەکاتێکدا سـاڵی 2014 تەنیـا 1.2 ملیـۆن ئافـرەت لە سـعودیە خاوەن پیشە بوون، واتە تەنیا 18% لە کۆی ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان گەیشتووەتە تەمەنـی کارکـردن، لـەم ژمارەیـە 800 هەزاریـان لـە دامەزراوی حکومەتـن، ئەمەش دوو بەرامبـەری هەمان ژمارەیـە لە 2003دا. بەشـداریی لاوازی ئافرەتان لە بازاڕی کاردا بۆ ئەو یاسا توندانە دەگەڕێتەوە کە بۆ کارکردنی پێکەوەیی جێندەرە جیاوازەکان لە شوێنی کار دانراون.

کێشـەیەکی دیکەی هێزی کار لە سـعودیە ئەوەیـە کـە زیاتـر لە نیـوەی ئەو هێـزە لە کرێکاری بیانیی ناشارەزا پێکهاتووە، مووچەی مانگانـەی ئـەم کرێکارانـە 400 دۆلارە کـە دەکاتە یەک لەسـەر سێی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانـی سـعودی لە کەرتـی تایبەت و یەک لەسـەر شەشـی مووچەی فەرمانبەرانی سـعودی لـە کەرتـی گشـتیدا. یەکێـک لـە دەرئەنجامەکانی ئـەم دیاردەیە لاوازبوونەوەی توانـای بەرهەمدارێتـی کاری ناوخۆیی بووە. گەشـەی ساڵانەی سـعودیە لەم بوارەدا تەنیا 0.8% بـووە، ئـەم ڕێژەیە لـە وڵاتانی دیکەی G20دا 3.3%یە.


هەرچەنـدە لە ماوەی 10 سـاڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر هەلی کار دروسـتکراوە، بەڵام ڕێژەی بێکاری لە سـعودیە 12%یە، بەشێکی ئەمە بۆ ئەو پشتگیرییە داراییانە دەگەڕێتەوە کـە بۆ خێزانـەکان و کەسـانی بێـکار دابین دەکرێـت و پـارەی هاوکاریـی مانگانەیـان تاوەکو دوو لەسـەر سـێی کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی حکومی دەڕوات، ئەمەش مەیلی گـەڕان بە دوای کارکردن لـە هاووڵاتیانی ئەم وڵاتەدا ناهێڵێتەوە.

سـعودیە لە پاش ئەم دەیە پڕدەستکەوتە ئابوورییە ، ڕووبەڕووی دوو تەحەدای سەرەکی دەبێتـەوە کـە یەکەمیان دەرەکییـە و ئەوەی دیکەیان ناوخۆییە. دەرەکییەکە پەیوەندی بە دابەزینی نرخی نـەوت لە بازاڕە جیهانییەکان و درسـتبوونی ململانێی زیاتر لە داهاتوودا لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا هەیە، بە گوێرەی سـندووقی دراوی نێودەوڵەتـی، کورتهێنانـی بودجەی سـاڵانە و تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی سـعودیە لـە داهاتوویەکـی درێژخایەنیشـدا بەردەوام دەبێت.

تەحـەدا ناوخۆییەکـە پەیوەنـدی بـە دیمۆگرافیـا و بەرزبوونـەوەی ژمـارەی ئـەو کەسانەوەیە کە هاتوونەتە ناو بازاڕی کارەوە. بە گوێرەی ئامـارە فەرمییەکان تەمەنی زیاتر لە نیوەی دانیشـتووانی سـعودیە لە خوار 25 سـاڵە، چاوەڕێـش دەکرێت لەسـاڵی 2030دا ژمارەی کەسانی تەمەن 15 ساڵ بۆ سەرەوە، بۆ 6 ملیۆن کـەس بەرزببێتەوە، بۆیە تاوەکو ئەوکاتـە 4.5 ملیـۆن داواکاری نـوێ بـۆ کار لـەم وڵاتـەدا دروسـت دەبێت، ئـەم ژمارەیە دەکرێت دوو بەرامبەریش ببێت ئەگەر ڕێگە بۆ کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ خۆش بکرێت. حکومەتـی سـعودیە لە مـاوەی دەیە و نیوی داهاتـوودا دەبێ بتوانێت سـێ بەرامبەری ئەو ڕێژەیە هەلی کار بڕەخسێنێ کە لەنێوان 2003 بۆ 2013 ڕەخسـاندبوونی، تەنیا بەوشـێوەیە دەتوانـێ وەڵامـی ئـەو لێشـاوی داواکاری پیشـەییە بداتـەوە کە دەشێ لە 15 سـاڵی داهاتـوودا ڕووبەڕووی بکرێتـەوە. جودا لەمە لە ساڵی 2030دا ژمارەی کەسانی بەساڵاچوو و خانەنشـین بەرزدەبێتـەوە، کە هەم لەڕووی تەندروسـتی و هەمیش دارایی گوشارێکی زۆر لەسەر حکومەت دروست دەکەن.

ئەگەر حکومەتی سعودیە پلانێکی گشتگیری بۆ ئەم 15 ساڵە نەبێت و تەنیا خەرجییەکانی حکومـەت کەم بکاتەوە، کورتهێنانی بودجەی حکومەت بەردەوام و بەرزتریش دەبێتەوە.

داهاتی خێزانی لە قۆناغی پڕشنگداری نرخی نەوتدا بەرێژەی 75% بەرزبووەوە، هۆکارەکەشی دامەزران و لە کەرتی گشتی بووە.




### دەرفەتی چوار تریلیۆن دۆلاری وەربەرهێنان

بـەڵام ئـەم تێبینیانە بەو مانایـە نییە کە دەبێ لەسـەر ئابووریی سـعودیە بشۆرێتەوە. لەبەرئەوەی سـعودیە ڕێگەی دیکەی لە پێشە بـۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆمەڵێک گۆڕانکارییەوە ڕووبەڕووی ئەو تەحدایانە ببێتەوە، واتە تێکڕای بەرهەمە ناوخۆییەکانی دوو بەرامبەر بکاتەوە، ئاسـتی داهاتـی خێزانی بەرێـژەی 60% بەرز بکاتەوە و 6 ملیۆن هەلی کاری نوێ دروسـت بکات، هەروەها ئاسـتی بێکاری لەو وڵاتەدا بۆ 7% دابەزێنێ. بەپێی ئەم گۆڕانکارییانە ڕێژەی داهاتـی غەیـرە نەوتی شانشـینی عەرەبی لە 10% بـۆ 70% بەرز دەبێتـەوە، هەروەها ئەو گوشـار و کاریگەرییـەش کـەم دەکاتەوە کە حکومـەت لە کۆمەڵگەدا هەیەتـی، لەکاتێکدا ڕێـژەی ئـەو مووچەیـەی کەرتـی تایبـەت خەرجـی دەکات لە 19%ی ئێسـتاوە بۆ 58% بەرزدەبێتەوە. جێبەجێکردنی ئەم گۆڕانکاریانە پێویستی بە 4 ترلیۆن دۆلار وەبەرهێنان هەیە، ئەمەش 3 هێندەی ڕێژەی وەبەرهێنانی دەیەی نێوان 2003 و 2013یە.

بەپێی ڕاپۆرتـی ئینسـتتیوتی جیهانیـی مەککینسـی ، سـعودیە لە ماوەی 15 سـاڵی داهاتوودا دەبێ کار لەسەر هەشت کەرت بکات کە توانـای ئەوەیان تێدایە قورسـایی 60%ی کۆی ئەو گەشـەیەیان بخرێتەسـەر کە تاوەکو 2030 بۆ دوو بەرامبەرکردنی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی سعودیە پێویستە. کەرتەکان بریتین لە کانەکان و کانزاکان، پترۆکیمیا، کارگەکان، بازرگانی و فرۆشـتن، گەشـتیاری، چاودێریی پزیشکی، دارایی و ئاوەدانکردنەوە.

### کەرتی کان و کانزاکان:

لـە ڕۆژئـاوای نیمچەدوورگـەی عەرەبیـدا کانگایەکـی زۆری کانـزاکان و غەیرە کانزاکان هەن، بەڵام ئەم کەرتە بە شـێوەیەکی بەرچاو پشتگوێخراوە. پشکداریی ئەم کەرتە لە تێکڕای بەرهەمە ناوخۆییەکانی سعودیەدا تەنیا 3%یە. بەڵام ئەم ڕێژەیە دەکرێت لەڕووی بەهاوە سێ بەرامبـەر بکرێـت، هاوکات 500 هـەزار هەلی کاری نوێش دروسـتبکات. بـۆ بووژاندنەوەی ئـەم کەرتە حکومـەت دەبـێ وەبەرهێنانێکی بەرفراوانی تێدابکات، هەروەها ژێنگەیەکیش دروسـتبکات کە هەم کەرتی گشتی و هەمیش تایبەت دەرفەتی ڕکابەرییان هەبێت.

### پەترۆکیمیا:

ئـەم کەرتـە ئێسـتا دوو لەسـەر سـێی کـۆی هەنارده غەیـرە نەوتییەکانی سـعودیە پێکدەهێنێـت و سـعودیەش لـەم بـوارەدا ڕکابەرێکی سـەرەکی ناو بازاڕە جیهانییەکانە. کۆمپانیـای پەترۆکیمیـای سـعودیە Saudi Basic Industries Corporation کـە بـە SABIC ناسراوە و 70%ی پشکەکانی موڵکی حکومەتن، یەکێک لە پێنج کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانییەکـەی ئەم بوارەیە، هەروەها 4 لە 20 داوودەزگاکانی بەرهەمهێنانی ئەسیلینی جیهان لە سـعودیەن. بەڵام بە مەزندەی مەککینسـی بـە کەمکردنـەوەی کەموکوڕییەکانی ئێسـتا، کامڵترکردنی پاڵاوگەکان و کەرتی پەترۆکیمیا و وەربەهێنان لە نوێکردنەوەی تەکنەلۆژیاکەیدا ،سـعودیە دەتوانێ بەشـداری ئـەم کەرتە لە تێکڕای بەرهەمە ناوخۆییەکان 30 ملیار دۆلار بەرزبکاتـەوە و هـەزاران هەلـی کاری جێـی پەسەند بخولقێنێ.

### کارگەکان:

سـعودیە بازاڕێکـی گـەورەی ئامێـرە ئەلیکترۆنـی و میکانیکییەکانـە. سـعودیەش وەک وڵاتانـی دیکـەی ناوچەکە ئـەم ئامێرانە لـە دەرەوە هـاوردە دەکات. بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکـە، سـعودیە توانـای ئـەوەی هەیە خـۆی بەشـێکی بەرچـاو لـەم داواکارییانەی ناوخـۆ و دەرەوەی سـعودیە پڕبکاتـەوە، بۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبـێ پـەرە بـە بەهرە و توانا ناوخۆییەکان بـدات. هەروەها بۆ ئەوەی ڕکابەریـەکان لەم بوارەدا زیاتربن ، پێویسـتە هێزی کاری سعودیە شارەزاتر و بەرهەمدارترین لـە ئێسـتا، هەروەهـا دەبێ پشـتگیرییەکی یاسـایی بەهێزتـر لە وەبەرهێنـەران بکرێت و ژمارەیەکی زۆر لەو لەمپەڕانە لابدرێن کە گرفت بۆ کاری بازرگانی دروسـتدەکەن، وەک باجی بەرزی سـەر هاوردەکراوەکان، ڕۆتینی دوور و درێژی ناو گومرک و ڤیزا.

### بازاڕکردن:

بازاڕکردن لە سـعودیە دەکرێت گەشەیەکی بەرچـاو بەخۆیـەوە ببینـێ، ئەگـەر کڕین و فرۆشـتنی ئینتەرنێتـی جێگـەی بیرۆکـەی بازاڕکردنی دووکان و فرۆشـگەکانی ناو شـار بگرێتـەوە، بەگوێـرەی ڕاپۆرتی مەککینسـی ئـەم کەرتـە دەتوانێ 800 هـەزار هەلی نوێی کار دروسـتبکات و داهاتـی ئـەم کەرتەش لە ماوەی 15 ساڵدا دەکرێت سێ هێندەی ئێستا بێـت. هێـزی کار لەم کەرتەدا بەشـێوەیەکی سـەرەکی لە بیانییـەکان پێکدێت، هەرچەندە ژمارەی سعودیە خاوەنپیشەکانی ئەم کەرتەش لەمـاوەی 2012 بـۆ 2014 دوو بەرامبـەر بووە. جگە لەمـە، ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان توانیویانـە لـەم بـوارەدا دەسـتبەکار بکەن. بەپێـی ڕاپـۆرتـی وەزارەتـی کاری سـعودیە، ژمـارەی ئافرەتانی خاوەن پیشـە لەم بوارەدا لەنێـوان 2012 بـۆ 2014 بازدانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیـوە و لە 10 هەزارەوە بۆ 120 هەزار خاوەنپیشـەی ئافـرەت بەرزبووەتەوە . ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی سیاسـەتی حکومەتە کە لەلایەکـەوە هەوڵی بـە مۆدێرنکردنی ئەم کەرتەی داوە و لەلایەکی دیکەشەوە فرۆشتنی کەلوپەلی تایبەتی ئافرەتان خراوەتە ئەستۆی ئافرەتان.


بـۆ پێشخسـتنی ئەم بوارە پێویسـتە ئەم هەنگاوانـە بهاوێژرێـت: کەرتـی بازاڕکـردن مۆدێرنیزە بکرێت ، واتە پەرە بە شێوازی کڕین و فرۆشـتنی ئینتەرنێتی بدرێت، باشترکردنی شێواز و هەڵسـوکەوتەکانی بازرگانیکردن، بۆ ئەم مەبەسـتەش دەبێ ئەو بۆشـاییەی نێوان داواکاری و دابینکـردن بـە ئۆتۆماتیکیکردنی کاروباری ئەنبارەکان چارەسەر بکرێت.

### گەشتیاری و گەشتوگوزار:


سـعودیە سـاڵانە پێشـوازی لە 10 بۆ 13 ملیۆن سـەردانکەر بۆ هەردوو حەرەمی پیرۆز لـە مەککـە و مەدینـە دەکات، دوو ملیـۆن لـەم ژمارەیە لەکاتی بەڕێوەچوونی بۆنەکانی حەجـدا سـەردانی ئـەم وڵاتە دەکـەن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا پیشەسـازی گەشـتیاری لە شانشـینی سعودی ڕووی لە کزبوونە. ژمارەی گەشتیاران لەنێوان 2004 بۆ 2012 بە ڕێژەی 31% دابەزینـی بەخۆیـەوە بینیـوە. ڕەنگـە پرۆسـەی تاقـەت پرووکێنـی وەرگرتنی ڤیزا یەکێک لـە هۆکارەکانی بێمەیلیی گەشـتیارە نێودەوڵەتییـەکان بێت. بەڵام ئینسـتتیوتی مەککینسـی پێیوایـە دەکرێت ئـەم ڕەوتـە بگۆڕدرێـت و کەرتـی تایبەتـی گەشـتیاری ببووژێندرێتـەوە، بـۆ ئەوەی هەم گەشـتیارە بیانییەکان و هەمیش سـعودییەکان سەردانی کەنارئاوەکانـی دەریای سـوور بکەن، کە هەم لەڕووی دێرینەناسییەوە بایەخی خۆی هەیە و هەمیش جوانییەکی سرووشتیی هەیە.

گەشـتوگوزاریی ئاینیـش دەکرێت پەرەی پێبدرێت و دەیان ملیۆن سـەردانکەری دیکەی شـوێنە ئاینییـەکان بـەدەر لـە کاتەکانـی بەڕێوەچوونی بۆنـەی حـەج بـۆ سـعودیە ڕابکێشـرێن. بەڵام بووژاندنـەوەی ئەم کەرتە پێویسـتی بە داوودەزگای باشـترە، هەروەها


### سەیرکردنێکی ئابووری سعودیە: 19یەمین ئابووری جیهان




### کەمتر لە نیوەی هێزی کاری سعودیە خەڵکی وڵاتەکەن (ئاماری 2014)




### داهاتی نەوت و پارەی حکومەت جووڵێنەری سەرەکی ئابووری حکومەتە:



# ـۆی رادەگـرێت؟

ئاسایش و خزمەتگوزارییەکان دەبێ پەرەیان پێبدرێت و کرانەوەیەکی زیاتر لە بەرامبەر گەشتیارە بیانییەکان بهێنرێتە ئاراوە. ئەگەر بایەخی پێویست بەم کەرتە بدرێت، توانای دروستکردنی 1.3 ملیۆن هەلی نوێی کار هەیە و ڕێژەی داهاتەکەشی دەکرێت بۆ پێنج هێندەی داهاتی ئێستای بەرزببێتەوە.

## چاودێریی پزیشکی و تەندروستی:

تەندروستی یەکێک لەو کەرتانە بووە کە لە دەیەی رابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، لەکاتێکدا بڕێکی زۆر لە وەبەرهێنانی حکومەت لەم کەرتەدا بووە، لەماوەی نێوان 2003 بۆ 2013 داوودەزگاکانی ئەم بوارە گەشەیەکی خێرا و گەورەیان بەخۆیانەوە بینیوە، لەوانەش لەو ماوەیەدا 81 نەخۆشخانەی نوێ لە سعودیە دروستکراون، بەڵام وەبەرهێنان لەم کەرتەدا دەبێ بەردەوام بێت، لەبەرئەوەی لە ماوەی 15 ساڵی داهاتوودا ژمارەی خەڵکانی سەروو تەمەن 65 ساڵی زۆر زیاد دەکەن.

لەبواری تەندروستیدا سعودیە دەشێ رووبەڕووی سێ تەحەدا ببێتەوە کە دەکرێت لە هەمانکاتدا وەک هەلێکی زێڕین سەیر بکرێن:

**یەکەم:** دەکرێ بەشی هەرەزۆری وەبەرهێنانەکان و بەرهەمهێنانەکانی ئەم کەرتە بخرێتە ئەستۆی کەرتی تایبەت.

**دووەم:** ستروکتۆری سیستەمی تەندروستی سعودیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی نادیاری وەکو شەکرە زۆر کەمە، ئەمە جگە لەوەی پێویستی بە دکتۆر، پەرستار، دەرمانساز و شارەزاییەکانی دیکەی ئەم کەرتە رووی لە زیادبوون کردووە.

**سێیەم:** تەنیا یەک لەسەر سێی شارەزایانی بواری پزیشکی سعودیە بە رەچەڵەک سعودین، هەروەها بەپێی پێویست دەرچووی بواری پزیشکی لەم وڵاتەدا نییە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا شوێنی ئەو کەسانە بگرنەوە کە خانەنشین دەبن، چجای ئەوەی پێویستییەکانی داهاتووی ئەم کەرتە پڕبکەنەوە کە بەردەوام رووی لە زیادبوونە.

بۆ گۆڕینی ئەم رەوشە پێویستە ئایدیای گشتی سەبارەت بە پیشەکانی پەیوەندیدار بە چاودێریی پزیشکی بگۆڕدرێت، هەروەها ئاستی پەروەردەی پزیشکی لە قوتابخانەکان، زانکۆکان و نەخۆشخانەکانی راهێنان بەرزبکرێتەوە، بۆ ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی کەسانی شارەزای راستەقینەی لەم بوارەدا هەبێت.

## دارایی:

ئەم کەرتە دەکرێ رۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەی ئابووریی کەرتی تایبەتدا هەبێت، گەشەی کەرتی تایبەتیش بە هەمانشێوە رۆڵی لە گەشەکردنی داراییدا دەبێت. لە سعودیە شیانێکی بەرچاو بۆ یارمەتیدانی بزنسە بچووک و مامناوەندییەکان لەئارادایە، بەتایبەتیش ئەو کۆمپانیایانەی پەیوەندییان بە خزمەتگوزارییەکانی خانووبەرە و نیشتەجێبوونەوە هەیە.

## بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە:

کەرتی هەشتەم کە پێویستە ئاوڕی جددیی لێ بدرێتەوە بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەیە. ئەم بەشە لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا بووژانەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەکاتێکدا بەشێکی بەرچاو لە دامەزراندنی ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتە لە ماوەی ئەو دەیەیەدا بە ئەنجام گەیێندراوە. بەڵام ڕێژەی داواکارییەکان لەسەر ئەم کەرتە لە ماوەی 15 ساڵی داهاتوودا بەرزدەبێتەوە، بە تایبەتیش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە.

بۆ ئەوەی ئەم کەرتە ببێتە کەرتێکی کارا و بەرهەمدار، پێویستە ئامانجدار کاربکات، تەکنیکی نوێتر بەکاربێنێت و کارگێڕیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم کەرتە باشتر بکرێت بۆ ئەوەی پڕۆژەکان بە بڕە بودجەی دیاریکراوی خۆیان و لەکاتی خۆیدا تەواو بکرێن. ئێستا نۆ لەسەر دەی کرێکارانی ئەم کەرتە بیانین، بۆیەش پێویستە ئەو تێڕوانینەی بەرامبەر کارکردن لەم کەرتەدا هەیە لەنێو سعودییەکاندا، گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت، بۆ ئەوەی ئەم بوارەش ببێتە بوارێکی چالاک لە دروستکردنی هەلی نوێی کار.

پێویستییەکانی پەرەپێدانی ئابووریی نانەوتی

گەشەی ئابووریی نانەوتی خۆبەخۆ روونادات، بەڵکو حکومەت پێویستە ئاوڕ لە سێ کۆڵەگەی ئابووریی خۆی بداتەوە کە بریتین لە هێزی کار و ئاستی بەرهەمدارێتیی ئەو هێزە، بەهێزکردنی ژینگەی بزنس، کارگێڕییەکی ئابووری و نەقدی سەقامگیر.

## یەکەم: هێزی کار و ئاستی بەرهەمدارێتیی ئەو هێزە:

سعودیە پێویستە ئاستی شارەزایی، بەرهەمدارێتی و بەشداریی هێزی کاری خۆی بەرزبکاتەوە، نەک هەر بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمی کار لەم وڵاتەدا بەرزببێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی شوێنی پێویستی دامەزراندنیش بۆ ئەو گەنجانە بکاتەوە کە لە ئێستاوە تاوەکو 2030 دێنە ناو بازاڕی کارەوە. هەرچەندە ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە چەند ساڵی رابردوودا لە بازاڕی کاری سعودیەدا بەرزبووەتەوە، بەڵام پێویستە ئەم دیاردەیە پشتیوانی زیاتری لێبکرێت، بەپێی توێژینەوەکانی ئینستتیوتی مەککینسی ئەگەر بەشداریی ئافرەتان لە پیشەکاندا زۆرتر نەکرێت، ئەوە ڕێژەی داهاتی خێزانی تووشی دابەزینی بەرچاو دەبێت. لە پاڵ ئەمەدا دەبێ ڕێژەی بەشداریی پیاوانیش لە زۆربەی کەرتەکاندا بەرزبکرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئەو جیاوازیەی لەنێوان شارەزایی هێزی کار و تێچوونی ئەم هێزەدا هەیە کەم بکرێتەوە، لە سعودیە ژمارەیەک هۆکار رێگرن لەوەی هێزی کاری بەرهەمدار لە وڵاتدا دروست ببێت، بۆ نموونە مووچەی فەرمانبەرێکی حکومی 70% لە مووچەی ئەو فەرمانبەرانە بەرزترە کە لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، بڕی هاوکاری خەڵکانی بێکار زۆر بەرزە، ژمارەیەکی زۆر لە خاوەنکارەکانیش حەزدەکەن کرێکار یان فەرمانبەرێکی بیانی بەکرێ بگرن نەک یەکێکی سعودی، لەبەرئەوەی سعودییەکە 4 بۆ 6 هێندە لەسەر خاوەنکارەکە گرانتر دەکەوێت.

بۆ بەرزترکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمدارێتیی هێزی کار دەبێ چاکسازییەکی بنچینەیی لە سیستەمی پەروەردەی قوتابخانەکانی سعودیەدا بکرێت، بۆ ئەوەی ستانداردی خوێندن لەو ناوەندانەدا بۆ ئاستە نێودەوڵەتییەکان بەرزبکرێتەوە. هەروەها دەبێ ڕێژەی راهێنانە پیشەییەکانیش زیاتر بکرێن و گرەنتی پێویست بۆ قوتابیانی زانکۆکان دابین بکرێت کە ئەم قوتابیانە دوای تەواوکردنی خوێندن دەتوانن لە بازاڕی کاردا دابمەزرێن.

## دووەم: بەهێزکردنی ژینگەی بزنس

کۆڵەگەی دووەمی گەشەی ئابووری دروستکردنی ژینگەیەکی بەهێزی ئابوورییە کە ئاڵۆزی تێدانەبێت و شەفاف و بۆ کاری بزنس گونجاو بێت. دروستکردنی ئەوجۆرە ژینگەیە رۆڵێکی بنەڕەتی دەبێ لە راکێشانی سەرمایەی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی بە توانای دارایی خۆیان بەشداری لەو گۆڕانە دارایی و ئابوورییەدا بکەن کە سعودیە بەنیازە تاوەکو 2030 دەستەبەری بکات. هەرچەندە سعودیە کۆمەڵێک چاکسازی لەبواری مافی خاوەندارێتی بۆ کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە بیانییەکان کردووە، بەڵام هێشتا مەودایەکی زۆر ماوە کە دەبێ کاری تێدابکرێت، لەوانەش ئاسانترکردنەوەی ئەو یاسا و رێسایانەی پەیوەندییان بە وەبەرهێنانەوە هەیە، خێراترکردنی پرۆسە ئیدارییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بە پاکانەی گومرک و وەڵامدانەی داواکاری ڤیزاوە هەیە، باشترکردنی مەرجەکانی مۆڵەتی بازرگانی و یاساییکردنەوەی کۆنتراکتە بازرگانییەکان. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەبێ ئەو کەرتانەی تائێستا بەڕووی وەبەرهێنانی دەرەکیدا داخراون بکرێنەوە، کە گرنگترینیان کەرتی تەندروستییە.

## سێیەم: دانانی کارگێڕییەکی دارایی سەقامگیر

ئەم بەشە پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جیدییە، بەرزبوونەوە یان دابەزینی زیاتری نرخی نەوتیش هیچ لەم پێویستییە ناگۆڕێت، لەکاتێکدا ئەگەر نرخی یەک بەرمیل نەوت جارێکی دیکە بۆ 90 دۆلار بۆ یەک بەرمیلیش بەرز ببێتەوە، دیسان سعودیە لە داهاتوودا بۆ دابینکردنی داواکارییە داراییەکانی هێزی کار تووشی کورتهێنانی بودجە دەبێت.

مۆدێلی ئێستای ئابووریی سعودیە لەسەر بنەمای داهاتی نەوت و خەرجییەکانی حکومەت دامەزراوە. ئەم مۆدێلە پێویستی بە ریفۆرمی ریشەییە، نەک لەبەرئەوەی لەڕووی میتۆدییەوە کێشەی تێدایە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەسەر فەلسەفەیەکی هەڵەش وەستاوە.

پێویستە سعودیە هەم سەرچاوەی نوێی دارایی بدۆزێتەوە و هەمیش حکومەت پێویستە بە شێوازێکی ئامانجدار بودجەکە بەکاربێنێت. بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکارییە ئابوورییەکەی 15ساڵی داهاتوو، حکومەتی سعودیە پێویستە لە ماوەی 5 ساڵی داهاتوودا ڕێژەی وەبەرهێنان بۆ پشتگیریکردن لە کەرتی ئابووری بەرزبکاتەوە، بۆ ئەوەی لەو قۆناغەی ئێستادا کە نرخی نەوت رووی لە شکانێکی بەرچاو کردووە، کەرتی ئابووریی وڵات توانای گەشەکردن و دانانی بناغەی نوێی بۆ گۆڕانی سەرچاوە داراییەکانی خۆی هەبێت.

بە گوێرەی ئینستتیوتی جیهانیی مەککینسی بۆ دەستەبەرکردنی ریفۆرم لە کەرتی کارگێڕیی داراییدا، ریاز پێویستە لە 5 بواردا چاکسازیی بنەڕەتی بکات. ئەم 5 ریفۆرمە دەشێ رێگە لەو 170 ملیار کورتهێنانەی بودجە بگرێت کە بەپێی ئاماژەکان رەنگە لە داهاتوودا بەرۆکی ئابووریی سعودیە بگرێت، ئەو ریفۆرمانە بریتین لە:

– خێراترکردنی گەشەی ئابووری کە دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی داهاتی نانەوتی، وەک باج و داهاتی کۆمپانیا حکومییەکان.

– لە سعودیە بوارێکی زۆر هەیە بۆ گلدانەوە و پاشەکەوتکردنی پارە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە میتۆدی کارا و سەخت بۆ خەرجکردنی پارەکانی کەرتی گشتی دابنرێت.

– حکومەت دەتوانێ باشتر کەڵک لەو یەک تریلیۆن دۆلار پشتیوانییە وەربگرێت کە هەیەتی، هەروەها رێگەی باشتر هەیە بۆ ئەوەی ئەم پشتیوانییە بکاتەوە بە پارە.

– پێویستە چاکسازیی گەورە لە نرخی نزمی وزەدا بکرێت، ئەمەش دوو دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە کە پەیوەندیدارن بە یەکترەوە: یەکەم بەکارهێنەر فێر دەکرێت بەشێوەیەکی ئامانجدار وزە بەکاربێنێت و بەمەش ڕێژەی بەکارهێنان و هەروەها بەرهەمهێنانیش دابەزینی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، لەگەڵ دابەزینی ڕێژەی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی وزەش، لەماوەی 15 ساڵی داهاتوودا رۆژانە 1.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، کە دەتوانێ بۆ بەرزترکردنەوەی ئاستی فرۆشتنی نەوتی سعودیە لە بازاڕەکانی جیهاندا بەکاریان بێنێت. ئەگەر نرخی نەوت لەسەر 60 دۆلار دابنرێت بۆ یەک بەرمیل ، حکومەت ساڵانە 30 ملیار دۆلاری لەو رێگەیەوە بۆ دەگەڕێتەوە.

– دانانی باج لەسەر ژمارەیەک لە شتەکان کە لە هەموو جیهاندا باوە، وەک باجی زیادکراوەی بەها و باجی سەر داهات، بەمەش ئابووریی سعودیە لەڕووی پراکتیکی ئابوورییەوە هاوشێوەی ئابوورییە پێشکەوتووەکان و گرووپی 20 دەبێت، ئەمە جگە لەوەی ئەم رێوشوێنە دەشێ یارمەتیدەر بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی بودجە کە چاوەڕێ دەکرێت رووبدات.

## کێشەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانەکە

بەبێ چاکسازی لە کەرتی ئابووریدا، حکومەتی سعودیە رووبەڕووی کورتهێنانێکی ناسەقامگیر و بەرزبوونەوەی قەرزەکانی حکومەت دەبێتەوە. بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە تەنیا رێوشوێنە پراکتیکییەکان بەس نین، بەڵکو دەبێ گۆڕانکاری لە زهنییەت و تێڕوانینی ئابووری و دارایی وڵاتیشدا دروست ببێت، چونکە ئەم پلانە وادەکات سعودیە هێندەی ئێستا پشت بە داهاتی نەوت و خەرجکردنی حکومەت نەبەستێ و بەرەو رۆڵی زۆرتری کەرتی تایبەت هەنگاو بنێت. ئەمەش تەنیا پرسێک نییە بۆ حکومەت، بەڵکو کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بزنس و خێزانەکانی سعودیەش دەبێت.

پلانی گۆڕانی ئابووری سعودیە بۆ ئەوەیە هاووڵاتیان چیدی وابەستەی حکومەت نەبن، بەڵکو وەک هاووڵاتی توانای بەرهەمهێنانی خۆیان بۆ بەرەوپێشبردنی سعودیە بخەنەگەڕ، واتە لە مەودایەکی بەرفراوانتری بزنسدا بەشداربن و بە دانی باج و کرێی خزمەتگوزارییەکان بەرپرسیارێتییەکی زیاتر لە پشتگیریی کۆمەڵگەکەی خۆیاندا هەڵبگرن.

بەپێی راپۆرتەکەی مەککینسی لە بەشی هەرە زۆری ئەو گۆڕانکارییانەی پێشنیازکراون، حکومەت رۆڵی دەستپێشخەر دەگێڕێت، بۆ ئەوەی بە سێ شێوازی جیاواز گۆڕانکاری و نوێکردنەوە لە شێوازی مامەڵەکردنی خۆی لە کەرتی ئابووریدا بکات:

**یەکەم:** مۆدێلێکی نوێی داهات دابمەزرێنرێت کە تێیدا ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت دابین دەکرێت و لە پارەی وڵاتیشدا پشکی خۆیان هەبێت.

**دووەم:** مۆدێلێکی نوێی پاراستنی ئەو کەسانە دابنرێت تاوەکو بەرگری لەو هاووڵاتییانە بکات کە لە بواری بەرهەمهێنان و داهێناندا یارمەتی سعودییەکانی دیکە دەدەن، بۆ ئەوەی لە بوارەکەی خۆیاندا بەرهەمدار و داهێنەربن.

**سێیەم:** هاوئاهەنگی و پەیوەندی نێوان وەزارەتەکان پێشبخرێت، هەروەها سیستەمێک بۆ چاودێری و کارگێڕی کاری حکومەت دابنرێت کە تێیدا کارە لەپێشینەکان و ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی ئەو کارانە دەستنیشان کرابن .

بەڵام هەموو قورسایی جێبەجێکردنی ئەم پلانە ناکەوێتە سەر شانی حکومەت، بەڵکو کەرتی تایبەت و کۆمپانیا تایبەتەکانیش دەبێ رۆڵی خۆیان بگێڕن. واتە کۆمپانیاکان نابێ تەنیا پشت بە قازانجێکی ئاسان و مسۆگەر ببەستن، بەڵکو بزنسمانەکان دەبێ وەبەرهێنان بکەن و بەشێک لە مەترسی و ریسکەکان هەڵبگرن. کارگە و کۆمپانیاکان نابێ تەنیا پشت بە هێزی کاری هەرزانی بیانی ببەستن، بەڵکو دەبێ راهێنان بە هێزی کاری ناوخۆیی سعودیە بکەن.


کۆمپانیا و بازرگانە نێودەوڵەتییەکان لە چەند روویەکەوە دەتوانن یارمەتی گەشەی زیاتری ئابووریی سعودیە بدەن، ئەمەش نەک تەنیا لە رێگەی هێنانی سەرمایە و پارەی دەرەکی، بەڵکو ئەو جۆرە کۆمپانیایانە یارمەتی کرانەوەی کۆمەڵگە و بازاڕی سعودیە دەدەن، رکابەرییەکان لەنێو بازاڕی سعودییەدا زیاتر دەکەن و جوڵەیەکی نوێ لەنێو ئابووریی ئەم وڵاتەدا دروست دەکەن.

تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر ئەم گۆڕانکارییانە بەشێوەیەکی بەرچاو بەڕێوەبچن، ئەوە کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر ژیان و گوزەرانی خێزان و تاکەکانی سعودیەش دادەنێت، بەڵام لەپێناو ئەمەدا خێزانە سعودییەکان دەبێ رۆڵی خۆیان لە وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەم راپۆرتەدا بگێڕن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ کەسانی سەر بە هەردوو رەگەزەکە زیاتر و کاراتر لە کەرتی تایبەتدا بەشداربن، دەبێ ئاستی پەروەردە و شارەزایی پیشەیی خۆیان بەرزتر بکەنەوە.

**سەرچاوە:** www.mckinsey.com


## داهاتە نانەوتییەکان دەبن بە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی حکومەت، وەبەرهێنانیش سێ بەرامبەر دەبێت

تێکرای وەبەرهێنان (2003-2030) — سەرچاوەکانی داهاتی حکومەت لە 2003-2030:





## بەرهەمدارێتیی و وەبەرهێنان جێگەی زیادکردنی ژمارەی هێزی کار دەگرێتەوە

بەشداریکردن لە گەشەی تێکرای بەرهەمی ناوخۆیی کە تێیدا بەرهەمهێنان فاکتەری سەرەکییە: 2003-2030





## کەرتی تایبەت دەبێت بە بزوێنەری سەرەکی ئابووری، سعودیەکان خۆیان رۆڵی سەرەکی لە ناو بازاری کاردا دەگێڕن:

رێژەی دامەزراندن بە گوێرەی پیاو، ئافرەت و بیانی (2003-2030): — تێکرای بەرهەمی ناوخۆیی (2003-2030)




## کەرتی تایبەت دەبێت بە سەرچاوەی سەرەکی دامەزراندن و داهاتی تاک و خێزانە بەرەچەڵەک سعودییەکان:

رێژەی داهاتی خێزانە بەرەچەڵەک سعودییەکان (2004-2030) — رێژەی دامەزراندن بە گوێرەی کەرتەکان (2003-2030):



بۆ ڕێگری لە نەخۆشیی گوازراوە و ڕێکخستنی منداڵبوون

# پرۆژەیەک تازە بووک و زاواکان ناچار دەکات خولی هۆشیاری ببینن

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، ئەوانەی خوازیارن منداڵیان ببێت، لە ڕووەکانی تەندروستی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادەسازی دەکەن و سەردانی نێوەندە تایبەتمەندەکانیش دەکەن تاوەکو ڕاوێژی پێویست لە پسپۆڕان وەربگرن بۆ دووگیانییەکی تەندروستانە، بەڵام لە کوردستان نەک هەر پلان نییە، بەڵکو ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی دوای ماوەیەک لە تێپەڕینی دووگیانی، ئینجا هەست بەوە دەکەن کە منداڵێکی نوێ بۆ نێو خێزانەکەیان بەڕێوەیە.

سەنتەری ڕێگری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا (CDC) دەڵێت جەستەی خانمێک بۆ ئەوەی ئامادەیی تەواوی دووگیانبوونی هەبێت چەند مانگێکی دەوێت، ئەوە جگە لەوەی حاڵەتی هەندێک خانم تایبەتە و پێویستیان بە ئامادەسازیی وردتر و زیاترە. ئەو سەنتەرە داوا لە خانمان دەکات دووگیانبوون وەک بڕیارێکی جددی وەربگرن و پلانی وردی بۆ دابنێن لەڕووەکانی جەستەیی و دەروونییەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، ساڵی ڕابردوو لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی 18833 حاڵەتی منداڵبوون تایبەت بە خەڵکی سلێمانی تۆمارکراون، هەروەها 6881 خانمی ئاوارەش لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی ئەو شارە منداڵیان بووە. بەو پێیەش 26%ی حاڵەتەکانی منداڵبوون لەنێو ئاوارەکان بووە. دەبێ بڵێین ئاوارەکان لە دانیشتووانی ئاسایی کەمتر دەیانپەرژێتە سەر پلانی دووگیانی و تێپەڕکردنی دووگیانییەکی تەندروست.

هەوری محەممەد ئەمین، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبوون دەڵێت زۆربەی حاڵەتەکانی دووگیانبوون لە کوردستان بێ پلان ڕوودەدەن "لە وڵاتی ئێمە زۆربەی بارەکانی دووگیانبوون بە ڕێکەوتە و دایکەکە لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە ئامادە نییە بۆ دروستکردنی منداڵ، بەوەش هەم دایک و هەم کۆرپە زەرەرمەند دەبن، چونکە دووگیانبوون واتە زیادبوونی پێداویستییە جەستەیی و دەروونییەکانی دایک و ڕەچاوکردنی باری تەندروستیی کۆرپەکەشی، ئەستەمیشە بەبێ پلان ئەوانە بێنەدی".

هەر بە گوتەی ئەو پزیشکە، هەندێکی دیکە لە خانمان ماوەی پێویست نادەنە جەستەیان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فیزیۆلۆجییانەی لە سکی پێشووترەوە بۆیان دروستبووە و هەر خێرا سکێکی دیکە دەکەنەوە و ئەوەش چەندین زیانی تەندروستی بەدواوەیە.

لە نموونەی ئەو زیانانەی دایک تووشی دەبێت لە دووگیانبوونی بێ پلانەوە، د.هەوری ئاماژە دەکات بە "کەمخوێنی، خەمۆکی و تێکچوونی ددانەکان".

### چۆن ئامادەسازی دەکرێت؟

ماڵپەڕی فەرمیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بەریتانی دەڵێت "کاتێک بەرەو دووگیانی دەڕۆی، دەبێ گۆڕانکاری لە سیستمی خۆراک، وەرزش و چالاکیی جەستەییت بکەیت و لە جگەرە بەدووربیت". هەروەک داواش دەکات لەگەڵ دانانی پلانی دووگیانبوون، حەبی فۆلیک ئەسید بەکاربهێنی و تاوەکو هەفتەی 12یەمی دووگیانییەکەت لەسەری بەردەوام بیت.

سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکان لە ئەمریکا پێشنیاز دەکات مانگێک بەر لە دووگیانبوون حەبی فۆلیک ئەسید بخورێ و تاوەکو سێ مانگی دووگیانیش بەردەوام بێت، ئەویش بۆ ڕێگەگرتن لە شێواوییە زگماکییەکانی مێشک و درکەپەتک و بڕبڕەکانی پشت.

دکتۆرە هەوریش جەخت دەکاتەوە کە لەگەڵ دانانی پلانی منداڵ دروستکردندا هەندێک نەخۆشیی باو چارەسەر بکرێن، وەکو هەوکردنی میزڵدان و میزەڕۆ "دوور نییە هەوکردنی میزڵدان و میزەڕۆ دواتر ببێتە هۆی لەبارچوونی منداڵ، ئەگەر چارەسەر نەکرێ". هەروەک بە گرنگیشەوە باسی چارەسەری کەمخوێنی دەکات بەر لە دووگیانبوون و وەرگرتنی حەبی فۆلیک ئەسید "بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان هەیە، چونکە لەواندا ئەگەری لەدایکبوونی منداڵی ناکام و کەمئەندام زیاترە". پزیشکە پسپۆڕەکەی ژنان و منداڵبوون بەپێویستی دەزانێت خانمان بەر لە دووگیانبوون گرفتە دەروونییەکانیان چارەسەر بکەن و بە دەروونێکی ئارامەوە منداڵ دروستبکەن.

بەپێویستیشی دەزانێت ئەوانەی نەخۆشیی پووک و ددانیان هەیە، بەر لە دووگیانبوون سەردانی پزیشکی ددان بکەن و نەخۆشییەکانیان چارەسەر بکەن، چونکە لەلایەکەوە لەکاتی دووگیانی ناتوانرێ هەموو دەرمانێک بەکاربهێنرێت، لەلایەکی دیکەش نەخۆشییەکانی ددان و پووک، مەترسین بۆ سەر دووگیانی.



### کۆنترۆڵکردنی کێش

سەنتەری ڕێگری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا دەڵێت، پێویستە بەر لە دووگیانبوون کێشی جەستە ڕێکبخرێت و قەڵەوی چارەسەر بکرێت، چونکە قەڵەوی سەرچاوەیەکی سەرەکیی چەندین ئاڵۆزکاریی دووگیانییە. سەنتەرەکە دەڵێ وەرزش و ڕژێمێکی خۆراکی تەندروست دەبێ بەشێک بن لە پلانی دووگیانبوون. ڕژێم دەبێ بەوە بکرێت کە خۆراکی پڕ لە ڤیتامین و کانزا و ڕەگەزە خۆراکییەکان و کەم کالۆری بخورێن، ئەوەش بە واتای کەمکردنەوەی چەوری و شیرینییە دەستکردەکان.

سەنتەرەکە هەروەها داوا لە خانمان دەکات نەخۆشییە درێژخایەنەکانیان کۆنترۆڵ بکەن، وەکو شەکرە و دابەزینی گوشاری خوێن، هەروەک بە ڕاوێژی پزیشکیش ئەو دەرمانانەیان ڕێکبخەنەوە کە بۆ نەخۆشییەک بۆیان نووسراوە و ڕەنگە زیان لە کۆرپەکەیان بدەن.

### خولی هۆشیاری بۆ بووک و زاوا

پزیشکێکی پسپۆڕ ئاشکرای دەکات کە پلان هەیە لەمەودوا هەر کچ و کوڕێک بڕیاریان دا خێزان پێکەوە بنێن، خولێکی هۆشیاری تەندروستییان بۆ بکرێتەوە و خولەکەش ئیلزامی دەبێت و هیچ دوو کەسێک نابێ بەر لە بینینی ئەو خولە مامەڵەی گرێبەستی هاوژینییان بۆ بکرێت، پرۆژەکە ئامادەکراوە و خراوەتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پەسەندکردنی.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی UNFPA و وەزارەتی تەندروستی خاوەنی پرۆژەکەن و سەنتەری هۆشیاریی تەندروستی پرۆگرامی ڕاهێنان و ئامادەکردنی ڕاهێنەر بۆ وەزارەت دەگرێتە ئەستۆ.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، بەڕێوەبەری سەنتەری هۆشیاریی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "لەو خولە چەند کاژێرییەدا دەبێت کچ و کوڕ هۆشیار بکرێنەوە سەبارەت بە ڕەهەندە تەندروستییەکانی پێکەوەنانی خێزان، هەر لە نەخۆشییە گوازراوەکان لە ڕێگەی سێکس، تاوەکو شێوازەکانی ڕێگری لە منداڵبوون و دانانی پلانی منداڵ دروستکردن".

# 10 ڕاستیی تاڵ لە بارەی شەکر

ڕووداو- DW

شەکر کە زۆرجار بە ژەهری سپی دەناسرێ، هەمیشە خواردن و خواردنەوەکانمان بۆ بە تام و چێژ دەکات، بەڵام لەوسەر تۆڵەمان لێدەکاتەوە و ژیانمان تاڵ دەکات. ئەوانە چەند ڕاستییەکی تاڵن لەبارەی شەکرەوە:

### 1 - وزەبەخشە، بەڵام سەرچاوەی قەڵەوییە:

شەکر سەرچاوەی وزەیە بۆ خانەکانی جەستە و بەبێ شەکر ئەستەمە بتوانن بەردەوام بن لە زیندە چالاکییەکانیان، بەڵام ژیانی ئێستا وای کردووە ئەو شەکرەی دەیخۆین زۆر لەوە زیاتربێت کە جەستەمان پێویستی پێیەتی، بۆیە زیادەکە بەشێوەی چەوری و ماددەی دیکە هەڵدەگیرێ و کەڵەکە دەبێ. بەردەوامی لەسەر ئەو هاوکێشە ناهاوسەنگە، وادەکات قەڵەو ببین، کە قەڵەویش بووین ئەگەری تووشبوونمان بە شەکرەی جۆری دوو زیاد دەکات کە ئێستا زیاتر لە 90%ی حاڵەتەکانی شەکرە پێکدێنێ.

### 2 - سەرچاوەی خۆشی و ناخۆشی:

خواردنی شەکر بەشێوەیەکی سنووردار، ماددەی سیرۆتۆنین لە جەستەدا زیاد دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی دڵخۆشی و کەمبوونەوەی هەستی خەمباری، بەڵام کاتێک زێدەڕۆیی لە خواردنی شەکردا دەکرێت، ئەو ماددەیە سەرکوت دەکرێت، ئەوەش خەمۆکی و خەمباری لێدەکەوێتەوە. شەکری ئێستا کە زۆریان دەستکردن، زۆر بە خێرایی دەگەنە خوێن و زۆر خێراش زیندەپاڵ دەکرێن، ئەو بەرز و نزمییە خێرایەی ئاستی شەکر بۆ جەستە و دەروون زۆر خراپە.

### 3 - پێستت چرچ دەکات:

ئەوەی توندوتۆڵی و درەوشاوەیی و ناسکیی پێست دەهێڵێتەوە، ریشاڵە کۆلاجینییەکانی پێست و بەستەرە شانەکانین. زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی شەکر، ماددەی گلیکاتین زۆر دەکات، ئەو ماددەیەش بە ریشاڵە کۆلاجینییەکانەوە دەنووسێ و نەرمی و ئاودارییە سروشتییەکەیان کەم دەکاتەوە. جگە لەوە شەکر سیستمی خاوێنکردنەوەی جەستە لە پاشماوەکان و ماددە ئۆکسێنەرەکان کەم دەکاتەوە، هەموو ئەوانەش پرۆسەی پیری پێشدەخەن.

### 4 - پرۆسەی هەرس زۆردەکات:

ڕاددەی قەبزی و سکچوون و ئازاری کۆئەندامی هەرس لەو کەسانەدا بڵاوترە کە شەکری دەستکرد زۆر دەخۆن. چونکە شەکری دەستکرد ریشاڵی خۆراکی تێدا نییە، هەروەک نێوەندێکیش لە شانەکانی جەستە دروست دەکات کە دڵخوازی بەکتریا و کەڕووەکانە.

### 5 - شەکریش ئاڵوودەبوون دروست دەکات!

ئەوانەی شەکر زۆر دەخۆن، بە تایبەت قەڵەوەکان، لەکاتی خواردنی شەکر و شیرینیدا مێشکیان ماددەی دۆپامین دەردەدات، ئەوەش هاوشێوەی کاردانەوەی مێشکی ئاڵوودەبووانی کحول و ماددە هۆشبەرەکانە. خۆیشت دەتوانی تاقی بکەیتەوە: بۆماوەی 10 ڕۆژ لە شەکر و شیرینییە دەستکردەکان بەدووربە، ئەگەر تووشی سەرئێشە و بێزاریی هاتی، ئەوە بە شەکر ئاڵوودە بووی.

### 6 - منداڵیێ بزێو و گوێنەدەر:

نەخۆشییەکی منداڵان هەیە پێیدەگوترێت (ADHD). لەو نەخۆشییەدا منداڵەکە ئێجگار زۆر دەجوڵێ و جێ بەخۆی ناگرێ، لە هەمانکاتدا تەواو بێگوێیە و گوێ بە قسە و ڕێنمایی دەوروبەری نادات. پزیشکان وای دەبینن زێدەڕۆیی لە شیرینی و شەکرە دەستکردەکان و خواردنە پڕ کالۆرییەکانی ئێستا، لەپشت زیادبوونی ئەم نەخۆشییەوە بێت.

### 7 - بەرگری لاواز دەکات:

زۆر خواردنی شەکری دەستکرد، سیستمی بەرگریی جەستە بە ڕاددەی 40% لاواز دەکات. هەروەک ئاستی ڤیتامین C کەم دەکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کارایی خڕۆکە سپییەکان لە جەنگی دژی میکرۆبە نەخۆشخەرەکان.

### 8 - خەڵەفان دروست دەکات:

چەندین توێژینەوە هەن کە پەیوەندییان لەنێوان بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار و لەنێویاندا ئەلزایمەر، دۆزیوەتەوە.

### 9 - هاریکاری شێرپەنجەیە:

شەکر یارمەتیی خانە شێرپەنجەییەکان دەدات بە خێرایی تەشەنە بکەن و بە جەستەدا بڵاوببنەوە. هەندێک توێژینەوە دەڵێن جگە لەوە، شەکر یارمەتی سەرهەڵدانی شانەی شێرپەنجەیی لە جەستەدا دەدات.

### 10 - یادەوەریی لاواز دەکات:

توێژینەوەیەکی ئەڵمانی دەریخستووە بەرزیی ئاستی شەکر لە جەستەدا دەبێتە هۆی پاشەکشەی ئەو ناوچەیەی مێشک کە یادەوەرییە درێژخایەنەکانی بۆ هەڵگرتووین، ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازیی یادەوەری و پاشەکشەی لێهاتوویی ئەقڵیی کەسەکە.



# 10 خۆراکی دەوڵەمەند بە مەگنیسیۆم

ڕووداو- DW

مەگنیسیۆم لە ڕەگەزە خۆراکییە گرنگەکانە و لە خۆراکی مرۆڤی ئێستادا بەڕێژەی پێویست دەستناکەوێ، بۆیە وا باشە سەرنجتان لەسەر ئەم ڕەگەزە گرنگە و سەرچاوەکانی بێت. مەگنیسیۆم بۆ ڕێکخستنی گوشاری خوێن، پتەویی ئێسک و لێدانی دڵ زۆر گرنگە و جەستەی کەسێکی پێگەیشتوو ڕۆژانە نزیکەی 400 میللیگرام لەم مادەیەی پێویستە.

**ئەمانە هەندێک خۆراکی دەوڵەمەندن بە مەگنیسیۆم**

### 1 - مۆز:



مۆز هەر بە پۆتاسیۆم و ڤیتامین C دەوڵەمەند نییە، بەڵکو دەرکەوتووە بڕێکی باشی مەگنیسیۆمی تێدایە. جگە لەمانە، مۆز هانی دەردانی ڕەگەزی کیمیایی سیرۆتۆنین لە جەستەدا دەدات کە میزاجی مرۆڤ باش دەکات.

### 2 - ماسی:

ماسی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مەگنیسیۆمە، بەتایبەت ماسیی زەریاکان، واتە ماسییە گەورەکان.



### 3 - پرتەقاڵ:



پرتەقاڵ بەشێوەی شەربەتی فرێش بیخۆی یان ڕاستەوخۆ میوەکە بخۆی، بڕێکی باشی مەگنیسیۆمت پێدەدات، تەنانەت بە گەرمکردنیش مەگنیسیۆمەکەی لەناوناچێت، ئەوەش هەواڵێکی خۆشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بیکەنە پێکهاتە هەویرییەکانەوە.

### 4 - چەرەس:



چەرەسە جیاوازەکان سەرچاوەیەکی نایابی مەگنیسیۆمن، جگە لە مەگنیسیۆم بە چەندین ماددەی زۆر گرنگ و دەگمەنی وەک زینک دەوڵەمەندن. بۆیە ڕۆژانە چەرەس بخۆ، بەڵام زیادەڕەویشیان تێدا مەکە، چونکە بڕێکی زۆر وزە دەدەن و ئەگەر زۆریان لێبخۆی ڕێگە بۆ قەڵەوبوون خۆش دەکەن.

### 5 - نیسک:

100 گرام لە نیسک 75 میللیگرام مەگنیسیۆمی تێدایە، ئەوەش بڕێکی باشە. بۆیە شۆربای نیسک لەسەر سفرەکەت، نیشانەی هەڵبژاردنێکی ژیرانەی خۆراکە.




### 6 - چەڵتووک:



کاتێک برنج هەندێک لە توێکڵەکەی پێوە دەمێنێت، لە هەر 100 گرامێکیدا 157 میللیگرام مەگنیسیۆمی تێدا دەبێت، بەڵام کاتێک تەواو سپی دەکرێتەوە ڕێژەکەی دادەبەزێت بۆ کەمتر لە نیوەی ئەو بڕە.

### 7 - گۆشتی باڵندە:



گۆشتی باڵندەکان بەگشتی سەرچاوەیەکی باشی مەگنیسیۆمن، بەڵام قاز و مراوی و قەل بەتایبەت دەوڵەمەندن بە مەگنیسیۆم.

### 8 - ئاردی بۆر:



ئاردی بۆر زۆر دەوڵەمەندە بە مەگنیسیۆم، جگە لەوە سەرچاوەیەکی باشی ئاسن، مس، فۆسفۆرە و چەندین جۆر ڤیتامینیشی تێدایە.

### 9 - هەویری عەلی بابا:



هاڕاوەی بە هەویرکراوی عەلی بابا ئێجگار دەوڵەمەندە بە مەگنیسیۆم، بەجۆرێک تەنیا 100 گرام لەو هەویرە 120 میللیگرام مەگنیسیۆمی تێدایە.


### 10 - کەلەرم:

گەڵاکانی بڕێکی باش مەگنیسیۆمیان تێدایە.



هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (392) دووشەممە 2016/1/18






## بڕینەکانی سەقز لە هەولێر ساڕێژ دەبن


**ڕووداو- هەولێر**

ئەمڕۆ دووشەممە، گرووپی شانۆی ئەناهیتای شاری سەقز، شانۆگەریی بڕینی هەزار ئاواز لە شاری هەولێر نمایش دەکەن.
سەلام باپیر، لە ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر و سەرکونسوڵخانەی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شانۆگەری بڕینی هەزار ئاواز لە هەولێر نمایش دەکرێ". شانۆگەرییەکە لە نووسین و دەرهێنانی عەلیڕەزا ئیسماعیلییە و ژمارەیەک ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، بڕیارە یەکەم نمایشی لە باشووری کوردستان کاژێر 7ی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە بێت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

## ڤیانی کۆبانێ دەکرێتە کلیپ

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژبین کزل، کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، نوێترین گۆرانی بەناوی ڤیان بڵاودەکاتەوە.
ڕۆژبین کزل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڤیدیۆ کلیپی ڤیان نوێترین کاری هونەریی منە کە بۆ ئەو کچە شەڕڤانەی بەناوی ڤیان پەیمان لە کۆبانێ شەهیدکرا گوتوومە، ڤیان لەگەڵ شەڕڤانان لەدژی داعش شەڕی دەکرد و لەیەکێک لەشەڕەکاندا شەهید دەکرێت، بۆیە من ئەم گۆرانییە پێشکەش بە گیانی نەمری ڤیان دەکەم".
هەڵبەست و ئاوازی گۆرانییەکە سەمیرە کزل دایناوە، ئیدریس حەیدەرکاری دەرهێنانی بۆکلیپەکە کردووە.
خێزانی ڕۆژبین کزل بە ڕەچەڵەک خەڵکی شارۆچکەی گرێ میرای سەر بەشاری نسێبینی باکووری کوردستانن، بەڵام ڕۆژبین خۆی لە ئەڵمانیا لەدایک بووە.



## مەلەک ڕۆژهات دەبێتە پێشکەشکار

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

مەلەک ڕۆژهات، کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان ئاشکرای کرد کە بەم نزیکانە لەسەر شاشەی کەناڵێکی کوردی وەکو پێشکەشکار دەردەکەوێت.
مەلەک ڕۆژهات بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیارە بەم نزیکانە بەرنامەیەکی نەتەوەیی و هونەریی هەفتانە لە یەکێک لە کەناڵە کوردییەکان پێشکەش بکەم، بەڵام جارێ نامەوێت ناوی کەناڵەکە ئاشکرا بکەم، تاوەکو ببێتە سورپرایز بۆ هەوادارانم".
سەبارەت بە کارە هونەرییەکانیشی، مەلەک گوتی "هەرچەندە لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئێستا بارودۆخ خراپە و شەڕ و کوشتن هەیە، بەڵام چەند کارێکی هونەریم بۆ شنگال کردووە، ئێستاش ئامادەکاری بۆ چەند گۆرانییەکی ئەڤینداری دەکەم کە تۆمارکردنیان تەواوبووە، یەکێکیان بەناوی وەرە یارێ من لە تێکست و ئاوازی خۆمەو و ئەوەی دیکەیان بەناوی زاوا ببینن لە ئاواز و تێکستی ڕۆستەم مەحموودیانە".



## عەدنان کەریم هیوا پێشکەش دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

تیپی میوزیکی سلێمانی لە نوێترین بەرهەمیدا گۆرانییەک پێشکەش دەکەن کە لەلایەن هونەرمەند عەدنان کەریم و دوو گەنجی دیکەوە گوتراوە.
هیوا، ناوی بەرهەمە نوێیەکەیە کە ئیسماعیل محەممەد تێکستەکەی نووسیوە و موزیسیان زانا مەحمود هەژار ئاواز و موزیکی بۆ داناوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا لەلایەن کۆمپانیای خاوێ فیلمەوە کلیپی بۆ دەکرێت.
زانا هەژار بە (ڕووداو)ی گوت "لەو بەرهەمەدا کوردستان کراوەتە ماڵێک و چیرۆکەکە بۆ سەرەتای شۆڕش دەگەڕێتەوە، کوڕ و کچەکە ڕۆڵی خوشک و برایەک دەبینن کە باوکیان پێشمەرگەیە و منداڵەکانی باسی هەڵوێستیان سەبارەت بە باوکیان دەکەن".



## کوردێک قورئان بۆ میری ئیمارات دەنووسێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

بژار هەولێری، خۆشنووسی بەناوبانگ، قورئانێک بەدەست و خەتی خۆی بۆ خەلیفە بن زاید، میری ئیمارات دەنووسێتەوە.
بژار کە ئێستا لە دوبەیە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا لە دوبەیم بۆ ئەوەی سەرپەرشتی مەراسیمی بە ئەنجام گەیشتنی نووسینەوەی قورئان و پێشکەشکردنی بە شێخ خەلیفەی میری ئیمارات بکەم".
بڕیارە بژار مانگی نیسانی داهاتوو هەر لە دوبەی بەشداری پێشانگای نێودەوڵەتیی دوبەی بۆ خۆشنووسی بکات، لەوێش چەند تابلۆیەکی خۆشنووسیی خۆی نمایش بکات.
بژار کە لە وڵاتانی کەنداو بە بژار ئەربیلی ناسراوە، دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدایە.


## سامان لە ئەڵمانیاش کۆڵ نادات



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

سامان هیدایەت، پەیکەرسازی کورد، کە ماوەیەک لەمەوبەر بە یەکجاری بەرەو ئەڵمانیا کۆچی کرد، دەڵێت هەر لەم ماوە کورتەدا چوار پەیکەری دروست کردووە.
سامان هیدایەت لە ئەڵمانیاوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نوێترین کارم بۆ نووسەری بەناوبانگ یەشار کەماله، دوو پەیکەریشم بۆ پەیامبەر زەردەشت و شاعیری مەزن عەبدوڵڵا پەشێوە و کارەکانیان تەواو بووە".
سامان هیدایەت لەبارەی پڕۆژەی ئایندەشی گوتی "ئێستا پڕۆژەی کارێکم لا گەڵاڵە بووە، بەڵام جارێ هیچی لەبارەوە ناڵێم تاوەکو کارەکە لەدایک دەبێت، ئێستا دوای ئەوەی چوومەتە ناو خانووی خۆم، شوێنێکی بچووکم بۆ کارکردن دروست کردووە و ئیدی دەستم کراوەتر دەبێت بۆ کارکردنی زیاتر".
سامان کە ماوەیەک لە کەمپێکی ئەڵمانیا بوو، چەند پەیکەرێکی لەوێش دروست کرد و دواتر پێشکەشی سەرپەرشتیارانی کەمپەکەی کرد.

## شاجوان کۆمپانیایەک دادەمەزرێنێ



**ڕووداو- سلێمانی**

دالیا ڕێبوار کە پێشتر لە کوردستان وەکو شاجوانی ئینتەرنێت هەڵبژێردراوە، لە سوید کۆمپانیایەک بۆ دۆزینەوەی خێزان بۆ منداڵانی پەنابەر دادەنێت.
دالیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە کۆمپانیایەکیان بەنێوی (هەنگاوێک بۆ پێشەوە) دامەزراندووە بۆ دۆزینەوەی خێزان بۆ ئەو منداڵانەی ڕوویان کردووەتە ئەو وڵاتە و هیچ کەسێکیان لەگەڵدا نییە. گوتیشی "لەم هەفتەیەوە دەست بە کار دەکەین و بەپێی پسپۆڕییەکەی خۆم کە ماستەرم لە کۆمەڵناسیدا هەیە، هیوادارم بتوانین کارێکی باش بۆ ئەو منداڵانە بکەین، چونکە لە ساڵی ڕابردووەوە ژمارەیەکی زۆر پەنابەر و لە نێویشیاندا منداڵ ڕوویان لە سوید کردووە".

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
گوێگرتن لە ڕاوبۆچوونی دەوروبەرەکەت یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاریت بکەن. ماندووبوونی زۆر هۆکاری دواکەوتنی زۆربەی کارەکانتە، چونکە ناتوانی پلانەکانت لە کاتی دیاریکراو ئەنجام بدەی.

### گا
هەمیشە باسی کەللەڕەقی و سەرکێشیەکانت دووبارە مەکەرەوە، مەرج نییە هەموو کەسێک ئەو سیفاتە کەسێتییە پەسەند بکات، بۆ ئەوەی لێت نزیک بن دڵنیایان بکەرەوە. بیر لە دەسکەوت بکەرەوە نەک خەرجکردن.

### دووانە
ناخۆشییەکانت بە خۆڕاگری تێپەڕێنە، لەم کاتەدا دەتوانی خۆت بۆ کارێکی نوێ ئامادە بکەیت و بەختیش هاوکاریت دەکات بۆ سەرکەوتن.

### قرژاڵ
ئەنجامدانی کارێکی گران پێویستی بە خۆئامادەکردنێکی باشتر هەیە، لەڕووی کارکردنەوە بەختێکی باشت هەیە، پشتگیری هاوسۆزەکەت هێندەی دیکە هێز و توانات پێدەبەخشێ.

### شێر
مامەڵەکردنی نەرم و هێمنانە لەگەڵ دەوروبەر بەرزیی کەسایەتیت نیشان دەدات، بەڵام لەگەڵ ناحەزەکانت نیشانەی بەهێزی و لێبوردەییە، گرنگ هەنگاونانە بەسەر بەربەستەکاندا و گەیشتن بە ئامانج.

### فەریک
ئاگاداری شێوازی مامەڵەت بە لەگەڵ ئەڤیندارەکەت، بڕە پارەیەکت بەدەست دەگات بەڵام کەمترە لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت. ئەو کەسانەی لێت تێدەگەن دەتوانن هاوکاریت بکەن لە چارەسەرکردنی گرفتەکانتدا.

### تەرازوو
ئەنجامدانی کارێکی باش و جێی دڵنیایی لە پەلەکردن باشترە، کاتێک بێزار دەبیت چوونەدەرەوە لەگەڵ هاوڕێ ئازیزەکانت ڕێکبخە ڕەنگە بیرکردنەوەت بگۆڕێت. خەمبار مەبە بەوەی ئەڤیندارەکەت دڵنیات ناکاتەوە.

### دووپشک
هەندێک کات خۆشبەختیی ڕاستەقینە، بوونی ئەو شتانەیە کە لە ژیاندا بەدەستت هێناون، ئەگەر ئەو شتانە خۆشحاڵت نەکەن، ئەوا ناتوانی ئاسوودەیی بەدی بهێنی ئەگەر بە هەموو ئاواتەکانی ئێستاشت بگەی.

### کەوان
بوونی ڤینۆس لە کەلوەکەت بەختەوەریت زیاد دەکات. لەم هەفتەیەدا زیاتر لە ڕوخساری دەرەکی کەسەکان ورد دەبیتەوە، بەهۆی شێوە یان ڕابردووی کەسێک، کەسایەتی مەخەرە ژێر پرسیارەوە.

### گیسک
لەم هەفتەیەدا هەست دەکەن پەراوێزخراون، بیرکردنەوەتان لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستی چڕدەبێتەوە و زیاتر ئارەزووی دەکەن، بەڵام ئەوەش بابەتێکی هەستیارە و پەلەکردن تێیدا باش نییە هەتا دڵنیا نەبیت.

### سەتڵ
ناتوانی وەک هەمیشە سەربەخۆ ڕەفتار بکەیت، کۆنترۆڵی بیرکردنەوەت پێناکرێت، لە کاتی گفتوگۆ مەبەستەکەت زیاتر ڕوون بکەرەوە، ئاگاداری شتە بەنرخەکانت بە لە بزربوون و بیرکردنەوەی خۆت ئاڵۆز مەکە.

### نەهەنگ
لە بەرپرسیارێتی مەترسە و خۆتی بۆ تەرخان بکە، پێویستە بەباشی ئەو کارانە بەڕێوەببەیت کە پێت سپێردراون، تێگەیشتنی هەریەکێک بۆ ژیان جیاوازە، مەرج نییە هەموو ڕاستیەکان لای کەسێک بێت.

# گەشتێک بۆ رۆژهەڵات و دیداری تاقانەکەی کۆمار



کاوە ئەمین

هاوین دوارۆژەکانی خۆی دەژمارد، ئێمەش وەکو هەنگمان لە کلۆرەداردا دۆزیبێتەوە کە هەرواش بوو، لە سلێمانییەوە بەرەو بۆکان سواری ئۆتۆبوسێک بووین، دەمانویست ئاواتەکەی جەلالی مەلەکشا بەدی بێنین "ئاخۆ کەی بێت کاوەی کورم، جانتای سەفەر کاتە شانی، دەڵاڵانی شاری سنە، هاوار بکەن سلێمانی، سلێمانی".

یەک بەدوای یەکدا شارۆچکەکانی عەربەت، سەیدسادق و شانەدەریمان تێپەڕاند. گەیشتینە ناڵپارێز. ئەم شارۆچکەیە کە رۆژ بە رۆژ بچووکتر دەبێتەوە، کۆمەڵێک یادەوەریی لە هزرمدا بەجێهێشتووە. بیرم نییە کەی بوو، رەنگە ساڵی 1978 بووبێت، هێشتا گوندەکانی ئەو دەڤەرە بەتەواوەتی لەلایەن بەعسەوە کاول نەکرابوون. منداڵ بووم، کاک جەلالی حاجی مارف کە دواتر بوو بە یەکێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان و بەداخەوە لە شەڕی ناوخۆدا تێداچوو، هاتبوو بۆ تۆرک و بەسەری کردبووینەوە. ئەوکاتە جگە لە چەندجارێک چوون بۆ سلێمانی، هیچ شوێنێکی دیکەی پارێزگاکەم نەبینیبوو، بۆیە کاتێک کاک جەلال کە پورزای باوکم بوو لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ناڵپارێز و پێنجوێن، دنیایەکی دیکەم لە دەرەوەی گوندەکەی خۆمان بینی.

بە ملەکەوەدا هەڵگەراین.. ئەو شیعرەی موفتی پێنجوێنیم بیرهاتەوە کە لە قوتابخانە ئەزبەرمان کردبوو و شاعیر بۆ پێنجوێنی گوتبوو، ئەوەش دوای ئەوەی بەر بومەلەرزەیەک کەوتبوو: "ئەی مەلەکەوە بۆچی داماوی، بۆچی وا کەوە و زەرد هەڵگەڕاوی".

گەیشتینە پێنجوێن. جادەیەکی سەرەکی کە بە شارێگای شارەکە ناسراوە و دەیکات بە دوو بەشەوە، لەگەڵ ئەوەی پێنجوێن سەرسنوورە و مەرزی باشماخ دەکەوێتە نزیکییەوە، بەڵام ژمارەیەکی کەم سەیارە و بارهەڵگری لەسەر دەبینران.

باشماخ ترانزێتی پەڕینەوەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، مەریوان نزیکترین شاری ئەودیوە کە لە پێنجوێنەوە نزیکە، وەکو پێویست گرنگی بەو دەروازە سنوورییە نەدراوە، سیستمی پەڕینەوە و پاسپۆرت پەڕپووتە، بە جوملە پاسپۆرتەکانیان لێوەرگرتین و ئیدی دەبێت لەدەرەوە چاوەڕێ بکەیت تا وەکو یاریی دومبەڵە ناوەکان دەخوێننەوە، فڕکان فڕکانە.

پاسپۆرتەکانمان وەرگرتەوە و بەرەو وڵاتێکی بیانی مۆری چوونە دەرەوە لە پاسپۆرتەکانمان درا، بەڵام سەیرە مێژووییەکە ئەوەیە، پێ دەنێیتە وڵاتێکەوە کە ئەویش هەر کوردستانە. شیعرێکی پەشێوم دێتەوە یاد و وەکو تەمێک بەرچاوم دەگرێت، ئاخر پەشێو دەڵێت: "کە لەدەرگای سنوورم دا، لە جیاتی ماچ، ماچی گەرمی دەستگیرانم، تفی رەشی پۆستاڵ رەشێک هات سواخی دا ناوچاوانم".

بەسەر سنووردا هانگاوێکمان نا! چەند جوانی فەرمووە، مام هێمن "ئەو بستۆکەیەی دوژمن ناوی ناوە سنوور".

ئالایەکی گەورەی ئێران، وێنەیەکی گەورەی خومەینی و خامنەیی رووبەڕووی باشوور دانراون، بەدیقەت چاودێریی یەک بەیەکی موسافیرەکان دەکەن. بە بەراورد لەگەڵ خاڵی پەڕینەوەی باشوور، ئەوێ رێکوپێکتر و پاک و خاوێنتر دیاربوو. پۆلیسی ئێرانی، مۆری چوونە ژوورەوەیان لە پاسپۆرتەکانمان دا و ئیدی لەناو رۆژهەڵاتی نیشتیماندابین.

ژمارەیەک بارهەڵگر وەستاون و چاوەڕێی پەڕینەوە دەکەن، ژمارەیەک دووکان و چێشتخانەی لێیە، بەڵام بە پێچەوانەی باشوورەوە هەتا بڵێی پیس و پۆخڵ بوون، ئەوەی حسابی بۆ نەکرابوو، ژینگە بوو.

ئیدی سواربووینەوە بەرەو مەریوان. شاخ و داخێکی زۆر بە داربەڕوو داپۆشراون و بێشەڵانی زۆر و دارستانی چڕ. سالاری هاوڕێم، وەکو خۆی دەڵێت کاتێک شتێک دەکات و خۆی زۆری بەلاوە گرنگە، دایکی پێی دەڵێت: "ئەها دیسان رمی نایەوە بە قوونی نادر شاوە". بۆیە دیسان رمەکەی هاویشت و گوتی "من پێشمەرگەی دیموکرات و کۆمەڵە بم و ئەم هەموو شاخ و داخەم هەبێت، چیم داوە لەوەی لە ئۆردووگایەکدا خۆم قەتیس بکەم"، لەلایەکەوە راستی دەکرد، بەڵام نەمهێشت بەسەریدا باز بدات، رمەکەی نادرشام بەبیر هێنایەوە.

هێواش هێواش لە زرێبار نزیک دەبووینەوە، یادەوەرییەکانم یەک بەدوای یەکدا پەلکێشیان دەکردم بۆ سەردەمانێک کە ساڵانی دوای ناوەڕاستی هەشتاکان چەند جارێک لەو دەڤەرەوە هاتوچۆم کردبوو.

هەتا چاو بڕی دەکرد ئاو دەبینرا، گۆلی زرێبار، زرێبارێک کە دەیان شیعریان بە بەژن و باڵایدا گوتووە، ئێستا زۆر بێنازە، زەل و قامیش و گژوگیا، تەنگیان پێ هەڵچنیوە و ئاوەکەی کەمتر بووە و ژینگەکەشی پیس بووە.

گەیشتینە مەریوان، لە پاسەکە دابەزین! چەند تاکسییەکی کۆن وەستابوون و چاوەڕێی موشتەریی چەوریان دەکرد.

ئێمە دەچووین بۆ بۆکان، بەڵام شۆفێرەکان پێیان وابوو بەرەو (شیمال) ی ئێران دەچین، ئاخر زۆر لەو کوردانەی باشوور کە روودەکەنە ئێران، یەکسەر بەرەو (شیمالی ئێران) دەڕۆن. یەکێک لە شۆفێرەکان کە پیاوێکی ورگزل بوو، بە پێکەنینەوە گوتی "ئاغا، تەشریفتان بەرەو شیمالی ئێران دەبەن؟ من خەڵکی باش دەناسم و ئەگەر گەرەکتان بێت، شوێنی خۆش پێدەزانم". کورد گوتەنی ئاشەوان لە خەیاڵێک و باراشهاڕ لە خەیاڵێک: نا کاکە نا، نیازی ئەوێمان نییە!

لەگەڵ یەکێک لە شۆفێرەکان رێککەوتین. ئەویش کەوتە پیاهەڵدانی (شیمالی ئێران) و ناز و نووزی کچانی ئێرانی، ئێمەش زوو زوو بابەتەکەمان دەگۆڕی.

لەسەر بەنداوی خورخورە، چەند وێنەیەکمان گرت. بەنداوێکی تینووی ئاو، چاوەڕێی باراناو دەکات.

دیسان بەرێکەوتینەوە، تا دەهات جادەکە خراپتر دەبوو، تەپوتۆزێک بوو لەناو دڵی شاخە رووتەنەکاندا، وەکو ئەوەی بە سەحرادا بازۆی. لێرە و لەوێ چەند بیلدۆزەر و شۆفڵێک لوتکیان لە تاشەبەرد و دامێنی چیا چەقاندووە و خەریکی هەڵکەندنن. بیلدۆزەرەکان، مێروولە ئاسا چووبوون بە گژ قوڵلەی قافا، بەڵام دیار بوو کە کێوەکەیان ماندوو کردووە.

بە پێچەوانەی نێوان مەریوان و پێنجوێن، رێگای سەقز و مەریوان، زۆر رووتەنە، بەدەگمەن دارێک دەبینی، بەڵام بە درێژایی رێگاکە جار جارێک گوندێک پەیدا دەبێت کە یەکپارچە سەوزە. کە لەسەقز نزیک دەبیتەوە، ئەو دەڤەرە پێی دەگوترێت قەمچیان. بەدەم گۆرانییە کۆنەکانی ناسر رەزازییەوە کە پێدەچێت کاکی شۆفێر یەکێک بێت لە دەروێشەکانی رەزازی و جارجارێک هەستێکی کوردایەتی جۆشی دەدا، وای نیشان دەدات کە لایەنگری کۆمەڵە بێت، بەڵام کام کۆمەڵەیە، ئەوە بە پەنهانی مایەوە.

ئێمە لەنێوخۆماندا بە جفرە قسە دەکەین و نامانەوێت بڵێین لە رووداو کار دەکەین، بەڵام کاکی شۆفێر کە هەم سوکانی بەدەستەوەیە و هەم دەیەوێت وانیشان بدات کە ئاگای لە خشەی مار و مێرووە، لە پڕێکدا دەڵێت "رووداو، حەشر دەکات، واقیعەن بووە بە کەناڵێکی باوەڕپێکراوی ناو رۆژهەڵاتییەکان"، کورد گوتەنی بسکەی سمێڵمان دەهات کە نیمانە، بەڵام ددانمان بەخۆماندا گرت و نەمانگوت هەوین.

دەمەوئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە سەقز، تاریکی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو، بەڵام رووناکی گڵۆپە زۆر و زەوەندەکانی شار لە دووراوە وەکو هوروژمە تیشکێک دڵی تاریکییان شەقار کردبوو. شارێکی جوان و لەبەر دڵان. بەناو شاردا تێپەڕین، دەمانویست زووتر بگەینە بۆکان، حەسەن زیرەک گوتەنی "رێگاکەم دوورە و مەنزڵم بۆکان"ە.

درەنگانێک گەیشتینە ناو شاری بۆکان، شار بەرەو خامۆشی دەچوو، تاک و تەرا دووکان کراوەبوون، ئێمەش شەکەت و برسی بووین، بەدوای هوتێلێکدا دەگەڕاین، بەحساب لەیەکێک لە باشترین هوتێلەکانی شاردا بارگە و بنەمان هەڵدا، هوتێلەکە چوار ئەستێرە بوو، بەڵام نەک ئەستێرە، قابیلی فتیلەیەکیشی نەبوو.

بەنیازی نانخواردن، سواری تاکسییەک بووین بۆ چێشتخانەیەک بەناوی (گێلاس)، شوێنێکی ئارام و لەبەردڵان دیاربوو، لەچاو خواردنی سەرسنوور، ئەرز و ئاسمانی فەرق بوو. مۆسیقایەکی ئارام و ئەو چەند میوانەی خەریکی نانخواردن بوون، بە ئاستەم گوێت لە دەنگیان دەبوو.

هێندەی نەبرد پیاوێکی باڵابەرزی رەقەڵە خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا. زۆر بەگەرمی و کوردانە بەخێری هێناین. نانمان خوارد و بردینی بۆ ماڵی خۆیان کە لەیەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی شار و ناوجەرگەی بۆکان هەڵکەوتبوو. ماڵێکی جوان و پۆشتەو پەرداخ، ستایلی ئەرستۆکراتی پێوە دیاربوو.


بەدەم چاخواردنەوەوە، بە خێرایی لەدەرگای گەلێک باس و خواسمان دا، شەو بەرەو درەنگان دەچوو، خاترخوازیمان کرد و بە پیاسە بەناو شاری خامۆشدا بەرەو هوتێلەکە کەوتینە رێ.

شەقامەکان پاک و خاوێن دیاربوون، بە تەنیشت پارکێکی جوان و رازاوەدا رەت بووین، دارەکان بەچڕی بەناویەکدا چووبوون و بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون. لە نزیک هوتێلەکە چاخانەیەکمان بینی کە هێشتا جمەی دەهات لە خەڵک و دووکەڵی نێرگیلە و تەقەی تاوڵە سەرنجی راکێشام. لەسەر سەکۆیەکی چاخانەکە کە بەشێوەیەکی سوننەتی دروست کرابوو، چوارمشقی لێی دانیشتین و تا درەنگانێکی شەو ماینەوە.

گەڕاینەوە بۆ هوتێلە چوارئەستێرەییەکە، ژوورەکەیان بۆ پاککردبووینەوە، ئیدی مەجالی بۆڵەبۆڵمان نەمابوو. دیمەنی چەند کەسێک کە لەناو پارکێکی تەنیشت هوتێلەکە دانیشتبوون، سەرنجیان راکێشام، بە قسەی کارگوزاری هوتێلەکە ئەوانە "حەشیشەخۆرەکان" بوون. دواتر زانیم کە دەوڵەتی ئێران بەمەبەست نایەوێت رێگا لەو مەوادانە بگرێت، تا گەنجانی رۆژهەڵات ئالوودە ببن و ئیدی بیر لەشتە بڤەکان نەکەنەوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی بۆکان و شارەکانی دیکەی رۆژهەڵات بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن.

بەیانیی رۆژی دواتر کە وەکو دەڵێن هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکرابوو، بە زەنگی تەلەفۆن بەخەبەر هاتین، خانەخوێکەمان بوو.

سواری تاکسییەک بووین بەرەو ماڵی حاجی ئیسماعیل ئاغای ئێلخانیزادە. لەبەردەم خانوویەکی گەورەی رەنگ کۆندا، خۆمان بینییەوە. پیاوێکی پشتکۆمی بەتەمەن کە خزمەتی ئیسماعیل ئاغای دەکرد، دوای بەخێرهێنان، بەرەو دیوەخانی ئاغا چەند قادرمەیەکمان بڕی.



چەند قەنەفەیەک و دۆشەکێکی گەورە دیوەخانیان رازاندبوووەوە، بە دیوارەکاندا چەند وێنەیەک و دەستنووس و ئایەتی قورئان هەڵواسرابوون.

پیاوێکی ریش چەرمووی نوورانی لەسەر یەکێک لە تاک قەنەفەکان دانیشتبوو، نەیدەتوانی هەستێتە سەرپێ، زۆر بەگەرمی بەخێری هێناین و ئێمەش لەتەنیشتییەوە دانیشتین.

سمایل ئاغا چاویلکەیەکی گەورەی لەچاودا بوو، باڵابەرز، برۆ تێکسمڕاوەکانی و پیاوێکی تەمەن 112 ساڵ، بەڵام بەتەواوی هۆشیار و ئاوەزقووڵ بوو.

سەرەتا رووی تێکردین و هەواڵی باشووری کوردستانی لێ پرسیم. پێشتر پێیان گوتبووین کە سمایل ئاغا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بنەماڵەی مستەفا بارزانی هەبووە، سمایل ئاغا زۆر باسی بارزانیی باوک و بارزانیی کوڕی کرد. ئەگەرچی من لە ساڵی 1987 دوە، بەڕێز مەسعود بارزانیم لە نزیکەوە نەبینیوە، بەڵام نەمکردە نامەردی سڵاوی بارزانیم گەیاندە سمایل ئاغا، دیاربوو زۆری پێخۆش بوو، بەزۆر خۆم کردە نوێنەری بارزانی، بەڵام مادام بۆ کاری خێر بوو، پێموایە زەرێ بۆ پەزی کەس نەبوو.

سمایل ئاغا، درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: "ئەوە بە چاوی خۆتان دەبینن تەندروستیم چۆنە و ناتوانم شەقاوێکیش رێگا بکەم، دەنا زۆرم پێخۆشە سەردانێکی کاک مەسعود بکەم و لە نزیکەوە بیبینم و ئەحواڵی بپرسم".

بۆ ئێمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ چوونە ناو گفتوگۆیەکەوە کە ئێمە مەبەستمان بوو لەگەڵ تەنیا وەزیرێکی کۆماری کوردستان کە هێشتا لە ژیاندا ماوە، بیکەین.

حاجی سمایل ئاغا هێندە بە شەوقەوە باسی کۆماری بۆ دەکردین، دەتگوت تازە لە پشتی ئەسپەکەی دابەزیوە و لەبەردەمی پێشەوا قازی محەممەد و بارزانیدا وەستاوە و چاوەڕێی فەرمانیان لێ دەکات: "تازە خانەوادەی بارزانی گەیشتبوونە کۆمار، بەماڵ و منداڵەوە هاتبوون، داوای لە باوکم کرد کە چەند گەنجێک لە خانەوادەکەمان لەگەڵی بچن بۆ مهاباد بۆ خزمەتی پێشەوا".

سمایل ئاغا لە گێڕانەوەکەی بەردەوام بوو: "شێخ ئەحمەد داوای کردبوو کە بێت بۆ حەمامیان بۆ لای مەحموود ئاغا، ئەوە بوو باوکم ئەسپ و ماینی بۆ ئامادەکرد و ئێمەش لە پێشوازییاندا بووین، بەڵام شێخ ئەحمەد، پێی گوتین کە عادەتم نییە سواری ئەسپ بم، بۆیە بە پێیان لە خزمەتیدا هاتین هەتا گەیشتینە حەمامیان. کاتێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد".

حاجی سمایل ئاغا، شەدەیەکی کوردانەی لەسەر نابوو، قامکە درێژەکانی، رۆژگار و تەمەن وەکو کۆڵەوژێکی وشکەهەڵاتووی لێکردبوون. بە حەسرەتەوە باسی مێژووی دەگێڕایەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجی من بوو، بیرتیژی و ئاوەزقووڵیی ئەو پیرەپیاوە ریش چەرمووە بوو، بەوردی ئاگای لە ورد و درشتی رووداوەکان بوو، ئومێدی گەش لە چاوەکانیدا بەدی دەکرا. باسی پێشمەرگە و ئەو وەفدە بیانیانەی کە سەردانی باشووریان دەکرد، حاجییان شاگەشکە کردبوو، پێیوابوو کە ئەگەر دەرگایەکیش بەرووی کوردستاندا دابخرێت، چەندین پەنجەرە بەروویدا دەکرێنەوە.

سمایل ئاغا بەوردی و بە ئیشتیاوە وشەکانی بەدوای یەکدا ریز دەکرد و بەکوردییەکی پاکی موکریانانە باسی پەیوەندییەکانی بنەماڵەی خۆیان و بنەماڵەی قازی لەلایەک و بنەماڵەی بارزانی لەلایەکی دیکە دەکرد.

عومەر ئاغا داواکەی بارزانی بەجێدەهێنێ و بەبێ دوودڵی هەردوو کوڕەکەی خۆی (سمایل و عەبدولڕەحمان) لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دەنێرێت بۆ سابڵاخ کە ئەنجوومەن و حکومەت لەوێ تەشکیل دەکران و داوایان لێدەکات کە بەشداری لە کۆماری کوردستاندا بکەن.

بەشێک لەوانەی کە نانی رۆژ دەخۆن، دەیانەوێت لە رێگای جۆراوجۆرەوە وانیشان بدەن کە پەیوەندیی نێوان مەلا مستەفا و پێشەوا قازی محەممەد خراپ بووە و ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبووە. بەڵام سمایل ئاغا ئەوە رەت دەکاتەوە و دەڵێت: "نێوانیان زۆر خۆش بوو، مەلا مستەفا هەمەکارە بوو لەناو کۆماردا. بارزانی هەمیشە لەپشت سەری قازییەوە بوو، سەرچاوەی هێز و توانای قازی بوو".

مام هەژار و مام هێمن، دوو رووناکبیر و دوو کەسایەتی و شاعیری دیاری سەردەمی کۆمارن و کەم کورد هەیە بە ناویان ئاشنا نەبێت. بۆ بیرهێناوەی یادەوەرییەکانی لەگەڵ مام هێمن و مام هەژار، کاتێک لەسەر ئەو دوو کەڵە نووسەرە پرسیارم کرد، گوتی: "بەڵێ، مام هەژار کەسێکی نزیکی ئێمە بوو، بەڵام مامۆستا هێمن نا". تەنانەت لە وەسفی مام هەژاردا، ئاغا دەڵێت "هەژار شاعیرێکی میللی کوردستان بوو، لە ئاستی فیردەوسیدایە. فیردەوسی بۆ فارسەکان چی بێت، مام هەژاریش بۆ کورد وایە".

هەر تاڵێک لە برۆکانی سمایل ئاغا، چیرۆکێکی لەژێردا پەنهانە، ئەو دەیویست هەگبەی سەد ساڵی تەمەنیمان بۆ هەڵڕێژێت، بەڵام هێشتا ترسی داگیرکەر دەست و پێکانی بەستووەتەوە و دەڵێی لە ئەشکەوتێکدایە، تەنیا گوێی لە دەنگی خۆیەتی. ئێمە دەمانویست زیاتر لە خزمەت ئەو کۆنە وەزیرەی کۆماری کوردستاندا دابنیشین و بەسەرهاتەکانی تۆمار بکەین، بەڵام باری تەندروستی و تەمەنەکەی، هی ئەوە نەبوون کە لەوە زیاتر ماندووی بکەین. بۆیە بە تاسەوە دەستەکانیمان گوشی و خاترخوازیمان لێ کرد.

دەمەوێت ئەم بەسەرهاتە بە بیرەوەرییەکم لەگەڵ دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی کۆتایی پێ بهێنم. کاتێک بەرنامەی پەنجەمۆرم لەگەڵ تۆمار دەکرد، هەندێکجار دەیگوت: کوڕم هێشتا کاتی باسکردنی ئەمە نەهاتووە! دکتۆر تەمەندرێژ بێت، ئێستا زیاتر لە 90 ساڵی تەمەنە. گوتم دکتۆر گیان یاخوا هەزار ساڵ بژیت، بەڵام پێم ناڵێیت کەی وەختی دێت؟

بۆیە لەسەر ئیزنی دکتۆر، منیش دەڵێم هەندێک شت هەبوون لەو گەشتەدا، ئەگەر وەک شێخ رەزا تاڵەبانی گەیشتمە تەمەنی هەشتا و هێشتا بەکاربووم، ئەوە شەرت بێت لەبنی هەمانەکە بدەم، بەڵام بەقسەی تاڵەبانی دەکەم "جارێ وەختی نییە".



# منداڵ و ئەفسوونی ئەفسانە فۆلکلۆرییەکان

کیشوەر پیرۆتی

به درێژایی ژیان گرینگترین و دژوارترین ئەرکی دایک و باوک لـه پەروەردەکردنی منداڵـدا، یارمەتیدانی منداڵە تاکو بتوانێ مانایەک بۆ ژیان بدۆزێتەوە. بۆ ئەوەی لەم کارەدا سەرکەوتوو بین، پێویسـتمان بە کۆمەڵێک ئەزموونی گەشـەکردن هەیە. منـداڵ دەبـێ وێـڕای گەشـەکردن، وردە وردە فێر بێت خۆی باشتر بناسێ و لەم حاڵەتەدا دەتوانێ خەڵکیش باشتر بناسێت و ئارەزوو و خەیاڵ و هورووژەکانی دەروونی خۆیشی بناسێ و لە ئەنجامدا کۆمەڵێک پێوەندیی دوولایەنەی باش و پڕمانایان لەگەڵ دروست بکات.

مرۆڤ بۆ ئەوەی مانایەکی قووڵتر بۆ ژیان بدۆزێتەوە، دەبێ بتوانێ خۆی لە بازنەی خۆتەوەری دەرباز بکات و باوەڕ بکات کـه لە بانەڕۆژدا* دەتوانێ کەسـێکی گرینگ و بایەخدار بێت بۆ ژیان. دەبێ هەسـت بکات کە دەتوانێ کەسـێکی بەکەڵک و گرینـگ بێت. ئەو جۆرە هەسـتکردنە دەبێتـە هۆی ئەوەی کـە مرۆڤ لە خۆی و کردەکانی خۆی ڕازی بێت. هەسـتێکی بـاش بەرامبـەر بـە خـۆی و کردەکانی خـۆی، دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی هۆش (عەقڵ) لە هەبوونی خۆیدا. تەنیا شتێک کـە دەتوانێ یاریدەدەری ئێمە بێت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتە نەخوازراوەکانی ژیان، هیواداربوونە بە بانەڕۆژ.

دایک و باوک و ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارێتی سەرپەرشتیی منداڵیان لە ئەستۆدایە و میراتی فەرهەنگی** ــ کە ئەدەبیات باشترین ڕاگەیاندنی ئەو فەرهەنگەیە ــ دەتوانن لە دۆزینەوەی مانایـەک بـۆ ژیاندا، یارمەتیی منداڵ بـدەن. چیرۆکێک بەلای منداڵەوە سەرنجڕاکێش دەبێت کە سەرقاڵ و کونجکۆڵی بکات. بـەڵام بۆ ئەوەی ئەو چیرۆکە ژیانی منداڵەکە مانادارتر بکات، دەبێ هێزی خەیاڵی منداڵەکە چالاک بکات و یارمەتیی بدات کە زیاتر لە شتەکان تێبگات.

لە ئەدەبیاتی منداڵاندا، بێجگە لە چەند بابەتێکی دەگمەن، هیچ ئەدەبیاتێـک ناتوانێ بەقەدەر چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان بۆ گەورە و بۆ منداڵیش مانادار و جێی ڕەزامەندی بێت. ڕاستە ئەم چیرۆکانە لە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا نەنووسراون و ڕەنگـە بەڕواڵەت وا وەدیار بکەون کە شـتێکی ئەوتۆ فێری خوێنەر ناکەن، چونکە ئەو چیرۆکانە زۆر بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگەی ئێستا دانراون، بەڵام زۆر زیاتر لە جۆرەکانی دیکەی چیـرۆک، لە چوارچێوەی تێگەیشـتنی منداڵەوە نێزیکن. ئەم چیرۆکانە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێک شـتیان پێیە بۆ کێشە و گرفتە دەروونییەکانی مرۆڤ و ڕێگەچارە شیاوەکان لە بارودۆخێکی دژواردا.

زۆرجاران ژیان سەر لە منداڵ دەشێوێنێ، هەربۆیە پێویستی بـە کاتێکی زیاترە تاوەکو فێر بێت چۆن ڕووبەڕووی ئەم دنیا ئاڵـۆزە ببێتەوە و خۆی بناسـێت. منداڵ لـە ڕێگەی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانـەوە ئـەو دەرفەتـەی بـۆ دەڕەخسـێت کە بە شـێوەیەکی ناسک و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ سـەریەتیی ڕەفتارە ئەخلاقییەکان ئاشنا بێت، بە شێوەیەک کە هەست بکات ئەمانە ڕاست و مانادارن.

زۆربـەی دایـک و باوکەکان لـەو باوەڕەدان کـە دەبێ هەر وێنە جوان و پەسـەند و دڵخوازەکان نیشانی منداڵ بدرێت و، پێیانوایە منداڵ دەبێ تەنیا لایەنی باش و خۆشی ژیان ببینێ، لەکاتێکدا ژیان هەمووی هەر خۆشی و جوانی و دڵخوازی نییە. ئێمە پێمانخۆشە منداڵەکانمان باوەڕ بکەن کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی سروشـت و زاتێکی باشـە، بەڵام منـداڵان دەزانن کە تەنانەت خۆیشیان هەمیشە هەر باش نین و ئەو شتەی دایک و باوکیان پێی گوتوون لە زاتی ئەواندا وانییە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خۆیان وەکو دێوەزمەیەک بێتە بەرچاو.

چیرۆکـە فۆلکلۆرییەکان بە شـێوازی جۆربەجۆر بە منداڵ ڕادەگەیەنـن کە مرۆڤ ناچارە شـەڕ لەگەڵ کێشـەکانی ژیان بـکات، ئەگەر نەترسـێ و ڕانەکات و لەگەڵ هەموو ناخۆشیـی و ناکۆکییەکانـی ژیان ڕووبەڕوو ببێتەوە و لەسـەر ڕێی خۆی لایانبدات، لە گۆڕەپان و مەیدانی ژیاندا سەرکەوتوو دەبێت.

بەپێچەوانـەی ئـەو چیرۆکانەی ئێسـتاوە کە بـۆ منداڵان دەنووسرێن، چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان منداڵ لەگەڵ هەموو باسە بنەڕەتییەکانی ژیان ڕووبەڕوو دەکەنەوە و لەو چیرۆکانەدا باس لە مـردن و پیری و ئاواتەخوازیی ژیانێکی تاهەتایی دەکرێت. زۆربـەی چیرۆکـە فۆلکلۆرییـەکان بـە مردنی دایـک و باوک دەستپێدەکەن و بە مردنی دایک و باوک لەنێو ئەم چیرۆکانەدا، منداڵ ڕووبەڕووی دژوارترین کێشەکان دەبێتەوە.

تایبەتمەندیـی چیرۆکی پەریان ئەوەیە کە بەڕوونی باسـی هەموو دووڕێیانەکانی ژیان دەکات. چیرۆکی فۆلکلۆری تەواوی بارودۆخـەکان سـادە دەکاتـەوە و کەسـایەتییەکان بەڕوونی دەخرێنە بەرچاو، مەگەر گرینگ بن، دەنا باسی وردەکارییەکان ناکات، زیاتر وەک نموونەی گرووپێک باسـی کەسایەتییەکان دەکات، تاکو وەک تاکێکی تایبەت.

بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو چیرۆکانەی ئێستاوە کە بۆ منداڵ دەنووسرێن، لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا پەستی و ژێردەستی، هاوشانی گەورەیی و سەروەری، هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە. هەر بەو جۆرەی کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا باشە و خراپە لە هەموو شوێنێک هەیە، لە چیرۆکی فۆلکلۆرییشدا خێر و شەڕ لە قاڵبی کەسایەتییەکان و کارەکانیاندا دەبینرێت.

کەسـایەتییەکانی چیرۆکی پەریـان دوولایەنە نین، بەڵکو بەپێچەوانـەی ژیانـی ڕاسـتەقینەوە کـە هەمـوو مرۆڤێک لە یـەک کاتدا دەتوانێ هەم باش بـێ و هەم خراپ، لە چیرۆکی فۆلکلۆریدا، هەر ڕێک وەکو زەینی منداڵ، مرۆڤ یان باشە یان خراپە، بۆ نموونە یەکێک لە براکان زیرەکە و یەکیان تەمبەڵە. دایک و باوک، یەکیان زۆرباشە و یەکیان زۆر خراپە. نیشاندانی کەسایەتییە لێکدژەکان لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا ئەو دەرفەتە بە منداڵ دەدات، کە بە ئاسانی لە جیاوازیی نێوانیان تێبگات و وردە وردە دەزانێ کە خەڵک زۆر لەیەک جیاوازن و هەرکەسەو دەبێ ئەو جۆرە بێت کە خۆی دەیەوێت. ئەم بڕیارە بنەڕەتییە، بنەمایەکە کە سەرلەبەری گۆڕانکارییەکانی دوایی کەسایەتیی مرۆڤی لەسەر هەڵدەچنرێت.

منداڵ لە کاتی بیسـتن یان خوێندنـەوەی ئەو چیرۆکانەدا قەت لە خۆی ناپرسـێ کە "ئەرێ منیش دەمەوێ کەسـێکی باش بم؟"، بەڵکو دەپرسێت: "دەمەوێ وەکو کێ بچم؟" ئەگەر ئەو کەسایەتییەی منداڵەکە هەڵیدەبژێرێت کەسێکی زۆر باش بێـت، ئەودەم منداڵەکـە بەو ئەنجامە دەگات کە بۆخۆیشـی دەیـەوێ کەسـێکی باش بێـت. کەواتە منـداڵ بەپێچەوانەی گەورەکانـەوە و بەبێ لێکدانـەوەی قازانج یان زیانی بابەتەکە، دەوری کام کەسـایەتیی زۆر بەدڵ بێت، خۆی لە هاوتاسـازیی ئەودا دەبینێتەوە.

ئەو شـتەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نوقمبوون لە چیرۆکی پەریاندا، ببێتە ئەزموونی ئەخلاقیێکی ڕاهێنەر، سزادانی ناحەزان لـە کۆتایی چیرۆکەکـەدا نییە، بگرە باوەڕهێنانـە بەوەی کە جینایەت هیچ سـوودێکی نییە. هەربۆیە لە چیرۆکی پەریاندا، کەسی خراپەکار هەمیشـە دۆڕاوە. منداڵ بەهۆی هاوتاسازیی خـۆی لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکە، لـە خەیاڵی خۆیدا، وێڕای مەینەتییەکانـی پاڵەوانەکـە، ئەویـش مەینەتـی دەبینێت و لەگەڵ سەرکەوتنیشـی، سەردەکەوێت و هەر خۆیشی بەتەنیا ئـەم هاوتاسـازییە ئەنجام دەدات و کێشمەکێشـە دەروونی و دەرەکییەکانـی پاڵەوانەکە هەسـتی ئەخلاقی لـە منداڵەکەدا جێگیر دەکات.

هەڵبژاردنی چیرۆک بۆ منداڵ لەنێو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا، بەپێی تەمەن و ڕەگەزی منداڵەکە، پێویسـتییەکی تەواوی بە قۆناغی دەروونناسانەی گەشەی منداڵەکە و ئەو کێشانەوە هەیە کە لەو کاتەدا هەیەتی. ئەوە منداڵەکەیە کە بڕیار دەدات زیاتر حـەزی لـە کام چیرۆکە و چێژی لێ دەبینێـت و بە کردەوەی سۆزدارانەی خۆی لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکێکی دیاریکراودا حەز و ئارەزووی خۆی بۆ بیستنی چیرۆکەکە ئاشکرا دەکات و، بـەردەوام داوا لە دایـک و باوکی دەکات کە دووبارە و دووبارە ئەو چیرۆکەی بۆ بگێڕنەوە یان بخوێننەوە.

چیرۆکی پەریان، سـەرەڕای چاوپۆشـیکردن لە تەمەن و ڕەگـەزی پاڵەوانی چیرۆکەکە، بۆ هەمـوو منداڵێک مانایەکی دەروونناسانەی گرینگی هەیە. هێندێک جار لەوانەیە پاڵەوانی چیرۆکەکە کیژۆڵەیەک بێت، بەڵام دەتوانێ کۆمەڵێک شتی بۆ کوڕێژگەیەک پێبێت، چونکە چیرۆکی پەریان بە شێوەیەکی زۆر خەیاڵی لە بابەتە سـەرەکییە مرۆڤییەکان دەکۆڵێتەوە و ئەو کارەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات.

هەمـوو چیرۆکـە فۆلکلۆرییـەکان هـەر باس لـە ئەنجامە ئەخلاقییەکان و جەمسـەربەندی یان هاوتاسازیی کەسایەتییە چـاک و خراپـەکان ناکـەن، چونکـە کۆمەڵێـک ئامانجـی جۆربەجۆریـان هەیـە و بابەتی هێندێکیان ئـەوە دەگەیەنێت کـە تەنانەت کەسـانی ژێردەسـت و لاواز و داماویش دەتوانن لە ژیاندا سـەرکەوتوو بن. بۆ نموونە، لە چیرۆکی "پشـیلەی چەکمەپۆش"دا، پشیلەکە بە فێڵزانیی خۆی، توانی ببێتە هۆی سـەرکەوتنی پاڵەوانی چیرۆکەکـە. پاڵەوانی چیرۆکی پەریان ماوەیەک لە تەنیاییدا بەسـەر دەبـات، هەر ڕێک وەکو منداڵی ئەمڕۆ کە زۆربەی کاتەکان هەست بە تەنیایی دەکات. پێوەندیی پاڵەوانـی چیرۆکـی فۆلکلۆری لەگـەڵ شـتە بنەڕەتییەکانی وەکـو درەخت و ئاژەڵ و سروشـتی نێـو چیرۆکەکەدا دەبێتە یارمەتیدەری پاڵەوانەکە، هەروەکو چۆن منداڵیش زیاتر هەست بە نیزیکایەتی لەگەڵ ئەو شـتانە دەکات تاوەکو لەگەڵ مرۆڤە گـەورەکان. چارەنووسـی ئـەم جۆرە پاڵەوانـە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵە تەنیاکە هەسـت بـکات، هەرچەند لە ژیاندا تەنیایە، بەڵام کۆمەڵێک بوونەوەر لە سروشتدا هەن کە لە کاتی پێویستدا بە هانایەوە دێن ــ پاڵەوانانی چیرۆکەکان و درخت و ئاژەڵەکان. ئێسـتا، زۆر زیاتر لە سەردەمانی ڕابردوو، منداڵ پێویسـتی بە دڵنیابوون هەیە، نیشـاندانی وێنەیەکی مرۆڤانە کە سەرباری تەنیاییەکەی، دەتوانێ کۆمەڵێک پێوەندیی پڕمانا لەگەڵ دنیای دەوروبەری دروست بکات، ئەو خاترجەمییەی پێ دەبەخشێت.

—

* بانەڕۆژ: دادێ، دوارۆژ، سبەینێ، سبەی ڕۆژێ.

** فەرهەنگ: کولتوور.

ژێدەر:

افسون افسانەها، برونو بتلهایم، ترجمەی اختر شریعتزادە، انتشارات هرمس، چاپ اول 1381، تهران.

# ئەدەب و ئازادی



حەمەسەعید حەسەن

نانووسەر تا مۆڵەت لە سوپاسالار وەرنەگرێت، هەوڵی کوودەتا نادات. نانووسەر چونکە بۆ بەرپرسـەکەی دەنووسێت، بۆیە سەروەختی نووسین، ئیلهام لە قسەی وی وەردەگرێت، بەڵام هەر ترسـی ئەوەیشـی هەیە، غەزەبی لێ بگرێت. نانووسـەر بەڵگەیە بۆ ئەوەی، لە دابەشکردنی گێلایەتیدا، هەم یەکسانی ڕەچاو کراوە، هەم دادپەروەری.

ئێمبێرتۆ ئێکۆ

دەڵێن، مارسیل پروست، ئەوی شاکاری (گەڕان لە دووی زەمەنی بەسەرچوو)ی نووسیوە، بەرتیلـی داوە بـە ڕەخنەگرێک تا دوژمنکارانە، لەبارەی بەرهەمەکانییەوە نەنووسـێت. تی. ئێس. ئەلیەت دەڵێت: (لە شیعردا ئەو چێژەی لێی وەردەگرین بە پلەی یەکەم دێت، ئەرکی ڕەخنە ئەوەیە، کارێک بکات زیاتر چێژ لە شیعر وەربگرین.) بۆ شاعیر هیچ لەوە ناخۆشتر نییە، شیعری چێژبەخش بنووسێت و ڕەخنەگرێک پەیدا نەبێت، بە چاوی بایەخەوە، سەرنجی شیعری بدات، ئاخر ئەوسا نائومێد دەبێت و هەست بە بێهوودەیی ژیان دەکات.

وەرگێـڕان، ئێمبێرتۆ ئێکـۆ گوتەنی، ئەوەیە: (کوتومت هەمان شـت بە زمانێکی دیکە بڵێین،) ئەوە نییە، تژی بێت لە هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان و داڕشتن، ئەوەیە هەم بەرانبەر مانـا دەسـتپاک بین و هەم لایەنـی ئەدەبیی دەقەکەیش ڕەچاو بکەیـن. وەرگێڕان ئەوەیە، هـەم دیـوی دەرەوەی دەقەکـە بگەیەنین و هەم دیوی ناوەوەی، تەنانەت سێبەرەکەیشـی. پۆڵ ڕیکۆر گوتەنی: (هەر دوو زمانێک بگرین، زەخیرەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە،) بۆیە وەرگێڕانی خراپ زادەی ئەوەیە، وەرگێڕ بایەخ بە توێکڵە زمانەوانییەکەی دەق دەدات، نەک بە کرۆکەکەی، ئیدی ئەو وەرگێڕانە خراپە، ڕەنگە دەقێکی باڵا بکوژێت. ناوەرگێڕ، زۆر جار ڕۆڵی سانسۆریش وازی دەکات، هەر چییەک لەگەڵ تێڕوانینی خۆیدا نەگونجا، فەرامۆشی دەکات.

*

کە شـارلی ئیبدۆ ئەم یان ئەو پیرۆز دەکات بە بابەتی کاریکاتێر، هیچ پیلانێک لە دژی ئیسلام لە ئارادا نییە، ئەوە ڕەنگدانەوەی ئازادیی بیروڕا دەربڕینە و هیچی تر. لە فەرەنسا و وەڵاتانی دیکەی دیموکراتدا، نووسەران فەرمان لە دەسەڵاتەوە وەرناگرن، ئەوە خۆیانن بڕیار دەدەن، چی بنووسـن. نووسـەری ڕاستگۆ، ملکەچی فەرمانێک دەبێت، لە ویژدانییەوە بۆی هاتبێت، نەک لەم حیزب، یان ئەو دەسەڵاتەوە. نووسەری ئازاد ئەو وەختانە پرۆتیست دەکات کە ستەم لە مرۆڤ دەکرێت، بە چاوپۆشین لەوەی، لەو وەڵاتەی مافی ئینسان پێشێل کراوە، کام ئایین یان حیزب سەروەرە.

لایەنـی گەشـی دابەزینی نرخی پەتـرۆل ئەوەیە، ئیدی سعوودسـتان و وەڵاتانی دیکەی کەنداو، وەک جاران بۆ کۆمەککردن بە بزاڤە سەلەفی و جیهادییەکان دەستکراوە نابن، بۆیە ئـەوە چاوەڕوانکـراوە، لەمەودوا کێرڤی هەژموونی ئیخوان و قاعیدە و داعش، ڕوو لە نشـێو بـکات. ئاخـۆ ئەوە مایەی پێکەنین نییە، بەردەوام ڕابـردووی دێرین کاوێژ بکەینەوە؟ ئاخر مێژوو بە دەوری خۆیدا ناسووڕێتەوە، گورج یان خاو، بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. ئەوانەی هەمیشە خەریکی گوتنەوەی باس و خواسە کۆن و سەردەم بەسەرچووەکانن، دوا مەنزڵیان لە یەکەم هەواریان دەچێت، چونکە لە بازنەیەکدا کە ناخوازن لێی دەرباز ببن، دەسووڕێنەوە، ئەوە بۆیە گوتاری دینی تازە نابێتەوە، ڕیفۆرم لە ئاییندا ناکرێت و ئەو ئاسمانی ئازادییەی لە وەڵاتانی ئیسـلامیدا هەیە، یوسـف ئیدریس گوتەنی: بەشـی فڕینی مەلی داهێنانی تاقە نووسەرێک ناکات.

لە وەڵاتانی ئیسـلامیدا، ئایین لە خزمەتی دەسـەڵاتدا وەگەڕ دەخرێت، ئاخر دەسـەڵات، لـە ڕێـی دەزگە ئایینییەکانەوە، (دین وەک بەنگ) بۆ سـڕکردنی میللەت بەکار دەهێنێت و بە زەبری ئایین، هەژموونی خۆی بەسـەر خەڵکدا دەسـەپێنێت. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە، دەسـەڵات لە دونیای ئیسـلامدا، دەستبەرداری بڕێک لە هەژموونی خۆی دەبێت و بە دەزگە دینییەکانی دەبەخشێت، وەک نموونە، سەروەختی نووسینەوەی یاسای باری کەسیەتی، ئەوە ئەزهەرە لە میسر و ئەوە یەکێتیی زانایانە لە هەرێمی کوردستان، قسەی کاربڕیان دەبێت.

سەعید ناشید دەڵێت:

(پێنج جیاوازی وامان لێ دەکات، داوا لە ئیسلامی بکەین، ببێت بە موسوڵمان:

یەکەم: موسوڵمان پێی وایە خودا دەیپارێزێت، ئیسلامی پێی وایە خودا دەپارێزێت.

دووەم: موسـوڵمان بە باوەڕی خۆیەوە سـەرقاڵە، ئیسـلامی بە باوەڕی ئەوانی دیکەوە سەرقاڵە.

سـێیەم: موسـوڵمان بۆ لای خودای خۆی دەگەڕێتەوە، ئیسـلامی بۆ لای حیزبی خۆی دەگەڕێتەوە.

چوارەم: موسـوڵمان هەوڵ دەدات، لەوە دڵنیا ببێت کە دەچێتە بەهەشـتەوە، ئیسلامی هەوڵ دەدات، لەوە دڵنیا ببێت کە ئەوانی تر دەچنە دۆزەخەوە.

پێنجەم: موسوڵمان لەبەر خودا، بەزەیی بە برای خۆیدا دێتەوە، ئیسلامی لەبەر خودا، ڕق لە برای خۆی هەڵدەگرێت.)

2016/1/15

هەولێر

(*) محمد شعیر، تجدید او لا تجدید 8 کانون الأول 2016 السفیر الثقافي.

(*) عبدالحمید، سلیم برکات، الکردي الخجول یخذله النقد.

(*) محمد العباس، المترجم ایقول الشي نفسه.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# جیابوونەوە

خۆ ئەوە بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بوو، نوێترین ڤێرژنی جیابوونەوەی زیندووکردەوە. ئاخر ساڵانێکی دوور و درێژ بوو کارەکە لە سەنگەر گواستنەوەی ئەم یان ئەو سووکە بەرپرس تێنەدەپەڕی، ئەوە بزووتنەوەی گۆڕان بوو، ئینشیقاقی بەکۆمەڵی لەناو حیزبی کوردیدا نوێ کردەوە. جا پێدەچێ ئینشیقاقیش هەر رێک وەک دۆ وابێ، کەس بەوەی خۆی ناڵێ ترشە، ئەی ئەوە نییە کاتێ ئەوان بە لێشاو لە یەکێتی جیادەبنەوە، ئەوە نوێبوونەوە و تازەگەرییە، بەڵام ئەگەر کەسێک لەخۆیان جیاببێتەوە، نەفەسکورتی و شوورەییە!

تێبینییەکانی رێزدار محەممەد حاجی، رێکخەری دەست لەکارکێشاوەی ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی گۆڕان، نزیکەی هەمان ئەو تێبینییانەن کە بەڕێز رێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە لەسەر یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان هەیبوون، ئەوە خێرە ئەو رێکخەریان یەعە و ئەمەیان تەتەیە؟

کاتی خۆی کە جەلالی لە پارتی جیابوونەوە، لەلایەن پارتییەکانەوە بە خائین و خۆفرۆش ناوبران. ئێ کە گۆڕانیش لە یەکێتی جیابووەوە، ئەوەی یەکێتی بە گۆڕانی کرد، پارتی بە یەکێتی نەکردبوو، ئێستا کە تاقە کەسێک لە گۆڕان جیادەبێتەوە، هاوڕێکانی خۆی لە فەیسبووکدا سووکایەتی پێدەکەن، کەواتە چیتان گۆڕی؟ ئەی ئەوە نییە هەر ئەوە دەکەن کە شەستەکان، پارتی بە یەکێتی کردووە؟ ژن و مێردێ کە جیادەبنەوە، هەر یەکەو بەڕێگای خۆیدا دەڕوا، زۆر زۆر ئەمیان شوویەک دەکاتەوە و ئەویان ژنێک دێنێتەوە. هاوخەباتانی ناو حیزب کە جیادەبنەوە، ناموسی یەکدی دەبەن، دەڵێن حیزب، ئاوێنەی کۆمەڵگایە، کەچی هەندێ حیزبی کوردی لەدوای کۆمەڵگاوە تۆز دەکەن.

ئەوە تەنیا لەناو کورددا هەیە، کەسێک ئەمڕۆ شۆڕشگێڕ، هەڵسووڕاو و خەباتکار بێت، بەڵام پاش بیست و چوار کاژێر ببێ بە نەفەسکورت، چیکڵدانە تەسک، ساختەخواز و تەجمیدکراو.

کە بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵگەی لەسەر گەندەڵییەکی بەڕێز محەممەد حاجی هەبێت و تا ناوبراو وازی لە بزووتنەوەکە نەهێنا، بڵاویان نەکردەوە، ئەمە ئەگەرێکە لە دووان: یان ئەوەتا بەڵگەکە ساختەیە، یانیش گۆڕان بەڵگەکەی شاردووەتەوە تا ئابڕووی رێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی نەچێ، جا قوربان لە هەردوو حاڵەتدا بزووتنەوەی گۆڕان گەندەڵکاریی کردووە، ئاخر هەر کامیان بێ، واتە راستییان لە خەڵک شاردووەتەوە، ئەی قەول نەبوو بزووتنەوەی گۆڕان، وەک تۆڕی لۆکس شەفاف بێ؟

ئاخر ئەوەی کردەوەت پێچەوانەی قسەکانت بێ، هەمان ئەو رەخنەیە کە گۆڕان لە یەکێتی و پارتی هەیبوون، کە گۆڕانیش هەمان تاس و حەمام بێ، ئەی چیتان گۆڕی؟ ئەی قەول نەبوو هیچ کەسێ بە سەرۆکی هەرێمیشەوە هێڵی سوور نەبێ، خێرە ئێستا رێزدار یوسف محەممەدیش بووە هێڵی سوور؟ باشە ئێوە کە داوا دەکەن چارەنووسی کوردستان بخرێتە دەستی کاک یوسفەوە، خۆتان ئامادەن تا رێکخەری گشتیی دێتەوە، چارەنووسی بزووتنەوەکەی بدەنە دەست؟



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# چاندنی تۆوی دووبەرەکی

رەنگە هیچ شتێک بەقەدەر ئەوە هەڵوێستی دەستەجەمعی لەسەر نەبێت کە زۆرینە ئەو مێژووە رەتدەکەینەوە کە لە بناغەوە درزی خستووەتە نێو یەکڕیزیی ماڵی کوردەوە و بەدوای ترازانە سیاسییەکەدا لێکترازانی کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی جوگرافی و بیری نەتەوەیی هێناوە. تەنانەت ئەو کارەکتەرانەی خۆشیان بەشێک بوون لە هۆکارەکان، یان رۆڵیان تێدا گێڕاوە، هەموویان پەشیمانن.

ئەوەی لە مێژوویشدا دەربارەی ئەو قۆناغە تۆمار کراوە، مێژوویەکی نەفرەت لێکراوە. سەرباری مانەوەی رەگ و ریشەی بەشێک لە ناکۆکییەکانیش بۆ ئێستا و درێژەکێشانی بۆ ئایندەیەکی دوورتریش، بەڵام کەس نییە شانازی بەوەوە بکات یان پێی وابێت کارێکی باشیان کردووە. هەموو هەر پەنجەی خراپەی بۆ درێژ دەکەن و تەنانەت زۆرێک لەو کێشەو ناکۆکییە سیاسیانەی ئەمڕۆش کە بەشێکیان قێزەون و شەرمهێنەرن، وەک ئاماژەیەک بۆ خراپ وێناکردنیان، هۆکارەکانی دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای ئەو لێکترازانە.

ئەمە نەک تەنیا توێژەر و مێژوونووسان و ئەهلی سیاسەت، بەڵکوو خەڵکە عەوامەکەش ململانێ خراپەکان دەبەستنەوە بە ناکۆکییەکانی پەنجا ساڵی رابردووەوە. پێیان وایە ئەگەر لە سەرەتاکانی شۆڕش و دەستپێکی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان، براکان دەستیان نەچووبا خوێنی یەکتری، مێژووی ئێمە ئاراستەیەکی تری دەگرت و چارەنووسمان ئەم رۆژە نەدەبوو.

زۆربەی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کورد و شۆڕشەکانی کراون، ئەوە دەردەخەن کە زیانەکانی ئەو لێکترازانە، تەنیا بریتی نییە لە شەڕ و ژمارەی قوربانییەکان و خوێنی رژاوی کوردان بەدەستی یەکتری و بەهەدەرچوونی تواناو وزەی شۆڕشگێڕانەی میللەت و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافیای کوردستان، هەروەک تەنیا بریتی نییە لە مەترسییەکانی مانەوەی ناکۆکییەکان بۆ نەوەکانی دواتری ئەم مێژووە، بەڵکوو مەترسیشە لەسەر رەتکردنەوەی بەهاکانی دیموکراسی تا داهاتوویەکی زۆر دوور.

ئەمەش مانای مانەوەیە لە چوارچێوەی یەک بازنەدا و دەرفەت بۆ شێواز و شکڵێکی دیکە لە مۆدێلی حیزبایەتی، یان ئاراستەیەکی تر لە حیزبی کوردی نارەخسێنێ. بەهۆی هەڵەیەکی پەنجا ساڵی لەوەوبەرەوە، نەک تەمەنی دوو نەوەی رابردوو، رەنگە تەمەنی چەند نەوەیەکی دیکەش هەر دووبارەکردنەوەی مێژوو، یان خولانەوە بێت لەناو یەک بازنەدا.

بەڵام مەترسیی گەورە ئەوەیە، سەرباری ئەوەی زۆرینە ئەو جیاکاری و لێکترازانە رەتدەکەینەوە، نامانەوێ خۆمان وا نیشان بدەین کە ناکۆکی و ململانێکانی ئێستامان بەشێکە لەو مێژووە، کەچی بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین زۆرینەیەکمان ئێستا خەریکی سەرلەنوێ چاندنەوەی تۆوی دووبەرەکین.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەو رووداوانەی رابردوو، دۆخی پێش لێکترازانەکان هەڵسەنگێنین، گوتار و زمانی بەشێک لە کارەکتەرەکان بە وردی بخوێنینەوە، هەمان ئەو رۆڵەی ئێستای بەشێکمان دووبارەکردنەوەی ئەو مێژووەیە، بێ ئەوەی هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە ئەوەی ئێمەش دەیکەین، دەبێتە هۆی پەرەسەندن و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان و فووکردنە بە پشکۆی ژێر ئاگردا.

هەموومان لۆمەی مێژووی کورد دەکەین کە مێژوویەکی موحاسەبەکار نییە، لۆمەی کۆمەڵگەی کوردی دەکەین کە کۆمەڵگەییەک نیە سزای هەبێت، کەچی ئەوانەی زۆرترین ئەو رەخنانەمان لە مێژوو و لە کۆمەڵگە هەیە، ئەوانەین کە ئێستا رۆڵێکی خراپ لە زیاتر گەورەکردنەوەی درزی ناوماڵی کوردی دەبینین.

کەسمان لە خۆمان ناپرسین، ئەوەی ئێمە دەیکەین، ئەوەی دەیڵێین، لێکەوتەکانی چی دەبن؟ ئەگەر ترسمان لە نەفرەتی مێژوو، لە رەخنە و لە سزای کۆمەڵگەش نییە، ئایا هیچ نەبێت تەنیا لەبەردەم ویژدانی خۆماندا، هیچ هەڵوەستەیەک ناکەین. ئایا لەخۆمان پرسیوە ئەو ئاراستەیەی ئێمە کۆمەڵگەی بۆ دەبەین، ئەو دۆخەی بۆ هێزەکان دەیخولقێنین، رەنگە رۆژێک ببێتە هۆی بەکوشتدانی خەڵک، رژانی خوێنی براکان. وەڵاممان بۆ ویژدانی خۆمان چی دەبێت؟

یان ئێمە نەوەیەکی بێباکین و تەنیا دەرفەتێکمان دەوێ بۆ قسە، ئیتر گرفت نییە چی دەخولقێت، گرنگ ئەوەیە قسەمان هەبێت؟ وەک هەندێ راوچی بەدوای ئاوی لێڵدا وێڵین تا قسەی ترمان هەبێت. بەڕاستی قسەکەرانی ئەم سەردەمە (ئەهلی قسە) توێژێکی بێ دەربەست و نابەرپرسین ئەگەر هەست بەو مەترسییانە نەکەین کە بەهۆی گوتار و کاریگەریی ئێمەوە دێتە رێی داهاتووی میللەتەکەمان.

رەنگە ئێستا کەسانێک بڵێن دەیانەوێ رێگەی قسەکردنیشمان لێبگرن، نەخێر بەرپرسیارێتی ئێمە لە قسەکردنمانە، پێویستە قسەمان هەبێت و هەر قسە بکەین و هەر قسە بکەین. بەڵام ئەوەی پێویستە بیری لێبکەینەوە، ئەوەیە کە دەبێت چ جۆرە قسەیەک بکەین، ئەرکی ئێمە چ جۆرە قسەکردنێکە لە دۆخێکی وەک ئێستادا؟

تەنیا بینینی کێشەکان و خستنەڕووی کێشەکان، بریتی نییە لە بەرپرسیارێتی، چونکە میللەتیش چاوی هەیە، میللەتیش زمانی هەیە، خۆی دەتوانێت کێشەکان ببینێت و خۆشی دەتوانێت کێشەکان بخاتەڕوو. ئەرکی نوخبەی خوێندەوار و ئەهلی قەڵەم، لەگەڵ خستنەڕووی کێشەکان، خستنەڕووی چارەسەرە، کە هەر ئەوەشە خاڵی جیاکردنەوە لە عەوام.

تکایە هێشتا کوردستان بەو ئەندازەیە کاول نەبووە کەسی بە ویژدان و عاقڵی تێدا نەمابێت. هێشتا نیشتیمان خەڵکی زۆرە کە مرۆڤ دەتوانێت بڕوا بە عەقڵ و بە ویژدانی بکات. بەشی ئەوە بوار بدەن، تا خەڵک بەرچاوی روون بێت و لێکیان جیا بکاتەوە. ئومێد بۆ چاکسازی و هەوڵ بۆ دۆخێکی باشتر، یەکسان نییە بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی. رێگەی گەیشتن بە ئازادی و سەربەرزیی مرۆڤەکان و ژیانێکی شایستە بە تونێل و توولەڕێگەی ئاشووبدا تێناپەڕێت. تکایە تەماشایەکی بەردەممان بکەن، بزانن خەریکە میللەتەکەمان دەخەینە چی چاڵێکەوە؟



مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com

# یەکێتی و گۆڕان...
# نزیکی یان دووری

هەر لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و لەدایکبوونییەوە لە هەناوی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا تا بە ئەمڕۆ دەگات، هەمیشە ئەم دوو حیزبە پەیوەندییەکانیان لە هەڵبەز و دابەزی بەردەوامدا بووە، بە جۆرێک یان تەواو لەیەک دوور بوونە، یانیش تەواو لە یەک نزیک بوونە.

شاراوە نییە کە بنکەی جەماوەری ئەم دوو حیزبە تێکەڵەیەکی جیانەکراوەیە و ئەستەمە بتوانرێ بە وردی لەیەک جیابکرێنەوە، هەر بۆیەشە دەبینین لە هەڵبژاردنەکاندا ئەم دوو حیزبە ئەوەندەی یارییان بەدەنگی یەکتر کردووە، نەیانتوانیوە نیو ئەوەندە کاریگەری لەسەر دەنگی لایەنەکانی دیکە دابنێن.

با واز لە ململانێ بێنین و نەگەڕێینەوە بۆ رابردوو، بەڵکو تیشک بخەینە سەر پەیوەندی و نزیکیی گۆڕان و یەکێتی لەم دواییەدا و کاریگەرییان لەسەر دۆخی کوردستان.

ئاشکرایە و ناشاردرێتەوە کە لە هەندێ کات و ساتدا، بە تایبەتی لە پەرلەمان، دەتوانرا نزیکیی ئەم دوو لایەنە زۆر شت بە قازانجی ئەم میللەتە بچەسپێنێ، بەڵام بەداخەوە نەکرا، کە دیارە ئەمەش هۆکارگەلی خۆی هەیەو هەریەکە پەتەکە بەلای خۆیدا رادەکێشێ و خەتاکە دەخاتە ملی ئەوی دی.

پرسی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم و هەموارکردنەوەی یاساکەی و پێشکەشکردنی پرۆژە لەلایەن (یەکێتی و گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو، و هاوسۆزبوونی هەندێ برادەری یەکێتی لەگەڵ گۆڕان تا ئاستی دەستبەرداربوون لەوەی کە سیستەمی پەرلەمانی تێزی یەکێتییە و دۆزینەوەی هاوبەشی وەک گۆڕان بۆی، زۆر لە هاوکێشەکانی ئاوەژوو کردەوە، بەرادەیەک کار گەیشتە ئەوەی باس لە یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان دەکرا و پەیوەندی و سەردانەکانی نێوانیان وەک کوورە گەرم بوو، زۆر کەس خەونی گەورەیان لەسەر بنیات نا، بە تایبەتی بنکەی جەماوەری هەردوولا ئومێدی زۆریان بەم نزیکبوونەوەیە هەبوو.

جەولەیەکی دیکەی دانوستاندنەکانی ئەم دواییەی یەکێتی نیشتمانی کە لەگەڵ لایەنەکان دەستی پێکردەوە و کۆبوونەوە هاوبەشەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و راپۆرتەکەی کەناڵی KNN و وەڵامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و وتارە یەک لەدوای یەکەکانی هەڵسوڕاوانی گۆڕان دژی یەکێتی، خەریکە ئەم پەیوەندییانەی نێوان گۆڕان و یەکێتی تێکدەدات و وەک جاران بەرەو شەڕی راگەیاندن دەڕۆنەوە.

ئەوەی زۆر لای من سەیرەو دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، هەڵوێستی هەندێ برادەری گۆڕان و ئۆرگانە میدیاییەکەیانە، بەجۆرێک هەر کاتێک هەڵوێست و بۆچوونەکانی یەکێتی لە گۆڕانەوە نزیک بێ، ئەوا یەکێتی لە بەرەی گەلە و هەر هەنگاوێکی تری پێچەوانەی ئەوە رێک یەکێتی دەخاتە بەرەی دز و گەندەڵکاران و مافیاکانی کوردستانەوە.

گەرەکمە بپرسم و عەودالّی وەڵامەکەشم، ئەرێ هیچ یەکێکتان رۆژێک بینیوتانە لەبارەی کۆبوونەوەکانی پارتی و گۆڕان (بەتایبەتی ئەو کاتانەی بەیەکەوە دەیانگوت ئێکەتی نەماوە) راگەیاندنی یەکێتی راپۆرتێکی بێ بنەما بکات و گۆڕان بەوە تۆمەتبار بکا کە چووەتە بەرەی دز و گەندەڵکاران، یان دژی خواستی ئەم میللەتەیە؟ ئەی گۆڕان بۆ وا دەکا؟ دەبێ برادەرانی گۆڕان لێیان تێکچووبێ یان نەزانن کە یەکێتی حیزبێکی جیایە لەوان و هەرگیز نابێ نە وەک ئەوان و نە وەک پارتی بیر بکاتەوە.

لە بەرامبەر ئەو هەموو هەڵمەتەی برادەرانی گۆڕان و تاوانبارکردنی یەکێتی بە زۆر شت، ئەوەی سەیرە راگەیاندنی یەکێتی و کادیرانی یەکێتین کە زۆر بێدەنگن و نایەنە وەڵام، یان دەتوانم بڵێم راگەیاندنی یەکێتی نەیتوانیوە وەک راگەیاندنی گۆڕان بەهێز و کاریگەر بێ کە بێگومان ئەمەش کێشەیە و دواجار بە زەرەری یەکێتی کۆتایی دێ.

ئەوەی گەرەکمە لە کۆتاییدا بیڵێم، ئەوەیە وەک چۆن تا ئێستاش جەلالی و مەلایی ماوەو هەر بەردەوامە، بە بڕوای من هەرگیز یەکێتی و گۆڕان ناتوانن ببنەوە بە یەک هێز و یەک بیروبۆچوونیان هەبێ لە بارەی بابەتەکان، بۆیە نزیکبوونەوەی هەردوولایان لەیەکتر بە ئامانجی بەکارهێنانی ئەوی دیکە بووە لە دژی نەیارەکەی، بە تایبەتیش برادەرانی گۆڕان ویستیان بە پارتی بڵێن کە ئێمە و یەکێتی بەیەکەوە دەتوانین زۆر شت بکەین و ئێوە دووربخەینەوە لە شتەکان، (لە راستیدا ئەگەر راشکاوانە یەک مەبەست و ئامانجیان هەبووایە دەیانتوانی زۆر شت بکەن، بەڵام بەداخەوە وادەرنەچوو).

ماوەتەوە بڵێم ئەوانەی تا دوێنێ خەونی گەورەیان لەسەر یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بنیاتنابوو، ئەمڕۆ خەونەکەیان نەزۆک بوو، چونکە هەر ئەو گۆڕانە بوو لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتدا تەنیا حەزی لەو وەزارەتانە بوو کە لای یەکێتی بوون و دەسەڵاتەکانی خۆشیان هەر لە دژی یەکێتی بەکاردەهێنا و ئەمڕۆش کە لەگەڵ پارتی لێیان قەوماوە و پەیوەندییان تێکچووە، دەیانەوێ یەکێتی بەکاربێنن و گەر یەکێتیش نەچێتە ژێر باریان، ئەوا دز و مافیا و خیانەتکارن، بێ ئاگا لەوەی هەر ئەو شوێنەی ئێستا یەکێتی کۆبوونەوەی لێ دەکا لەگەڵ پارتی، کاتی خۆی ئەوان لەوێ لەگەڵ پارتی پێکڤە دەیانگوت ئێکەتی نەماوە.



محەممەد حاجی کەریم
mehemedkerim@gmail.com

# زیانەکە هەر بۆ کوردە

شوباتی ساڵی رابردوو، بۆ دیدارێکی رۆشنبیری لە شاری ئامەد بووین، لە کۆی پانێلەکانی دیدارەکەدا، ناوی دەوڵەتی کوردستان و پێشمەرگە و گەریلا و بارزانی و تاڵەبانی و ئۆجەلان، بەردەوام دووبارە دەبوونەوە. ئازادانە رەخنە لە سیاسەتی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا دەگیرا. ئەم کەشەی لەوێ بینیم، وای لێکردم لە چەند برادەرێکم بپرسم، ئەرێ بەڕاست ئێرە تورکیایە؟!

ئەوە رێکلام نییە بۆ دەوڵەتێک کە خاوەن تۆمارێکی رەشە لە زوڵم و ستەم دەرحەق بە کورد، هەموومان کەم تا زۆر زانیاریمان لەبارەی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و نکۆڵیکردن لە بوونی میللەتێک بە ناوی کورد لەو وڵاتەدا هەیە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردی باکووری کوردستان، بە زۆر دەستکەوتی گەورە شاد بوون.

کورد لە هەڵبژاردنی 30ی ئاداری 2014 ی تایبەت بە شارەوانییەکان، بەناوی پارتی هەرێمی دیموکرات (BDP)، لەپتر لە سەت شارەوانیی شار و شارۆچکەدا، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەمەش ئیدارەی زۆربەی شارەوانی و دامودەزگاکانی حکومەت (جگە لە سوپا و پۆلیس)ی گرتە دەست. لە سایەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەدا، باکووری کوردستان پێی نابووە قۆناخی ئاوەدانی و ئارامی. وەلێ هەنووکە خەریکە هەموو ئەو دەستکەوتانەی بە ئاشتی و هەڵبژاردن بەدەستهاتن، بە شەڕ کۆتاییان دێت.

بەداخەوە تادێ کێرڤی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ئەو بەشەی کوردستان لە هەڵکشاندایە، بەو هۆیەوە ژیانی هاونیشتمانیانی کورد لەژێر هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەدایە.

هەروەک بەهۆی باری نائاسایی و شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی PKK، رۆژ بە رۆژ رەوشەکە خراپتر دەبێ. تا ئێستا پتر لە سەت و پەنجا هاونیشتمانی شەهید و سەتان بریندار هەیە. چوار سەت هەزار کەس ئاوارە و سەرگەردان بوونە، پرۆسەی خوێندن و خزمەتگوزارییە مرۆییەکان پەکیان کەوتووە. دەگوترێ زیاتر لە هەزار و پێنج سەت چالاکڤانی سیاسی و هاونیشتمانیی سڤیل لە زیندانەکانی ئەو وڵاتە ئاخنراون.

دەوڵەتی تورکیا لەو شەڕەدا، هەموو سنوورێکی هۆڤیانەی تێپەڕاندووە، تەنانەت دەست لە کوشتنی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەش ناپارێزێ. نکۆڵی لەوە ناکرێت ئەردۆغان چەند ساڵی رابردوو سیاسەتێکی کراوە و زیرەکانەی بەرامبەر کورد پەیڕەو کرد، بەڵام خەریکە مەیلی شەڕخوازانەی ئەم دواییەی ریسەکە دەکاتەوە خوری.

ئەوەی پەیوەندی بە کوردیشەوە هەیە، پێویستە بێ پرسیار تێنەپەڕێ و حەقە دان بەو غرووورە سیاسییەدا بنێین، کە پارتی دیموکراتی گەلان (HDP)، یان وردتر بڵێین PKK لە دوای تێپەڕاندنی بەربەستی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە 7ی حوزەیرانی 2015دا، تێیکەوت و دۆستانیشی تا پێیانکرا، هانیان دا بێ منەت بێ.

پرسیار ئەوەیە، ئایا HDP چ ئەنجامێکی لەو سیاسەتە دەستکەوت؟ یان ئەوانەی هانیان دەدا بە زمانی هەڕەشە و گوڕەشە بەرسڤی قۆناغەکە بداتەوە، چ ئاسۆیەکیان دەبینی و لە چ گۆشەنیگایەکەوە رەوشەکەیان دەخوێندەوە.

هەروەک لەو قۆناغەدا گوتاری بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، زۆر توندتر لە گوتاری PKK دەبینرا. وەلێ هەنووکە کە کار لە کار ترازاوە، پێچەوانەکەی دەبینین و لە ئاست ئەو هەموو خوێنڕژان وماڵوێرانییەی هاونیشتمانیانی باکووری کوردستاندا، کەمترین هەڵوێست و دەنگیان نابیسترێ.

هەروەک پێموانییە ئەوانەی دوێنێ هانی PKK یان دەدا بێ منەتانە مامەڵە بکات، لە دڵسۆزییان بووبێت بۆ ئەو حیزبە، پێشموانییە ئەوانەی ئەمڕۆش بە دروشم و گوتاری ئاگرین دەدوێن، یەک تۆزقاڵ خزمەت بە خودی PKK و خەڵکی سڤیلی ئەو بەشەی کوردستان بکەن. قسەیەک هەیە، ئەوەی لەشەڕ نەبێ شیری تیژە، هەڵبەت ئەوەی لەناو ئاگرەکەشدا نەبێ نازانێ ئازارەکەی چەند سەختە. کەس بە قەد کەسوکاری قوربانییەکان، یان خەڵکی ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ، هەست بە گەورەیی کارەساتەکە ناکات.

هەزاران قسەو دروشمی زل، دوو پوولی قەڵپ ناهێنێ. سیاسەتکردن لە دەرەوەی عەقڵ و لۆژیک، تەنیا ماڵوێرانی لێ چاوەڕوان دەکرێ. مەبەستی من نییە ئۆباڵی ئەو رەوشە بخەمە ئەستۆی PKK، بەڵام ئەوەی هەموو لایەک دەیزانێ، ئەوەی لەو رەوشە ئاڵۆزەدا زەرەرمەندە، دەوڵەت نییە، بەڵکو کوردی مافخوراو و بەشمەینەتە. سەت ئەوەندەی تریش پشێوی و خوێنڕژانی باکووری کوردستان، دەوڵەتی تورکیا ناگەیەنێتە قۆناغی چۆکدادان و کەوتنە ژێر باری داخوازییە رەواکانی گەلی کورد. بەداخەوە ئێستا لە تورکیا هیچ شتێک لە خوێنی کورد هەرزانتر نییە، بەرداشی شەڕ و پێکدادانەکان تەنیا کورد دەهاڕێ، ئاگرەکە بێ بەزەییانە هەژار و بێ دەرەتانی گوند و شارۆچکەکان دەکاتە ئامانج.

لەولایەشەوە، بەو پێیەی رۆژ بە رۆژ سیاسەتمەدارانی کورد دەخرێنە زیندان و دادگایی دەکرێن، ئایندەی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلی کورد، بێ مەترسی نییە. پێدەچێت دەوڵەتی تورکیا بەو واقیعە شادومان بێت، بە تایبەت لە کاتێکدا کە دەنگی دونیای دەرەوە لە ئاست ئەو هەموو تاوانانە، نابیستێت.

مادام لەم هەلومەرجەدا رژێمی تورکیا باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد نەماوە، ئەگەر PKK لەم شەڕەدا جددیە، باشتر وایە هەوڵ بدات پشێویەکە لە ناوچەکانی باکووری کوردستانەوە بگوازێتەوە نێوجەرگەی تورکیا و شارە گرنگەکانی و ناوەندەکانی بڕیار. ئاخر ناکرێ کورد تاکە قوربانیی شەڕەکە بێ و تورک و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتیش، سەلامەت لێیدەرچن.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گۆڕان خۆی دەکوژێت؟

1

بزووتنەوەی گۆڕان لە دامەزرانییەوە هەتا ئێستا بە سێ قۆناغ لە جیابوونەوە و تۆراندا تێپەڕیوە، بەڵام قۆناغی ئێستای مەترسیدارترین قۆناغە.

قۆناغی یەکەم ئەوکاتە بوو کە سەرکردە سیاسییە کۆنەکارەکانی ناو بزووتنەوەکە، لە سەرەتای شکڵگرتنی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی، لە دژی دەسەڵاتی ڕەهای ڕێکخەری گشتی قوت بوونەوە و پێیانوابوو کە بەو حاڵە ناتوانن هیچ بخەنە سەر خەرمانی حیزبی کوردی.

قۆناغی دووەم ئەوکاتە بوو کە بزووتنەوەکە تێکەڵی کاری پەرلەمانی بوو، ژمارەیەک گەنجی ناردە ناو پەرلەمان، بەڵام ئەو گەنجانە هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە ئیرادە و بڕیاری سیاسی لای ئەوان نییە و ئەوانیش بەشێکن لەو شانۆگەرییە سیاسییەی کە حیزبی کوردی لەسەر شانۆی پەرلەمان دەیکات.

قۆناغی سێیەم ئەوەی ئێستایە کە گۆڕان لەسەر دوو ئاستی نوێنەرایەتی و بەشداری لە حوکمڕانیدا تووشی قەیرانی ناسنامە بووە. ئەوەش وایکرد کە نائومێدییەکی گەورە ڕوو لە ڕێکخستنەکانی ناوخۆی و هەوادارانی بکات. داینەمۆی ناڕەزایەتییەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردوو و کۆچی گەنجان، بەشێکی زۆری نائومێدییە لە گۆڕان و هەر ئەوەش وایکردووە کە دەست لەکارکێشانەوەکانی ئەمجارە، پەیوەست بە توێژێکەوە (گەنج یان پیر) نەبن و لە ناوچەیەکی جوگرافیشدا قەتیس نەبن (ئەڵبەتە گۆڕان بە ناوچەگەری تۆمەتبار دەکرێت).

گۆڕان بزووتنەوەیەکی ڕەگداکوتاوی مێژوویی نییە کە توانیبێتی بچێتە ناخی ڕایەڵە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاوە، بۆیە بە ئاسانی ئەوانەی دەورەیان داوە دەتوانن لێی دوور بکەونەوە. مەرجیش نییە هەرکەس لە گۆڕان دوورکەوتەوە، خێرا خۆی بکات بە باوەشی پارتی و یەکێتیدا، چونکە هێشتا بەشێکی زۆری ناو گۆڕان لە ڕایەڵە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پێشووی خۆیان بە تەواوەتی نەپچڕاون و پێویستیان بەوە نییە کە حەتمەن دوای هاتنەدەرەوە لە گۆڕان خۆیان ساغ بکەنەوە لەسەر ئەوەی لەمەودوا لە کوێ و لەگەڵ کێ دەبن.

بەردەوامیی گۆڕان لەسەر ئەو ڕێبازە سیاسییەی ئێستای یان گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی سیاسەت (ڕاپەڕین و خۆپێشاندان) هێندەی دیکە گۆڕان گۆشەگیرتر دەکات. چونکە ئەو وەهمەی گۆڕان بۆ گەنجەکانی ئەو وڵاتەی دروست کرد، پتر لە جارێک ڕووخاوە و تازە وا بەئاسانی دروست نابێتەوە.

لە ژینگەیەکی وەکو کوردستاندا، ڕاپەڕین و ئینقلاب کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، حیزبی کوردی وا چووەتە ناو ناخی کۆمەڵگاوە کە ئەگەری هەڵگەڕانەوە لە خۆی نەهێشتووە و هەر هەوڵدانێک بەو ئاراستەیە، جگە لە شەڕی ناوخۆیی و خۆکوژیی سیاسی، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێت.

## یەکێتی پەتەکەی ڕاکێشا

2

ئەو بارودۆخەی ئێستا گۆڕان تێیکەوتووە، ئەگەر بەشێکی موسەببیبەکەی خۆی بووبێت، بەشەکەی دیکەی سیاسەتی یەکێتییە. یەکێتی، ئێستا لەسەر دوو ئاست، سیاسەت لەگەڵ گۆڕان دەکات و (سیاسەتیشی پێدەکات). ئەگەر بارودۆخی ناوخۆیی خۆی نەبێت، لەچاو ساڵانی ڕابردوو لە بەرامبەر گۆڕاندا، لە باشترین پێگەی سیاسیدایە. لەلایەک خەریکی ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی دیکەیە لەگەڵ پارتیدا و لەلایەکی دیکەش بە جەماوەرەکەی خۆی دەڵێ کە ئامادەیە لەگەڵ گۆڕانیش ببنەوە بەیەک.

سیاسەتی یەکگرتنەوە لەگەڵ گۆڕاندا، ئەگەر لای جەماوەری یەکێتی شتێکی ئاسایی و دڵخۆشکەر بێت، بۆ جەماوەری گۆڕان کە هەموویان مەرج نییە پێشتر یەکێتی بووبن، کارەساتە.

لە ڕاستیدا لە هەموو ئەو بەزمەی ڕووی دا، باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی بە هێمنی بەرەی لەژێر پێی گۆڕان دەرهێنا. گۆڕان کە پێیوابوو مەرگی یەکێتی نزیکە، وا لە خۆی بایی بوو کە بیەوێ تەحەکوم بە یەکێتیشەوە بکات و نەیتوانی ڕۆڵێکی هەبێ لە چارەسەری کێشەکانی یەکێتیدا. بە پێچەوانەوە، لاگیریی بۆ باڵی دەستڕۆیشتوو هەبوو.

یەکێتی ئیتر هیچ ترسێکی لە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتیدا نەماوە و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێ کە بەدیلی پارتی بۆ یەکێتی هەر پارتییە و ئەوەش مانای ئەوەیە کە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ گۆڕاندا ناکات، بگرە ئەگەر گۆڕان و سیاسییەکانی دەیانەوێ ڕۆڵیان هەبێ، دەتوانن بگەڕێنەوە ناو یەکێتی و لەوێ درێژە بە سیاسەت بدەن. چونکە لە حاڵەتی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نوێ لەگەڵ پارتیدا، مەعلوم نییە چ بۆ لایەنی دیکە دەمێنێتەوە کە یەکێتی لەگەڵیان بەشی بکات!

## شێخ نەمر مرد!

3

یەکێتی هەر دوو هەفتە خۆی پێڕاگیرا و ئاخیرەکەی کوڵی دڵی خۆی بۆ شێخ نەمری (مردوو) دەربڕی. چاوەڕێ دەکرا هەر دوای لەسێدارەدانی ئەو کابرایە لە سعودیە، یەکێتی بەیاننامەیەکی توند دەربکات یان گردبوونەوەی ناڕەزایی ڕێکبخات، بەڵام کە ئەوە سەری نەگرت، ئیتر لە میدیای خۆی قەسیدەیەکی بۆ هۆنیوەتەوە کە پیاو وادەزانێ بۆ شێخ مەحمود نووسراوە نەک بۆ کابرایەکی سعودیی شیعی!

ئینجا لایەنی تەنزی ئەو مەنەلۆجە ئەوەیە کە بە شانوباڵی شێخێکدا هەڵدەڵێن لە بەهاری عەرەبیدا و لە خۆپێشاندانەکاندا لە دژی ئالی سعود بریندار بووە و هەر بە تاوانی هاندانی خەڵک لە دژی حکومەتیش لە سێدارە درا. ناخودئاگا، دیمەنەکانی دوای 17ی شوباتی بەردەرکی سەرام کەوتەوە یاد کە ئاسایشی سەر بە یەکێتی بە دار و گۆپاڵ خۆپێشاندەرانیان بڵاوە پێدەکرد و ڕاوی خەڵکیان دەنا! بۆیە هەمان شێخ، ئەگەر لە کاتی ناڕەزایەتییەکان لە سعودیە نەبووایە و لە سلێمانی بووایە، دوور نەبوو چەند گۆپاڵێکی سۆسیال دیموکراتانەی باشی پێ بکەوێ!

خۆزگە میدیای یەکێتی جارێ و لە سووچێک هەر بۆ ناوی سوێندیش بێت، باسێکی لەو گەنجە خێرلەخۆنەدیوانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردبایە کە ڕۆژانە بە تاوانی کوردبوون لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە لەسێدارە دەدرێن، ئینجا قەسیدەی بۆ ئاخوندێک هۆنیبایەوە!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ترافیکی نێوان هەولێر و تاران

یەکشەممەی ڕابردوو ئێران لەگەڵ جیهان، بەتایبەتیش وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لاپەڕەیەکی نوێی هەڵدایەوە. لاپەڕەیەک کە حەسەن ڕووحانیی سەرۆک کۆمار ناوی لێنا "لاپەڕەی زێڕین". ساڵانی درێژ گەلانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان باجی پێداگیریی کۆماری ئیسلامییان دا لەسەر درێژەدان بە بەرنامەی ئەتۆمی، بەڵام لەپڕ ڕێککەوتن لەسەر سنووردارکردنی پەرەدان بەو بەرنامەیە بووە "لاپەڕەی زێڕین"! ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەو لاپەڕە زێڕینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، ئینجا لە باشووری کوردستانیش، چۆن دەبێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت؟

هەرچەندە هێشتا گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر ئێران بەتەواوەتی لانەچوون، بەڵام ئەوەندەی کە لە یەکشەممەی ڕابردووەوە لاچوون، بەسن بۆئەوەی ئەو دەوڵەتە ببووژێتەوە. بەپێی مەزەندەکان بڕی ئەو پارەیەی ئێران کە لە بانکەکانی ئەورووپا و وڵاتانی دیکە بلۆک کرابوون و سەرلەنوێ دەکەونەوە دەست تاران، لە 30 ملیار دۆلار تێدەپەڕێت. چەند مانگێک پێش ئێستا وەزیری خەزێنەی ئەمریکا بڕەکەی بە زۆرتر لە 50 ملیار دۆلار خەمڵاند، بەڵام دەوڵەتی ئێران ئەوە ڕەتدەکاتەوە و زۆرتر لە 30 ملیارەکە پشتڕاست دەکاتەوە. حەسەن ڕووحانی لەو کۆنگرە ڕۆژنامەڤانییەدا کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەستی، باسی ئەوەی کرد کە ئەو پارەیە بۆ "خزمەت"ی گەل و وڵاتی ئێران خەرج دەکرێت. بەڵام دیسان دیارنییە پێناسەی خزمەت چییە؟ چونکە ڕەنگە خزمەت گەیاندنی پارە و کۆمەکی سەربازیی زۆرتر بێت بە بەشار ئەسەد یان حیزبوڵڵای لوبنان یان حەشدی شیعە لە عێراق و هاوپەیمانانی دیکەی ئێران لە ناوچەکەدا، دەشکرێ خزمەت بریتی بێت لە باشترکردنی دۆخی ئابووریی وڵات و ڕەخساندنی هەلی کاری زۆرتر بۆ گەنجان، بە گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە.

قازانجێکی دیکەی هەڵدانەوەی لاپەڕە زێڕینەکە ئەوەیە کە ئێران دەستی ئاوەڵا دەبێت بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی. هەرچەندە هێشتاش ئەمریکا بەشێکی زۆر لە گەمارۆکانی سەر ئێرانی هەڵنەگرتووە و ڕێگەش نادات تاران نەوتەکەی بە دۆلار لە بازاڕەکانی جیهاندا بفرۆشێت، بەڵام بازاڕی فراوانی ئەورووپا و چین و ناوچەکانی دیکەی ئاسیا بەسن بۆئەوەی ئێران زۆر منەتی بە ئەمریکا نەبێت و مامەڵە لەگەڵ ئەو سیستەمە بانکییانەدا بکات کە هیچ مامەڵەیەکیان لەگەڵ سیستەمی بانکیی ئەمریکیدا نییە و بەهۆی مامەڵە لەگەڵ ئێرانەوە سزا نادرێن. زۆربوونی بەرهەمی نەوتی ئێران بۆ ئەم قۆناخە کە نەوت لە بازاڕدا زۆرە، دەتوانێت قەرەبووی کورتهێنانی بودجەی خەمڵێنراوی ئێران بکاتەوە کە تێیدا نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بە زۆرتر لە سەت دۆلار مەزەندەکراوە، ئەمەش وادەکات گوشاری دارایی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر ببێتەوە، بەڵام بۆ باشووری کوردستان کە گیرۆدەی دەردێکی دارایی گران بووە، نەک هەر باش نییە بەڵکو خراپیشە. هەڵبەت نابێ بەدبین بین و دەبێ ئەوە بزانین کە بەپێی لێکدانەوەی شارەزایانی بواری نەوت تاوەکو نۆ مانگی دیکەش ئێران توانای ئەوەی نابێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی زۆر بەرزبکاتەوە و کاریگەریی گەورە لەسەر بازاڕی جیهان دابنێت.

بە هەموو بارێکدا هەڵدانەوەی "لاپەڕە زێڕینەکە" بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان زۆر گرنگە و کاریگەریی ئابووری و سیاسی و ئەمنی لەسەر ئەو دوو بەشەی کوردستان دەبێت. بەو حوکمەی ئێران لەسەر پشتیوانیکردن لەسەر ئەسەدیش بەردەوام دەبێت، ڕۆژئاوای کوردستانیش پشکی خۆی لە کاریگەربوون بەو بووژانەوەیەی تاران بەردەکەوێت. بۆیە نابێ پێمان سەیربێت ئەگەر لە ڕۆژان و هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا ترافیکی گەورەی سەردانی سەرکردایەتیی باشووری کوردستان وەکچۆن لە هەولێرەوە لەسەر ئەنقەرەیە، ئاواش لەسەر تاران بێت. چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای هەڵدانەوەی لاپەڕە زێڕینەکە لە تازە ئازادبوویەک لە زیندان دەچێت کە خەڵکی دەرەوە لە ترسی زۆربوونەوەی کاریگەرییەکەی دەیانەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆشبکەنەوە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

## گومان لە بۆچوونەکانی من

# ئیسلامییەکانی کوردستان دیمۆکراتخوازن؟

بەدرێژایی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوو، هەمیشە ئیشکالیەتی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان و دیمۆکراسی، لە تەواوی قۆناغە جیاوازەکاندا ئامادەیی بەهێزی هەبووە و ئەم ئامادەییەش یەکێکە لەو "ئاندیکاتۆر/ئاماژانە"ی کە دەمانبەنەوە سەر گومانێکی چڕ لەسەر دیمۆکراتبوونی هێزە ئیسلامییەکان. لای بەشێکی گرنگ لە نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی، ئەوەی هەیە گومان نییە، بەڵکو یەقینە لەوەی کە هێزە ئیسلامییەکانی، نەک هەر کوردستان، بەڵکو هەموو دنیا، نەک هەر دیمۆکراتخواز نین، بەڵکو دوژمنی سەرسەختی دیمۆکراسیشن و لە هەر چرکەیەکدا بۆیان بلوێت، زیندەبەچاڵی دەکەن.

لێرەوە، ئەو ڕۆشنبیر و سیاسیە هەرە ناوازانەی کە وەک فیکر و حیزبایەتی هیچ ئینتیمایەکیان بۆ ئیسلامیزم نییە، کاتێک بە پێچەوانەی ئەم دەنگە باوە "ترادیسیۆنێلە" هەژمووندارەوە، تێزێکی دیکە بەرهەمدەهێنن و باس لە "گریمانە"ی ئامادەیی تۆڕی پەیوەندیی نێوان ئیسلامییەکانی کوردستان و دیمۆکراسی دەکەن، ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی زۆر توند نەفرەتیان لێدەکرێت و لە چەندین جێگاشدا وەک ناپاک و نابەرپرسیار پێناسە دەکرێن.

### وێناکردنی ئیسلامییەکان وەک بلۆکێکی یەکگرتوو

یەکەم هەڵەی ئەم نوخبە سیاسی و ڕۆشنبیرە لەوەدایە کە تەواوی ئیسلامییەکانی کوردستان (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، سەلەفییەکان، تەنانەت ڕادیکاڵەکانی وەک جوند، ئەنسار، کەتیبەکانی ئەلقاعیدە لە کوردستان، داعشە کوردییەکان و لای هەندێکیان ئەم لیستە دەگاتە مەلاکانیش) وەک بلۆکێکی یەکگرتوو، وەک سەمایەکی یەک ڕیتم، وەک سروودێکی هاوئاهەنگ دەخەنە سەر شانۆکان. لە خەیاڵدانی ئەم نوخبەیەدا، جیاوازییەکانی نێوان عەلی باپیر و سەلاحەدین بەهائەدین، بزووتنەوە و یەکێتی زانایان، داعش و عەلی قەرەداغی، موسەننا ئەمین و عەبدوللەتیف سەلەفی، هیچ نین جگە لە چەند جیاوازییەکی کارتۆنی و هەموویان پێکەوە هەڵگری "جەوهەرێکی" هەمیشەیی و نەگۆڕن. لەم خەیاڵدانەدا، نە مێژوو، نە جوگرافیا، نە ناوەندی کۆمەڵایەتی، نە بڕوانامە، نە زمان، نە کولتوور هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە بیناکردنی بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەم ئەکتەرە ئیسلامیستانەدا و هەموویان پێکەوە و لە جەوهەردا یەک بونیادی بیناکراوی ئایدیۆلۆژی ڕووت و قووتن، با خۆشیان وەک گرووپی جیاواز بەدەرەوە بناسێنن.

من پێموایە ئەم شوناسەی کە بە ئیسلامییەکان دەبەخشرێت، هیچ پەیوەندییەکی کۆنکرێتی بە واقیعەوە نییە، چونکە جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵ و یەکگرتوو هیچیان کەمتر نییە لە جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵ و یەکێتی، جیاوازییەکانی نێوان سەلەفییەکان و یەکگرتوو هیچیان کەمتر نییە لە جیاوازییەکانی نێوان پارتی و یەکگرتوو. بەشێوەیەکی گشتی، گرووپە ئیسلامییەکانی کوردستان، نەک هەر بلۆکێکی یەکگرتوو نین، بەڵکو چەند پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەیەک جیاوازن، ئەوانیش هێندە لەیەک جیاوازن.

### ئیسلامییەکان و دیمۆکراسی

کاتێک باس لە پەیوەندیی نێوان ئیسلامییەکانی کوردستان و پرسی دیمۆکراسی دەکەم، بەهیچ شێوەیەک دیمۆکراسی بەشێوەیەکی ڕەها وەرناگرم، بەڵکو باس لەو مۆدێلە لە دیمۆکراسی دەکەم کە لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا دروستیان کردووە. لەنێو ئەم دیمۆکراسیەدا هەزاران شتی "نادروست" جێگایان بووەتەوە، هەر لە جەنگی براکوژییەوە تادەگاتە دواخستنی هەڵبژاردنەکان، گەندەڵی، هەتککردنی یاسا، یاریکردن بە پیرۆزیی پەرلەمان، بێڕێزیکردن بەرامبەر بە نۆرمەکانی حکومەت و هتد.

ئاشکرایە کە دیمۆکراسیی کوردی تائێستاش بەشێوەیەکی زۆر ڕێژەیی، تەنیا لە ئاستی سیاسیدا کاردەکات و تا ئەم ساتەوەختەش هیچ ئامادەییەکی لەنێو رووبەری کولتووری و کۆمەڵایەتیدا نییە. بەزمانێکی سادە: دیمۆکراتیبوونی پارتی و یەکێتی و گۆڕان تەنیا لە ئاستی سیاسیدایە و ئەوەش بەشێوەیەکی تەواو ڕێژەییە و ئێمە هیچ داتایەکمان لەبەردەستدا نییە کە لەسەر ئاستی ماکرۆ، بمانباتەوە سەر ئامادەیی دیمۆکراسی کولتووری و کۆمەڵایەتی لای پارتی و یەکێتی و گۆڕان.

ئایا ئیسلامییەکانی کوردستان دیمۆکراتخوازن؟ گەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئیمتیحانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی دیمۆکراتبوونی ئەم گرووپانە بکەین، بە دڵنیاییەوە چەند پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەم ئیمتیحانە دەردەچن، یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوەش هەر ئەوەندە دەردەچن. واتە هیچکامیان دەرناچن. بەڵام گەر ئیمتیحانی سیاسی دیمۆکراتبوونیان بکەین، دیسان بەدڵنیاییەوە لەهەمان ئاستی پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا دەبن.

ئێمە هەڵەیەکی میتۆدۆلۆژی گەورە دەکەین، گەر یەکگرتوو بە حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسی و کۆمەڵ بە حیزبی کاری بەریتانی و بزووتنەوە بە یەکێتیی دیمۆکراسی مەسیحیی ئەڵمانی بەراورد بکەین، چونکە ئەو دیمۆکراسیەی کە هەر یەکێک لەم گرووپە سیاسیانە کاری تێدا دەکەن، تەواو جیاوازە لە دیمۆکراسیی کوردی. بۆ تێگەیشتن لە نزیکی و دووریی هەر یەکێک لەم گرووپانە لە دیمۆکراسیی کوردی، فەرمانی یەکەم بریتییە لە بەراوردکردنیان بە پارتی و یەکێتی و گۆڕان.

### کۆتایی

چەند پارتی و یەکێتی و گۆڕان، لەسەر ئاستی تیۆری، هەڵوێستیان بەرامبەر پرسی دیمۆکراسی ڕوونە، هێندەش لەسەر ئاستی پراکتیک لە دیمۆکراسیەوە دوورن. بەو مانایەی کە ئەم بزووتنەوانە، شەرعیەتی خۆیان لە دیمۆکراسییەوە وەردەگرن، بۆیە چاوەڕوانیی ئێمە لە هەر یەکێک لەو سێ حیزبە زۆر زیاترن لە دیمۆکراسیی سیاسی. هەروەها چەند یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە، لەسەر ئاستی تیۆری، هەڵوێستیان لە پرسی دیمۆکراسی ناڕوونە، هێندەش لەسەر ئاستی پراکتیک لە دیمۆکراسی سیاسییەوە، لە چاپە کوردیەکەیدا، نزیکن. بەو مانایەی کە هیچ یەکێک لەم گرووپانە شەرعیەتی بوونیان لە دیمۆکراسییەوە وەرناگرن، بەڵام لەهەمانکاتدا، بەگۆشت و ئێسقانیانەوە، تێکەڵ بەو مۆدێلە لە دیمۆکراسیی سیاسی بوون کە پارتی و یەکێتی و گۆڕان دروستیان کردووە.



عومەر عەلی غەفوور
omer88h@googlemail.com

# توندوتیژیی ئاینی بەچی بنبڕ دەبێ؟

ڕەنگە بەکارهێنانی دەستەواژەی (بنبڕ) بۆ دیاردەیەکی فرەڕەهەند و پاڵنەری وەک (توندوتیژیی ئاینی)، لە هەلومەرجی دەروونی و کولتووری و سیاسیی ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی کوردستانی خۆماندا، هەندێ حەدییەت و زیادەڕەویی نابابەتیانەی تێدا بێ، چونکە هەرچی- چ لەسەر ئاستی ئەمنی و چ لەسەر ئاستی فیکری- بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو توندوتیژییە بکرێ، لە باشترین حاڵەتدا دیاردەکە سنووردار و قەتیس دەکا، نەک بنبڕ و بەشی ئەوەندە خەڵک هەر دەمێنن بەو ڕەوتە سەرسام بن.

ڕاستیەکەی گرووپە سەلەفییە جیهادییە توندڕەوەکان تەنانەت لەو کاتەشدا کە لە ترۆپکی هێزی خۆیاندان، بە بەراورد بە کۆی موسوڵمانان کە ئەوان خۆیان بە نوێنەری خەون و خواستەکانیان دادەنێن، بگرە تەنانەت بە بەراورد بە بزاڤەکانی ئیسلامی سیاسیش کە لە بنەما فیکرییەکانی وەک سەروەریی شەریعەتدا هاوبەشن، کەمینەیەکی کەمن، بەڵام ئەو کەمینە کەمە توندوتیژە چەند قاتی هێزە ئیسلامییە مەدەنییەکان دەنگی لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان دلێرتر و هەژێنەرترە. بڕوانە ئیخوان موسلیمین کە بەدایکی بزاڤە ئیسلامیەکان دادەنرێ و نزیکی نەوەد ساڵە دامەزراوە (1928)، لق و پۆپ و ڕێکخستنی لە زیاتر لە حەفتا دەوڵەتدا هەیە و خاوەن دەیان و ڕەنگە سەدان ملیۆن ئەندام و کادیر و هەوادارە لە چین و توێژە جیاوازەکان، بەڵام ئوسامە بن لادن (1957–2011) و ڕێکخراوەکەی (قاعیدە) بە دە ساڵ و پاش ئەویش دەوڵەتە ئیسلامیەکەی ئەبوبەکر بەغدادی (داعش) کە لە هەناوی قاعیدە کەوتەوە بە دوو ساڵ، بەهۆی زەبر و زەنگ و توندوتیژییەکانیەوە سەت قاتی ئیخوان ناوبانگ و کاریگەرییان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان پەیدا کرد و دنیایان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، بەشێوەیەک خەریکە ئیتر وشەی (ئیسلامی) لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و ئیخوان و هاوشێوەکانی دەکا بەژێرەوە و ناچاریان دەکا: یان ڕێگەکەی ئەو بگرنەبەر، یان دەستبەرداری پرۆژە و نازناوی (ئیسلامی) ببن. بەتایبەت پاش ئەو زەبرە گەورەیەی ڕژێمەکەی عەبدولفەتاح سیسی لە ئیخوانی دایک لە میسر وەشاندی و لە پەلوپۆی خست، کە -وەک توێژینەوەیەکی سەنتەری کارنیگی ئاماژەی پێداوە- لەناو ئیخوانی میسردا ڕەوتێک لەنێو توێژی لاواندا لەدژی سەرکردایەتییە کۆنەکە سەری هەڵداوە و دەڵێن: پاش ئەو هەموو بێحورمەتیەی دەسەڵات ئیتر چ مانایەک بۆ ئاشتیخوازی و مەدەنیبوون و دروشمی (سلمیتنا اقوی من السلاح)ی ئیخوان دەمێنێتەوە؟

بەندە چەندین جار گوتوومە و دەشیڵێمەوە: لێدانی ئیخوان گەورەترین دیاری بوو دەسەڵاتی میسر پێشکەشی گرووپە جیهادییە توندڕەوەکانی کرد، چونکە دەنگی لەناو هەوادارانی ئیسلامی دلێر کردن و دەڵێن: "ئەها دەرکەوت نەهجەکەی ئێمە ڕاستە و ڕژێمە عەلمانییەکان قەت ڕێگە نادەن لەڕێی گەمەی دیموکراسیەوە بگەنە دەسەڵات".

ئەوەتا پاش دەرچوونی بڕیاری دادگایەکی میسر لە 2015/4/22 بەسەپاندنی سزای 20 ساڵ بەندکردن بەسەر مورسی و 12 سەرکردەی تری ئیخوان، ویلایەتی (سینا)ی سەر بە داعش لە تۆمارێکی ڤیدیۆییدا بەناونیشانی "ئەی خەڵکی میسر شکۆی جیهاد یان زەلیلیی ئاشتیبوون" دەڵێ، ئیخوان باجی سیاسەتەکەی لە (لادان لە بەرنامەی خوا و کفرنەکردن بە دیموکراسی) دەدا و تا نەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕێگەیە لەو زەلیلییەی بەردەوام دەبێ.

هەربۆیە تا داعش سەرکەوتنی زیاتر لەسەر زەوی تۆمار بکات، جەماوەری زیاتر دەبێ و بەپێچەوانەیشەوە، چونکە کەسانێکی پاشخان ئاینیی زۆر هەن ئەو سەرکەوتنانە دەبەستنەوە بەو دەقانەی قورئان و حەدیسەوە کە باس لە (سەرخستنی موجاهیدان) دەکەن، بەتایبەت کە داعش زیرەکانە تەوزیفیان دەکا، لەبەرئەوە بەبڕوای خۆم ئەگەر خوانەخواستە داعش دەرفەتی بۆ بڕەخسایە و بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستانی بگرتایە، ئەو گەلەکۆمە نێودەوڵەتییە لەدژی نەبووایە و ئەو زەبر و شکستە گەورانەی تووش نەهاتایە، ڕەنگە ژمارەی ئەوانەی لە کوردستانەوە دەچوونە ناوی لەباتی ئەوەی 500 کەس بن، ببوونایە بە هەزار یان دوو هەزار کەس و ڕەنگە زیاتریش. لە دەمەتەقێی سەرپێییدا لە چەندین کەسم بیستووە دەیانگوت: ئەگەر داعش لەگەڵ خوا ڕاست بکەن خوا تەوفیقیان دەدا!

بەڵام بەدەر لە کاریگەریی ئەو پەرەسەندنە بابەتی و مەیدانیانە لەسەر هاندانی لاوان بۆ چوونە ناو ئەو جۆرە گرووپانە، پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ بە شکاندن یان لەقاڵبدانی داعش لەڕووی سەربازییەوە کۆتایی بە مەترسی بیری توندڕەوی و توندوتیژیی ئاینی دێ؟ یان نەخێر داعش و هاوشێوەکانی تەنیا دەرکەوتەیەکن لە دەرکەوتەکانی کەلەپوور و کولتوورێکی ئاینی کە هاوشێوەی ئەمڕۆ، سبەی و دووسبەیش لە باریدایە هۆشی باوەڕدارانی سادە بە ڕق و توندوتیژی گۆش بکات و چەندین کۆپی وەک داعش و دەشێ لەو ڕادیکاڵتریش بەرهەم بێنێ؟

وردکردنەوەی ئەم بابەتە لە وتارێکدا مەحاڵە -بەندە لە کتێبێکی نوێدا بەناونیشانی (ئاین و توندوتیژی) کە ئومێد وایە بەم نزیکانە چاپ ببێ، بەچڕی لەسەری وەستاوم- بەڵام هێندە دەڵێم ئێمە خاوەنی کەلەپوورێکی فیکری و فیقهیی ئاینین کە پایە سەرەکییەکانی لانیکەم هەزار ساڵ لەمەوپێش داڕێژراون و ڕەنگ و بۆی سەردەمێکیان پێوەیە کە سەردەمی فتوحاتی سەربازی و زەبر و زەنگی نێوان هێزە ئاینی و مەزهەبی و سیاسیەکان بووە و چەمکەکانی زادەی ئەو هەلومەرجە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازییەن، کە بەداخەوە بەلۆکی وەک خۆیان، لە بەرگێکی پیرۆزدا بەناوی کەلەپووری (سەلەفی ساڵح) بۆ ئەم سەردەمە گوازراوەتەوە و ناوەندە ئاینییە جۆراوجۆرەکان، چ سیاسی، چ ڕەسمی و چ ناوەندە تەقلیدییە ئاینییەکان، وەک زانستی شەرعی نەوەی نوێی پێ پەروەردە دەکەن. ئەو کەلەپوورە هیچ چاکسازییەکی جەوهەریی تێدا نەکراوە، ڕەنگە لێرە و لەوێ ئیخوان یان گرووپە هاوشێوەکانی یان ناوەندە ئاینییە ڕەسمی و تەقلیدیەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەم هەندێ وردە گۆڕانکارییان کردبێ، وەک قبووڵکردنی گەمەی دیموکراسی، بەڵام پرۆژەیەکی سەرتاسەری و جەوهەری بۆ ڕەخنەلێگرتن و تێپەڕاندنی ئەو کەلەپوورە فتوحاتی و شمولییە تا ئێستا لەدایک نەبووە، هەر لەبەرئەوەیە، هەر مرۆڤێکی پابەند بە ئاینەوە، گرنگ نییە ئیسلامی بێ یان نا، دەگونجێ کاندید بێ بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بەرەو توندوتیژی بڕوا، چونکە کتێبە فیکری و فیقهییە ئاینییەکان ئەو نەفەسەیان تێدا بەرچاوە و دەقی مەترسیداریان لەوبارەوە تێدایە، کە ئەگەر ئەو دەقانە لە هەلومەرجی ئاشتی و ئارامیدا وەک ماری خەوتوو بن، ئەوا لە هەر هەڵکەوتەیەکی لەباردا ئەکتیڤ دەبن و مرۆڤێکی زبر و توندوتیژ بەرهەم دێنن. لێرەوەیە زۆر جار بەندە لە هەندێ دەمەتەقێ لەگەڵ نەیارانی ڕەوتی ئیسلامی کە ڕەخنە لە توندوتیژیی بزاوتە ئیسلامییەکان دەگرن، دەڵێم: "ئەو بزاڤانە زیاتر لەوەی جەللاد بن، قوربانین، قوربانیی کەلەپوورێکن کە ئەوان بەسادەیی و دڵسافی و بەهیوای خواناسین و خوا لەخۆ ڕازیکردن خۆیانی پێ دەسپێرن، بەڵام ئەو چەواشە و زایەیان دەکا".

بەبڕوای بەندە ئەگەر مەترسییەک لە گرووپە ئیسلامییە میانڕەوەکان، یان دامەزراوە ئاینییە تەقلیدیەکان کە زۆرجار دەسەڵاتە عەلمانییەکان خۆیان پاڵپشتی دەکەن، هەبێ، ئا لەم ڕوانگەوەیە کە ئەوانیش لە شتە ئیجرائییە ڕۆژانەکاندا گۆڕاون، بەڵام هیچ گۆڕانکاریەکیان لەوکەلەپوورە فیکرییەی کە سەرچاوە و مەرجەعی بیرکردنەوە و هەست و هۆشی ئاینییانە، نەکردووە.

هەربۆیە تاکە چارەسەری ریشەیی بۆ بنبڕکردن (یان لانیکەم لەقاڵبدان)ی توندوتیژیی ئاینی، بەرپاکردنی شۆڕشێکی بوێرانەی فیکرییە بەسەر ئەو کتێب و شێخانەی مێژوودا کە لە گۆڕەکانیان و لە پشت هەزار و ئەوەندە سەد ساڵەوە، حوکمی ئێمەی سەدەی بیست و یەک دەکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




# شاجوان دەبێتە بزنسمان

« 19


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات — نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 — ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی — Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 — rudaw@rudaw.net



